تصوير ابو عبد الرحمن الكردي

بنکەی توێژینەوە (٣)

وەرگێڕانی :
هێمن غەنی
مەروان کاکل

تەنگژەکانی تیرۆریزم

کۆمەڵێك نوسەر

تەنگژەکانی تیرۆریزم

بۆب چێرنۆ - ماپیۆ ج. مۆرگان
ئیریك هیرن - جیرالد هۆلتۆن
پاتریك هۆلیز- برووس هۆفمان

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

مەروان کاکل- هێمن غەنی

کوردستان — هەولێر
٢٠٠٦

- ناوی کتێب: تەنگژەکانی تیرۆریزم
- نووسینی: بۆب چێرنۆ و ئەوانی دیکە
- وەرگێڕانی: مەروان کاکل و هێمن غەنی
- نەخشەسازی ناوەوە: گۆران جەمال
- بەرگ: سەیوان
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- چاپی یەکەم: هەولێر ٢٠٠٦
- تیراژ: ١٠٠٠
- ژمارەی سپاردن: ٢٣٦
- نرخ: ١٥٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

بنکەی توێژینەوە
زنجیرەی کتێب - ٣ -

ناونیشان
دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی موکریانی
پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.com
ژمارەی تەلەفۆن : 2260311
www.mukiryani.com

ناوەرۆک

تیرۆریزم .... برووس هۆفمان ٥

بیرۆکەی تیرۆریزم و پیادەکردنی ..... بین دیستە.......................... ٣٥

سروشتی تیرۆریزم .... بۆب چێرنۆ.......... ٥٣

ئامرازەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمی داهاتوو .... ئێریك هێرن ٦٧

سەرچاوەکانی تیرۆری نوێ .... ماسیۆ ج. مۆرگان ٩١

ڕەنگدانەوەکان بۆ سەر تیرۆری هاوچەرخ...... جیراڵد هۆڵتۆن ١٢٥

تەنگژەکانی تیرۆریزم .... پاتریك هۆڵیز....... .... ١٤١

تیرۆریزم

برووس هۆفمان
و: هێمن غەنی – مەڕوان کاکڵ

تیرۆر، بڵاوکردنەوە و بەکارهێنانی ترس و تۆقاندنە بە ئامانجی بەدیهێنانی گۆڕانکاری سیاسی. هەموو کارێکی تیرۆریستی توندوتیژی یاخود هەڕەشەی بەکارهێنانی توندوتیژی لەخۆ دەگرێت. ئەم کردارە توندوتیژانەش لە لایەن ئەو کەسانەوە یان ئەو کۆمەڵە کەسانەوە ئەنجام دەدرێت نا حکومین و بەشێك نین لە هێزی چەکداری دەوڵەت، یان دەزگاکانی سەپاندنی یاسا، یاخود هیچ دامودەزگایەکی دیکەی حکومی.

هەوڵی تیرۆریستان تەنها بڵاوکردنەوەی دڵەڕاوکێ و ترس و تۆقاندن نییە، بەڵکو مەبەستیشیانە متمانە و باوەڕی هاوڵاتیان بە حکوومەت و سەرکردە سیاسییەکان لاواز بکەن لەو وڵاتەدا کە دەیکەنە ئامانج. پیادەکردنی تیرۆر لە بنەڕەتدا بۆ ئەوەیە بارێکی سایکۆلۆژی ترسناکی باڵا بەدەست بێت، ئەمە سەرەڕای ئەو قوربانیانەی ڕاستەوخۆ لە کردارە تیرۆریستییەکە دەکەونەوە.

تیرۆریستان مەبەستیانە گروپێکی بەرفرەوان لە خەڵکی دووچاری پەشۆکاوی و شپرزەیی بکەن، جا ئەو خەڵکە گروپێکی ئایینی بن یان ڕەگەزی، یان سەرانسەری وڵاتێك بە سەرکردە سیاسییەکانەوە یاخود تێکڕای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

بەگشتی گروپە تیرۆریستییەکان کۆمەڵە ئەندامێکی کەم و ژمارەیەکی کەم لە چەك و کەلوپەلی جەنگیان هەیە، بەشێوەیێکی بەراوردکارانە خاوەن سەرچاوەگەلێکی کەمی خۆڕێکخستنن! هەر لەبەر ئەم هۆیەشە هەوڵ دەدەن کردارەکانیان تا دواسنوور وێرانکەر، خوێناوی و، چاوەڕواننەکراو بێت و زۆرترین کاولکاری و قوربانی لەدوای خۆی جێبهێڵێت. تاوەکو بتوانن سەرنجی دەوروبەر و جیهان بۆ لای خۆیان و کێشەکەیان ڕابکێشن و، زۆرترین ڕووبەر لە چاپەمەنیەکاندا داگیر بکەن بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی زۆرترین ڕادەی دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لە دڵ و دەروونی خەڵکدا، چونکە گەر وا ڕەفتار نەکەن، ئەوا دەسەڵات و دەست ڕۆیشتوویی خۆیان لەدەست دەدەن.

تیرۆریزم چییە؟

دەستەواژەی تیرۆر بۆ یەکەمجار لە فەرەنسا بەکارهێنرا بۆ باسکردن و وەسفکردنی سیستەمێکی نوێی حکوومەت، کە لەسەروبەندی شۆڕی فەرەنسی (١٧٨٩ ـ ١٧٩٩) بنیات نرا.

ڕژێمی تیرۆر بە نیازی گەشەپێدانی دیموکراسی و چەسپاندنی حوکمی گەل بوو لە ڕێی لەناوبردن و بنبڕکردنی دوژمنەکانی شۆڕش و پاککردنەوەی شۆڕش لە نەیار و ناحەزەکانی. هەرچۆنێك بێت ئەو سەرکوتکاری و داپڵۆسینانەی پیادەکرا، لە دواییدا گۆڕا بۆ ئامرازێکی سەرکوتکردن بە دەستی دەوڵەتەوە. کە هەر لەوکاتەوە تیرۆر مانایەکی تەواو پێچەوانەی وەرگرتووە لەو مانایەی کە لەو سەردەمەدا باوبوو. هەرچۆنێك بێت وشەکە بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکار نەهێنرا تاکو سەدەی نۆزدەهەم کاتێك لەلایەن گروپێکی شۆڕشگێڕی ڕووسییەوە بە کارهێنرا بۆ وەسفکردنی ئەو چالاکییانەی کە دژ بە حوکمی تزارییەکان ئەنجامیان دەدا.

تیرۆریزم وەك ڕەفتارێکی سیاسی

تـیرۆر بەسروشـت چـالاکییەکی سیاسـییە، چـونکە ئـەم چـالاکییە هـەوڵی بەدەستهێنان و بەکارهێنانی دەسـەڵات دەدا لـە پێنـاو ملکەچپێکردنی کەسـانی دیکە بۆ داواکارییە تیرۆریستییەکان. کاتێـك هـەواڵی هێرشـێکی تیرۆریـستی لـە ڕۆژنامە و دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن بڵاودەبێتـەوە، ڕاسـتەوخۆ سـەرنجەکان بـۆ ئـەو ڕێکخراوە دەچن کە لە هێرشـەکە بەرپرسـیارە، ئەمـەش لـە بنەڕەتـدا بـەئامانجی بەدیهێنانی ئەو دەسەڵاتەیە کە پێشتر ئاماژەمان بۆکرد.

هەروەها ئەمە دەبێتە هۆی پەرەپێدانی ئەو بارو دۆخەی کە تیایدا ترس و دڵـە ڕاوکێ زاڵ دەبێت و تیرۆریستانیش دەتوانن کاریگەر بن. لە دەرەنجامـدا، باشـترین پێوەر بۆ سەرکەوتنی تیرۆر ئەوەیە کە تا چەند توانیویەتی سەرنج بۆ تیرۆریـستان و کێشەکانیان ڕاکێشێت، هەروەها تـا چ ئەندازەیـەك کاریگـەریی دەروونـی لەسـەر نەتەوەیەك و هاوڵاتیانی ئەو نەتەوەیە بەجێ دەهێڵێت. تیرۆر لـەم ڕووەوە جیـاوازە لەگەڵ چالاکییە جەنگییەکان، کە پێوەری سەرکەوتن تیایدا قەوارەی ئەو کەلوپەلە سەربازییانەیە کە تێکدەشکێنرێت و، ئەو ناوچە و هەرێمانەیە کە داگیر دەکرێن و، ژمارەی ئەو کوژراوانەیە کە لە ڕیزەکانی دوژمندا لەناو دەچن.

تیرۆریستان هەمیشە ئەوە دەکەنە پاساوی پەنا بردنە بەر توندوتیژی کە گوایـە ئـەوان هـەموو چـالاکییە سیاسـییە ڕەواکانیـان لێ قەدەغـەکراوە و تـیرۆر تاکـە ڕێگاچارەیە کە بیگرنەبەر. ئەگەر چی ئەوان بە دوودڵییـەوە یـاخود پەشـیمانییەوە ئەو ڕێگایەیان هەڵبژاردووە.

ئایا تا چەند ئەم پاساوە ڕاست و دروستە؟ ئەوە دەوەستێتە سـەر ئـەوەی ئایـا ئێمە هاوسۆزین لەگەڵ کێشەی تیرۆریستاندا یاخود هاوسۆزین لەگەڵ قوربانییەکانی تیرۆریستان، بە چەشنێك ئەوەی بەلای هەندێك کەسەوە بە تیرۆریـست دادەنرێـت،

هەندێ کەسی دیکە بە جەنگاوەری ئـازادی لـە قەڵـەمی دەدەن. لـە هەمانکاتـدا کـرداره تیرۆریـستییەکان کوشـتن و لـە نـاوبردن و ڕفانـدن و تەقاندنـەوە و ئـاگر تێبەردانیش دەگرێتەوە، کە بۆ ماوەیەکی درێژ لەلایەن هەردوو یاسـای نـاوخۆیی و نێودەوڵەتییەوە وەکو تاوان پێناسـە کـراون. تەنانـەت لـە کـاتی جەنگیـشدا ئـەو توندوتیژییەی بە ئەنقەست لە دژی هاوڵاتیانی بێ تاوان ئەنجام دەدرێـت بـە تـاوان دەژمێردرێت.

پێناسەی حکومەتەکان بۆ تیرۆریزم

هەرچەندە جیاوازی لە چۆنیەتی پێناسەکردنی تیرۆردا هەیە، بـەڵام پەرلـەمانی زۆرێك لە ولاتان تیرۆریان وەکو تاوان ناساندووە، بـۆ نموونـە لـە بـەریتانیا یاسـای کرداری تیرۆریستی بەم شێوەیە پێناسەی تیرۆر دەکـات: ((ئەنجامـدانی کردارێـك، یاخود هەڕەشەی ئەنجامدانی کردارێکە بە ئامانجی کارکردنە سەر حکومەت، یـان ترساندنی جەماوەر بە گشتی یان بەشێك لەو جەماوەرەیـە، لـە پێنـاو هێنانـەدی ئامانجێکی سیاسی، ئایدۆلۆژی، ئایینی....هتد)).

سیـستەمی یاسـاکانی بـەریتانیا کاریگـەری بەسـەر یاسـاکانی ویلایەتـە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کەنەدا و ئیسرائیلەوە هەیە. یاسای فیـدراڵی ویلایەتـە یەکگرتوەکانی ئەمریکا پێناسەی تـیرۆر دەکـات بـەوەی کـە بریتییـە لـە کـردارە توندوتیژەکان یان کردارە مەترسیدارەکان کە هەڕەشەن بۆ سەر ژیـانی مرۆڤـەکان، کەوا دیارە بۆ مەبەستی ترساندن و ناچارکردنی هاوڵاتیان ئـەنجام درابێـت تـا بـەو هۆیـەوە کاریگـەری بخەنـە سـەر سیاسـەتی حکوومـەت لـە ڕێگـەی ترسـاندن و تۆقاندنەوە، یاخود بۆ ئەوەی هەڵسوکەوتی حکوومەت بگۆڕن لە ڕێگـای کوشـتن و لەناوبردنەوە.

هەروەها یاسای دژە تیرۆری کەنەدی، چالاکی تیرۆریستی بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو: ((بریتییە لەو کردارەی لە بەشێك یاخود سەرتاسەری وڵاتدا ئەنجامدەدرێت بۆ مەبەستێکی یان هۆکارێکی ئایدۆلۆژی، ئایینی، یاخود سیاسی بە نیازی شپرزەکردنی ژیانی هاوڵاتیان لە ڕێگەی تێکدانی ئارامی و ئاسایشەوە. یاخود بە فشار خستنە سەر کەسێك، حکوومەتێك، یان ڕێکخراوێکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بۆ ئەوەی چالاکییەکی دیاریکراو ئەنجام نەدات جا ئەو کەسە ڕێکخراو یان حکوومەت لەناوەوە یاخود لە دەرەوەی کەنەدا بێت)). یاسای ئیسرائیلی پێناسەیەکی دیاریکراوی بۆ تیرۆر نەکردووە، بەڵام لە یاسای قەدەغەکردنی تیرۆری ژمارە (٣٣) دا ڕێکخراوی تیرۆریستی بەم شێوەیە پێناسە کردووە: ((قەوارەیەکە، چالاکییەکانی خۆی لە کرداری توندوتیژ و زەبروزەنگدا چڕکردۆتەوە بۆ کوشتن و بریندارکردن، یان هەڕەشەی بەکارهێنانی ئەم کردارە توندوتیژانە دەکات)).

هۆکارەکانی تیرۆر

سەرهەڵدان و بەردەوامبوونی تیرۆر بۆ چەندین هۆکاری جۆراو جۆر دەگەڕێتەوە، وەك هۆکاری ئابووری، سیاسی، مێژوویی، کۆمەڵایەتی، کولتووری یان ئایینی، یان کۆبوونەوەی هەندێك لەو هۆکارانە بەسەر یەکەوە ڕۆڵیان هەیە لە دروستبوون و مانەوەی تیرۆر.

هەندێك لە دەوڵەتان لە سەردەمێکی دیاریکراودا بە دەستی تیرۆر ناڵاندوویانە، وەکو ئیتاڵیا و ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات لە دەوری ساڵانی حەفتاکاندا. تیرۆری توندوتیژانە بۆ چەند دەیەیەك لەم وڵاتانەدا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەو هەڵکشان چووە پێش ئەوەی بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش بەرەو کزی و لاوازی بچێت. هەندێ

لە وڵاتانی دیکە، وەکو کەنەدا چەند ڕووداوێکی بچووك و پچڕپچڕی تیرۆریستی بەخۆوە بینیوە.

بە شێوەیەکی گشتی وڵاتە دیموکراتییەکان زەمینەیەکی لەبار بۆ تیرۆر دەڕەخسێنن بەهۆی سروشتی کراوەیی ئەم کۆمەڵگایانە، کە تیایاندا هاوڵاتیان خاوەنی چەند مافێکی بنەڕەتین، وەك ئازادی مەدەنی و پاراستنی یاسایی. هەروەها چاودێری و جڵەوکردنی حکوومەت لەسەر بیرکردنەوە و هەڵسوکەوتکردنی هاوڵاتیان لەم کۆمەڵگایانەدا بوونی نییە، بەڵام لە کۆمەڵگا سەرکوتکەرەکاندا کە تیایاندا حکوومەت لە نزیکەوە چاودێری هاوڵاتیان دەکەن و فشارێکی زۆریان دەخەنە سەر، کەشێکی سەخت بۆ تیرۆریستان سازدەبێت، ئەگەرچی هەندێ جار سیاسەتی حکوومەتەکە سیاسەتێکی تیرۆریستانە نییە، ئەمە سەرەڕای بەر تەسککردنەوەی ئازادییە مەدەنییەکان و قەدەغەکردنی ئازادی ڕادەربڕین و کۆڕ و کۆبوونەوە، هەروەك لە ڕۆژگاری حوکمڕانی تزارییەکان لە ڕووسیا و سەردەمی حوکمی کۆمۆنیستی کۆمارە سۆشیالیستەکانی یەکیەتی سۆڤیەتی پێشوو بەرچاو دەکەوت و ئێستاش لە کۆماری میللی چین و میانمار و لاوسدا بەرچاو دەکەوێت.

بە مانایەکی بەرفراوانتر ئەو هۆکارانە بەشێوەیەکی بەرچاو خەڵکیان ناچارکردووە تا بیرو هۆشیان بە تیرۆرەوە سەرقاڵ بکەن، ئەو ناعەدالەتی و نادادپەرەوەریەی کە لەئەنجامی سەرکوتکردنی سیاسی، بارودۆخی خراپی ئابووری، جیاکاری ڕەگەزی، چەوساندنەوەی ئایینی دەکەوێتەوە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەو نایەکسانییەی لە دابەشکردنی دەسەڵات و سەروەت و ساماندا هەیە، تیرۆریستان هەوڵی لادانی ئەو حکوومەتانە دەدەن کە بەشێوەیەکی دیموکراسی هەڵبژێردراون. لەساڵانی شەست و حەفتاکاندا گروپە تیرۆریستە چەپڕەوەکان بە هەندێ ئامانجی دیاریکراوەوە کاریان دەکرد، تا بە بۆچوونی خۆیان کۆمەڵگایەکی یەکسان بنیات

بنێن و بیکەن بە کۆمەڵگایەکی کۆمۆنیستی، چەکدارانی بادەر مینهۆفی ئـەڵمانی و سوپای سووری ئیتاڵی بەشێك بوون لەم گروپانە.

هەندێك گروپی دیکەی تیرۆریستی پێیانوابوو بە ئەرکێك هەڵدەستن کە لە لایەن خواوە فەرمانیان پێکراوە یان لـە ئاسمانـەوە ئیلـهامیان پێبەخـشراوە. کۆمەڵـەی (ئوم)ی ئاینیش لە یابان بەرپرسیار بوو لە هێرشکردنە سەر میترۆیەك لـە وڵاتـی یابان لە ساڵی ١٩٩٥ بە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی کە تیایـدا ١٢ کـەس بوونـە قوربانی.

بە ڕەچـاوکردنی جیاوازییـەکانیان هەنـدێك لـەو گروپانـە کۆمـەڵێك ئامـانجی بەرفراوانتر و گرینگتریان هەیە، وەك دووبارە بنیاتنانەوەی وڵاتی نەتەوەیەك، وەکـو جیاخوازەکانی هەرێمی باسك لە ئیسپانیا. یاخود ئامانجەکەیان دەبێتە یەکخستن و یەکگرتنـەوەی گـەلێکی پارچـە پارچـەکراو، کـە لـە ئامـانجی ناسیۆنالیـستی ئێرلەندییەکان لە ئێرلەندای باکوور بەدی دەکرێت.

لە کۆتاییدا، هەندێ لە تیرۆریستان چەند کێشەیەکی دیاریکراو دەبنە پاڵنەریان بۆ کارە تیرۆریستییەکان، وەك بەرهەڵستیکردنی یاسای لەباربردنی منداڵ، یـاخود بەرگریکردن لە ژینگە و مافی ئاژەڵان. ئەوان بە هیوان فشار بخەنە سەر حکومەت و ڕای گشتی تاکو داواکارییەکانیان لە یاسادا ڕەنگ بداتەوە.

چالاکەکانی بواری بەرگریکردن لە مافی ئاژەڵ لە هەڵمەتەکانیاندا بۆ ڕاگرتنـی تاقیکردنەوە پزیشکییەکان لەسەر ئـاژەڵان توندوتیـژی دژی زانایـان و تاقیگـەکان بەکاردەهێنن. بەرگریکارانی ژینگە زۆرێك لـە پرۆسـەکانی تێکـدان و لـەناوبردنی پایەکانی دەسەڵاتیان ئەنجامدا، بۆ نـاڕەزایی دەربـڕین دژی پیـسکردن و تێکـدانی ناوچەگەلێکی بەرفراوانی سروشت.

ئەو توندڕەوانەی بەرهەڵستی یاسای ڕێگەدان بە لەباربردنی منداڵ بوون هێرشیان کردە سەر بنکە تەندروستییەکان و هەڵسان بە کوشتنی ئەو پزیشك و کارمەندانەی لەو بنکانەدا کاریان دەکرد کە پرۆسەی منداڵ لەباربردنیان تیادا بەڕێوەدەبرا، بە ئامانجی ئەوەی مافی لەباربردنی منداڵ بەژنان ڕەوا نەبینن.

هەندێك لە حکومەتان بۆ هێنانەدی ئامانجە سیاسییەکانی دەرەوەیان کە پێیان دەوترێت حکومەتە لەیاسا دەرچووەکان پشتگیری تیرۆریستان دەکەن.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەم جیاوازییانە حکومەتە لە یاسا دەرچووەکان جۆرێك لە جەنگی نهێنی بەڕێوە دەبەن کە تیایدا حکومەتان لە ڕێی پشتگیریکردن و پاڵپشتی کردنی تیرۆرەوە درێژە بەم جەنگە نهێنییە دەدەن.

دەسەڵاتدارانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە ڕەسمی ئەو دەوڵەتانە دەخاتە لیستی دەوڵەتانی هاریکاری تیرۆر کە بەشێوەیەکی چالاك هاوکاری و پشتگیری تیرۆریستان دەکەن و، ئەوانەی داڵدەی تیرۆریستانیان داوە، ئەوانەی ئامادەنین دەست لە تیرۆر هەڵگرن وەك ئامرازێکی سیاسی.

هاوکاری ئەو حکومەتانە بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لەشێوەی دابینکردنی پارەوپوڵ و خەرجی و جێگەو زامنکردنی ڕێگەی گواستنەوەو هاتوچۆ بۆ تیرۆریستان کە بەم شێوەیە دەتوانن ڕێکخراوێکی بێ سەنگ و لاواز بگۆڕن بۆ ڕێکخراوێکی کاریگەری مەترسیدار.

دەسەڵاتدارانی ئیدارەی ئەمریکی هەندێك لە وڵاتانیان خستۆتە لیستی وڵاتە لە یاسا دەرچووەکان یان وڵاتانی هاریکاری تیرۆر، وەك ئێران، سوریا، سودان و، کۆریای باکوور. لەم لیستەدا ئێران وەك وڵاتێکی چالاك ناوی هاتووە لە بواری هاوکاریکردنی تیرۆردا چونکە هاوکاری و یارمەتییەکی زۆر پێشکەش بە گروپەکانی وەك (حزب الله)ی لوبنانی و حەماس و جیهادی ئیسلامی فەلەستین

دەکات، هەرچەندە حکوومەتی پێشووی ئەفغانستان پشتگیری بێ ئەندازەی ڕێکخراوی قاعیدەی دەکرد بە سەرکردایەتی ئوسامە بن لادن، بەڵام ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەو وڵاتەی لە لیستی وڵاتانی هاوکاری تیرۆر دانەنابوو، چونکە حکوومەتی تالیبانی بە حکوومەتێکی شەرعی لەقەڵەم نەدەدا.

زیادبوونی ئاست و سنووری هێرشە تیرۆریستییەکان

هەرچەندە ڕووداو و کارە تیرۆریستییەکان لە سەرانسەری جیهاندا و لەماوەی ساڵانی نەوەتەکاندا بەرەو کەمبوونەوە چوون، بەڵام ژمارەی ئەو قوربانییانەی کە لەو ڕووداوە تیرۆریستییانەدا کەوتوونەتەوە زیادی کردووە. واتە لە کاتێکدا تیرۆریستان چالاکییەکی کەم ئەنجام دەدەن، بەڵام بەشێوەیەکی کاریگەرانە و مەترسیدار کردارەکانیان کاولکاری و کوشتوبڕ لەدوای خۆی بەجێ دەهێڵێ. هۆکاری بنەڕەتی و سەرەکی بۆ باڵادەستبوونی ئەم جۆرە تیرۆرە، ئەو پاڵنەرە نامرۆڤانەیە کە لەپشت ئەو ڕووداوانەوەیە، هەروەك لە هێرشەکانی سەر بنکەی بازرگانی نێودەوڵەتی لە نیۆیۆرك و پنتاگۆن و ڤێرجینیا لە ١١ ی سێپتێمبەری (٢٠٠١)دا دەرکەوت. لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەو تیرۆرەی پاڵنەرێکی ئایینی لەپشتەوە بێت، سەردەکێشێت بۆ توندوتیژییەکی خوێناویتر و وێرانکەر تر، وەك ئەو توندوتیژییەی گروپە ئایینییەکان پیادەی دەکەن.

یەکێکی تر لەو هۆکارە سەرەکییانەی کە ڕۆڵیان لە زیادکردنی ئاست و سنووری هێرشە تیرۆریستییەکاندا بینیوە ئەوەیە کە تیرۆریستان هەلیان بۆ ڕەخساوە جۆرەها چەك بەکار بهێنن، هەر لە چەکی ئاساییەوە تا بەو چەکانە دەگات کە تەکنەلۆژیای بەرزیان دەوێت.

بۆ زیاتر لە سەدەیەك تیرۆریستان پشتیان بەو بۆمب و چەکانەوە دەبەست کە دەستیان پێ ڕادەگەیشت. دەربارەی ئەو چەکانەی کە تەکنەلۆژیای بەرزیان گەرەکە، بەڵگەی ئەوە هەیە کە ڕێکخراوی قاعیدە لە هەوڵی بەدەستهێنانی چەکی کیمیای و بایەلۆژی دایە، تەنانەت ڕێکخراوی (ئوم) ی یابانیش بەم چەکە لە ساڵی ١٩٩٥ دا هێرشێکی تیرۆریستی ئەنجامدا. ئێستا مەترسی ئەوە هەیە کە ئەو عەمبارە چەکە گەورانەی لە دوای ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە بە جێماوە، تیرۆریستان بتوانن لە بازاڕی ڕەشدا دەستیان کەوێت و بیکڕنەوە.

زیادبوونی هێرشە خۆکوژییەکان پەیوەندی بە زیادبوونی ژمارەی قوربانییەکانی کردارە تیرۆریستییەکانەوە هەیە. پەلامارە خۆکوژییەکان لە کردە تیرۆریستییەکانی دیکە جیاوازە، چونکە تیاچوونی کەسی خۆکوژ پێوەری سەرکەوتنی پەلامارەکەیە، واتە کەسی خۆکوژ بە پاڵنەرێکی بەهێزەوە و بە هەست و باوەڕێکی پتەوەوە خۆبەخشانە یان لەڕێی قەناعەت پێکردنەوە دەست لەژیانی خۆی هەڵدەگرێت و کۆتایی بەژیانی خۆی دەهێنێت. شەپۆلی پەلامارە خۆکوژییەکان لەساڵی ١٩٨١ لە بەیروت دەستی پێکرد، کاتێك گروپێك بەناوی ئەلدەوا ئۆتۆمبێلێکی مینڕێژکراویان بەکارهێنا بۆ تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی عێراق، ئەلدەوا ڕێکخراوێکی تیرۆریستی بوو، پێکهاتبوون لە شیعەکانی سەر بە ئێران، ئەم پەلامارە بووە مایەی کوشتنی ٦١ هاوڵاتی و بریندار کردنی زیاتر لە ١٠٠ کەس. لە ساڵی ١٩٨٣، بارهەڵگرێکی پڕ لە تەقەمەنی بۆ تەقاندنەوەی باڵیۆزخانەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بە کارهێنرا، کە کوژرانی ٤٩ کەس و برینداربوونی ١٢٠ کەسی لێکەوتەوە. کە بەدوایدا هێرشێکی تری خۆکوژی کرایە سەر بنکەیەکی سەربازی ئەمریکی کە ٢٤١ کەسی تیا کوژراو گروپێك بەناوی جیهادی ئیسلامی بەرپرسیارێتی خۆی لەم کارەدا ڕاگەیاند.

لــه ســاڵی ١٩٩٤ یــشدا هێرشــێکی خۆکــوژی مەڵبەنــدێکی کۆبوونــەوەی جولەکەکانی لە پایتەختی ئەرجەنتین لە بۆینس ئـایرس وێـران کـرد و بـووە هـۆی کوژرانی ٩٦ کەس. بەم دواییانەش هێرشە خۆکوژییەکانی ڕێکخـراوی قاعیـدە بـۆ سەر هەردوو باڵیۆزخانەی ئەمریکی لە کینیا و تەنزانیا لە سـاڵی ١٩٩٨ نزیکـەی ٣٠٠ کوژراوی بە دوای خۆی بەجێهێشت. هەروەها پەلامارە تیرۆریستییەکانی سەر بنکەی بازرگانی نێودەوڵەتی لە نیۆیۆرك و وەزارەتی بەرگری (پنتاگۆن) لـە سـاڵی ٢٠٠١دا بووە مایەی کوژرانی نزیکەی ٣٠٠٠ کەس.

تیرۆریستانی ئەمڕۆ مەبەست و ئامانجەکانیان کەمتر ڕوون دەکەنـەوە هـەروەك ئـەوەی تیرۆریـستانی پێـشوو دەیـانکرد، ئـەم ڕاسـتییەش ڕەنگدانـەوەی لەسـەر مەترسیداربوون و خەتەرناکی کردارە تیرۆریستییەکان هەیە، پێشتر تیرۆریستان نەك هەر بەیاننامەی ڕەسمیان بڵاودەکـردەوە، بـەڵکو هۆکـاری کردەوەکانیـان تیـا ڕوون دەکردەوە و بە شـانازیی و خـۆ هەڵکێشانیـشەوە باسـیان دەکـرد. ئەمـەش ئـەوە دەردەخات کە پێدەچێ توندوتیژی تەنها لە پێناوی توندوتیژی ئـەنجام بـدرێت. لـە لایەکی دیکەوە تیرۆریستانی ئەمڕۆ توندوتیژی وەك تۆڵەکردنەوە یان سزایەك پیادە دەکەن زیاتر لەوەی ئامرازێك بێت بۆ هێنانە ئـارای گۆڕانکـاری سیاسـی. کەواتـە کەمتر پێویستیان بە پاسـاوهێنانەوە دەبێـت بـۆ لایـەنگران و خـەڵکانی دەرەوەی گروپەکە.

خەسڵەتەکانی پەلامارە تیرۆیستییەکان

هەموو تیرۆریستان یەك خەسڵەتی هاوبەشیان هەیە کە هەرگیز هیچ کردەوەیەك ڕەمەکیانە و بی پلاندانان ئەنجام نادەن. هەموو تیرۆریـستێك دەیـەوێت ڕاگەیانـدن بەخۆیەوە سـەرقاڵ بکـات، چـونکە ڕاگەیانـدن یارمـەتی تیرۆریـستان دەدات لـە

بالادەستکردنی کەشی ترس و تۆقاندن کە بۆ سەرکەوتنی ئەوان پێویستە. بەو پێیە هەموو کردەیەکی تیرۆریستی بەوریایی و وردبینییەوە نەخشەی بۆ دەکێشرێت، بۆ نموونە کردەوەی تیرۆریستی دژی باڵیۆزخانەکانی ئەمریکا لە کینیا و تنزانیا لە ساڵی ١٩٩٨دا، دەرکەوت کە رێکخراوی قاعیدە نزیکەی پێنج ساڵ بوو سەرقاڵی نەخشەکێشانی ئەو پەلامارە بوو.

چەند رەگەزێکی سەرەکی پێویستن بۆ نەخشەداتانی کارێکی تیرۆریستی، وەك کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری لەسەر ئامانجە تیرۆریستییەکە. لە هەمانکاتدا دابینکردنی پشتگیری لۆجیستی و زامنکردنی جێبەجێکردنی ئەرکەکان. ئەم ئەرکانەش دابینکردنی چەك و کەلوپەلی پەیوەندیکردن دەگرێتەخۆ کە پێویستن بۆ سەرکەوتنی کردەکە. هەروەها ئامادەکردنی حەشارگە و، رێو شوێنی گواستنەوە بۆ گروپە تیرۆریستییە هێرشبەرەکە و، دابینکردنی رێگای دەرچوون و دەربازبوون بەشێکن لە نەخشە تیرۆریستییەکە.

هەموو گروپە تیرۆریستییەکان لە خەسڵەتێکی دیکەی بنەرەتیدا هاوبەشن، ئەویش ئەوەیە کە نهێنین و دوورن لە چاودێری دەسەڵات و چاوی بەکرێگیراوان و کارمەندانی دەزگا هەواڵگرییەکان لە ناو خەڵکدا. بۆ پاراستنی ئەو نهێنییە، گروپە تیرۆریستییەکان بەزۆری بە شێوەی چەند شانەیەك خۆیان رێکدەخەن کە تیایدا هەموو شانەیەك سەربەخۆیە لە شانەکانی دیکە، بەڵام هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوانیاندا هەیە، لەوانەیە شانەیەکی تیرۆریستی ئەوەندە بچووك بێت کە لە دوو ئەندام یان سێ ئەندام پێکهاتبێ، تیایاندا تەنها ئەندامێك یان ئەندامانی سەربە شانەیەکی دیکە دەناسن.

هەر لەبەر ئەم هۆیەشە تیرۆریستان ئەم شێوە ڕێکخستنە پەیڕەو دەکەن کە پەیکەرێکی هەرەمی هەیە، هەروەکو لەو گروپانەدا دەردەکەوێت کە بونیادی سەرکردایەتی لەسەرەوە بۆ خوارەوەی هەیە.

ئامانجەکانی تیرۆر

هاوڵاتیانی مەدەنی، زۆرترین ڕێژە لە ئامانجە تیرۆریستییەکان پێکدەهێنن، کە بووەتە مایەی دروستبوونی کەشێکی تۆقێن و ترسناك لە نێو کۆمەڵگەدا. هەندێك لە تیرۆریستان بە ئەنقەست لە هێرشەکانیاندا، ژمارەیەکی گەورە لە هاوڵاتیانی مەدنی دەکەنە ئامانج، بەڵام زۆربەی هێرشە تیرۆریستییەکان، کەسانی دیپلۆماسی و دەزگا دیپلۆماسییەکانی وەك باڵیۆزخانە و فەرمانگەو بنکە سەربازییەکان بە ئامانجی خۆیان هەڵدەبژێرن. جگە لەمانە دەزگا کارگێڕی و فەرمانگە هاوکارییەکانی وەك هۆکارەکانی گواستنەوە، کە هێڵی ئاسمانی و، فڕۆکەخانە و شەمەندەفەر و، وێستگەکانیان و، پاس و، تۆنێلەکان دەگرێتەوە، لەم هێرشانە بێ بەش نەبوون.

تیرۆریستان لە پێکانی ئامانجە نازیندووەکانی وەك باڵەخانە و شوێنەکانی دیکە مەبەستێکیان هەیە، لەم کارانەیاندا زیاتر دەیانەوێ سەرنجی گشتیی بۆ تیرۆریستان و کێشەکانیان ڕابکێشن لەوەی کە بەتەواوی وێرانکاری ئەنجام بدەن یان خەڵك بکوژن، هەرچەند وێرانکاری و کوشتن دەرەنجامی دوایی ئەم کردانەن.

لەگەڵ ئەوەی کە ژمارەی هێرشە تیرۆریستییەکان لە ساڵێکەوە بۆ ساڵێکی دیکە جیاوازە، بەڵام ڕاستییەك لە جیهانی تیرۆردا بە چەسپاوی ماوەتەوە کە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا تا ئێستا بووەتە زۆرترین ئامانجی تیرۆریستان. لە

ساڵی ١٩٦٨ ەوە، وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا هەمیشە لە پێشەوەی لیستی ئەو وڵاتانەوە بووە کە هاوڵاتیانی بەرەنگاری مەترسی کردە تیرۆریستییەکان بوونەتەوە.

جگە لەوەی کە ویلایەتـە یـەکگرتوەکانی ئـەمریکا گـەورەترین دەسـەڵاتداری جیهان و ڕابەری وڵاتانی ئازادە، چەند هۆکارێکی دیکەش لەدواوەی ئەم دیاردەیەوە هەن، کە بواری جوگرافی و، جۆراوجۆری بەرژەوەندی بازاڕی ئەمریکی لە دەریـا و، زۆری ژمارەی گەشتیاران و ئەوانەی لە دەرەوەی وڵاتدا کاردەکەن و، بڵاوبوونـەوەی بنکە سەربازییەکانی ئەم وڵاتە بە ڕێژەیەکی زۆر لە وڵاتانی جیهاندا، دەگرێتەوە.

داواکاری تیرۆریستان

داواکاری تیرۆریستان لە نێوان پرۆژەی گەورەی وەك بنیاتنانەوەی کۆمەڵگا بـە درێژایی هێڵە ئایدۆلۆژییەکان، بۆ ئامانجی دووری بـەر تەسـکتر، وەك ئـازادکردنی بارمتە لەپێناو پارە و بڵاوکردنەوەی چاپەمەنییەکان کە بانگهێـشتە بـۆ ئامـانجی تیرۆریستی دەکات، درێژ بۆتەوە. لـە حـەفتاکان و هەشـتاکانی سـەدەی ڕابـردوو، گروپی مارکسیست ـ لینینست ی وەك گروپی بادەر مینهۆف (کە دواتر ناویان بـۆ دەستەی بەرهەڵستکاری سوپای سوور گۆڕا) لە ئەڵمانیا و، لیوای سوور لە ئیتاڵیا، دەستیان بە ئەنجامدانی هەڵمەتێك کرد لـە پێنـاو بنیاتنانـەوەی کۆمـەڵگا بـەرەو هێڵەکانی کۆمۆنیست. بەڵام گروپە ئیسلامییە تیرۆریستەکان لە تەقەلا دابوون بـۆ بەرجەستکردنی حوکمی ئایینی توندڕەوی تیۆکراسـی (حـوکمی دەوڵـەت لـە ژێـر ڕێنمونی خوداوەند)، کە بریتی بوون لە ڕێکخـراوی قاعیـدەی ئوسـامە بـن لادن و گروپی ئەبو سەیاف لە فلیپین و گروپی چەکداری ئیسلامی لـە جـەزائیر. ئامـانجی هەندێ گروپی دیکەی تیرۆریستی لە چوارچێوەیەکی بەرتەسکتردا خۆی دەبینێتەوە، وەك دامەزراندنەوەی وڵاتێکی نەتەوەیی لە نێـو ئـەو وڵاتـەی کـە تێیـدا دەژیـن،

نموونەشیان بزووتنەوەی جوداخوازەکانی هەرێمی باسك لە ئیسپانیا. یان داوای یەکخستنەوەی گەلێکی دووبەشکراو دەکەن، کە لەلایەن ناسیۆنالیستە ئێرلەندییەکان لە ئێرلەندای باکوور خەباتی بۆ دەکرێت.

کاریگەری تیرۆر

هەرچەندە گروپە تیرۆریستییەکان لە بەدەستهێنانی ئامانجە ستراتیژییەکانیان سەرکەوتوو نەبوون، بەڵام توانیویانە هەندێ گۆڕانکاری مەعنەوی سیاسی ئەنجام بدەن. لە هەندێك باردا تیرۆریستان لە ئازادکردنی بەندکراوەکانیان و، تەنازول پێکردنی حکوومەتە بەرهەڵستکراوەکانیان، یان لە وەدەستهێانی دەستکەوتی مەعنەوی، سەرکەوتووبوون، کە ئەگەر وانەبوایە لەوانەیە پشتگوێ دەخران.

هەر لەدوای جەنگی دووەمی جیهان کە ئیمپراتۆریەتی بەریتانی و فەرەنسی لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا توایەوە، تیرۆر لە لایەن هەندێك بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی لە دژی کۆلۆنیالیستان پیادەکرا. وڵاتانی وەك ئیسرائیل، کینیا، قوبرس، جەزائیر سەربەخۆیی خۆیان بۆ بوونی ئەم بزووتنەوانە دەگەڕێننەوە.

نموونەکانی ئەم دواییەی (گێری ئادامس) و (مارتن ماکگیونیس) لە ئێرلەندا و، (یاسر عەرەفات) لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڕوونی بەڵگەی سەرکەوتنی تیرۆریستانی تیادا دەردەکەوێت. ئادامس، سەرۆکی باڵی سیاسی ئێرلەندییە کۆمارییەکان (IRA) و جێگرەکەی ماکگیونیس، هەردووکیان لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٧ سەرکەوتنیان بەدەستهێنا بۆ پەرلەمانی بەریتانی. عەرەفاتیش، وەك سەرۆکی ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی (PLO)، توانی ڕێکخراوەکەی بە جیهان بناسێنێ. ئەمانە توانیان لە ڕێگەی سەرکەوتنی کاتی و دەستکەوتی

سیاسیی ڕێکخراوەکانیان ئەوە بسەلمێنن کە چۆن زنجیرە چالاکی تیرۆریستی دەتوانێ سەرنجی جیهان بۆ کێشەی هەمیشەییان ڕابکێشێ.

زۆربەی گروپە تیرۆریستییەکان نەیانتوانیوە هیچ لە ئامانجە درێژخایەن و کورت خایەنەکانیان بەدەست بهێنن، ئەمەش بەڕوونی لە ماوەی ژیانی گروپە تیرۆریستییە نوێکان بە دی دەکرێت. بەگوێرەی ئامارێک (٩٠٪) گروپە تیرۆریستییەکان تەمەنی پێشبینیکراویان کەمتر لە ساڵێکە.

تیرۆریستان، لە ئامانجە جەماوەرییەکانیاندا، نەخشە بۆ تۆقاندنی ئاسایشی تاک دادەڕێژن کە دەتوانن بنیاتی دەوڵەت بڕوخێنن لە ڕێگەی تێکدانی کارو ژیانی ڕۆشنبیری و ئەو باوەڕە هاوبەشەی کە کۆمەڵگەی لەسەر بنیاتنراوە. دڵنیا نەبوون لەبارەی ڕوودانی هێرشە تیرۆریستییەکان لە چ کات و شوێنێك، ترس و دڵەڕاوکێ لەلایەن خەڵك دروست دەکات، سەرەنجامی ئەمەش خەڵك ناتوانێت هاموشۆی بازاڕ و شوێنە گشتییەکان و... هتد، بکات.

بۆچوونی خەڵك لەمەڕ مەترسی تاك، هەرگیز لەگەڵ دوورییە تێبینیکراوەکانی هەڕەشەی تیرۆریستان ناگونجێت. بەگوێرەی ئامارێك کە نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی بڵاوی کردەوە، لەماوەی نێوان ١٩٦٨ەوە تا ٢٠٠٠، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە هەموو وڵاتانی دیکە زیاتر بووەتە ئامانجی تیرۆریستان کە نزیکەی ١٠٠٠ هاوڵاتی ئەمریکی چی لەدەرەوە یان لەناوەوەی وڵاتدا بوونەتە قوربانی کردە تیرۆریستییەکان. کەچی لە هێرشەکەی ١١ی سیپتێمبەری ٢٠٠١، سێ ئەوەندەی ئەو ژمارەیە بوونە قوربانی. ئەمە ڕاستییەك دەردەخات کە درککردن بە کردە تیرۆریستییەکان هیچ نرخێك ناداتە بوونە قوربانی. لەگەڵ ئەوەشدا توانای تیرۆریستان بۆ خوڵقاندنی ترس و نانەوەی پەشێوی بەڵگەیە بۆ کاریگەری ئەوان لەسەر ژیانی ڕۆژانەمان.

بەگوێرەی سەرچاوە ڕەسمییەکانی حکومەتی کەنەدا، هیچ لیستێکی باوەڕپێکراو نییە بۆ بوونی ڕووداوی تیرۆریستی لەم وڵاتەدا. بەڵام بە پێی ئامارێکی ڕەسمی کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڵاو کرایەوە، ژمارەی ئەو کەنەدیانەی کە لەساڵی ١٩٦٨ەوە کوژراون، بە ٢٩٤ کەس دەخەملێنێ. لەم ژمارەیەدا ٢٧٩ هاوڵاتی کەنەدی لە کۆی ٣٧٩ کەسی دیکە لە ئەنجامی تەقینەوەی فڕۆکەیەك لە ساڵی ١٩٨٥ کە لە ڕێگەیدا لە مۆنتریال ـ کیوبیك، بۆ لەندەن دەچوو، بوونە قوربانی.

دژە تیرۆر

دەسەڵاتی یاسایی حکومەتان لەسەر دژە تیرۆر:

١ـ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:

وەزارەتی ئاسایشی نیشتمانی (DHS) لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە ساڵی ٢٠٠٢ بە هۆی یاسای ئاسایشی نیشتمانی دروستبوو، دەزگای بەرپرسی سەرەکییە لە تەقەلاکانی حکومەتی ئەمەریکا بۆ نەهێشتن و بەرپەرچدانەوەی تیرۆر. دروستبوونی ئەم وەزارەتە بەهۆی ئەو ڕەخنە و تێبینیانەوە بوو کە چۆن حکومەتی ئەمەریکا خۆی ڕێکخستووە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشە تیرۆریستییەکان. یاساکە دوانزە دەزگای حکومی لەم وەزارەتەدا یەکخستووە کە هەمان بەرپرسیارێتی لە نەهێشتن و بەرپەرچدانەوەی تیرۆر دەگرنە ئەستۆ. لەم دەزگایانەش: (پاسەوانانی کەنار، هێڵی نەوت، خزمەتگوزاری کۆچ و ڕەگەزنامە، بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی گواستنەوە). دواتر دەزگای بەڕێوەبردنی فریاگوزاری فیدراڵی (FEMA) بۆ ئەم بەشە گواسترایەوە بۆ ئەوەی لە بەرەنگاربوونەوەی کردە تیرۆریستییەکاندا هاوکاری بکات.

هەرچەندە (DHS) زۆربەی دەزگاكانی دژە تیرۆری حكومی یەكخست، بەڵام هەندێكیان لە دەرەوەی ئەم بەشەدا مانەوە، وەك دەزگای جێبەجێكردنی گەورەترین یاسای نەتەوەكان و نوسینگەی لێكۆڵینەوەی فیدراڵی (FBI) كە ئەمەی دوایی بەرپرسیارێتی لێكۆڵینەوەی كارە تیرۆریستییەكانی كەوتە ئەستۆ.كەچی دەزگای موخابەراتی ناوەندی (CIA) زانیاری دەربارەی تیرۆر لە وڵاتانی بیانی كۆدەكاتەوە. دەزگاكانی دیكەی حكومەت كە پەیوەندارن بە پرۆسەی دژە تیرۆر، وەزارەتەكانی (ڕاگەیاندن، بەرگری، داد، تەندروستی، هاوكاری و مرۆڤایەتی، گواستنەوە، كشتوكاڵ، بازرگانی، دارایی، ئاگركوژێنەوە، تەقینەوە، ناوەكی، پاراستنی ژینگە) دەگرێتەوە

٢- كەنەدا:

- دەزگای موخابەراتی ئاسایشی كەنەدی (CSIS) سەرەكیترین دەزگایە كە بەرپرسیاریەتی ئاسایش و موخابەرات (دژە تیرۆر) لە كەنەدا دەگرێتە ئەستۆ. ساڵی ١٩٨٤ لەمیانەی ئەو گرنگیانەی كە حكوومەتی كەنەدا لە بواری هێزی چاودێری بە (CSIS) یدا، دەزگایەكی دیكەی دامەزراند كە بەرپرسیارێتی سەرەكی كاركردنە وەك دەزگایەكی سەربەخۆ بۆ لێكۆڵینەوە لەو ڕەخنە و گازاندانەی كە ئاراستەی (CSIS) دەكرێن.

- فەرمانگەی گشتی پارێزەران چاوەدێری ڕەوشی بەرەوپێشچوونی فڕۆكەخانەكان دەكات لەپێناو باشتركردنی جێبەجێكارییەكانی تەكنۆلۆژیا تیایاندا، كە بە مەبەستی دژە تیرۆر پەرەی پێدەدرێت.

- پۆلیسی پاشایەتی كەنەدی دەزگایەكی دیكەیە كە بۆ جێبەجێكردنی یاسای نیشتمانی لە كەنەدا كاردەكات و، هێز و توانای بەدواداچوون و دەستبەسەراگرتنی ئەو بەڵگەنامانەی هەیە، كە پەیوەندییان بە تاوانە تیرۆریستییەكانەوە هەیە.

ڕێگاکانی دژە تیرۆر

بەهۆی مەترسی لە ڕادەبەدەری تیرۆریستان کە ئێستا لە ئارادایە، زۆربەی حکومەتەکان هێزی فرەوانی گرتن و دەستگیرکردنیان بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەخشیوە. ئەم هێزانە بەشێوەیەکی گشتی کاتین و مەبەستیان دەستگیرکردنی تیرۆریستان و دوورخستنەوەی مەترسی توندڕەوەکانە لە کۆمەڵگا، لە هەمانکاتدا دوورکەوتنەوەش لە سەپاندنی کاری نادادپەروەرانە کە ڕەنگە ماف و ئازادییە مەدەنییەکان پێشێلبکات.

بەریتانیا، نموونەیەکی باشە کە وەك وڵاتێکی دیموکرات ئەم هێزانە بە فراوانی بەکار دەهێنێ. لە ساڵی ١٩٧٣ ەوە تا ئێستا ئەم وڵاتە ٣ یاسای سەربەخۆی دارشتووە کە ڕێگە بە ڕاپەراندنی کارەکان دەدات لە دەرەوەی دادگا. ئەمانیش بریتین لە یاسا یەك بەدواییەکەکانی ئێرلەندای باکوور. یەکەم یاسا لە ساڵی ١٩٧٣دا مۆرکرا، یاسای قەدەغەکردنی تیرۆر لە ساڵی ١٩٧٥ و، یاسای تیرۆر لە ساڵی ٢٠٠٠ دارێژران. ئەم یاسایانە پێویستە لەلایەن پەرلەمانی بەریتانی پێداچوونەوەی بۆ بکرێت و ڕەزامەندی لەسەر بدرێت لەسەر بنەمایەکی ڕێکوپێك کە تیایدا بە شێوازی جیاواز ڕێگەدراوە بە هێزی پۆلیس بۆ دەستگیرکردن و زیندانی کردنی ئەوانەی گومانی تیرۆریستیان لێدەکرێت.

دژە تیرۆری نێودەوڵەتی

هاریکاری نێودەوڵەتی بۆ دژە تیرۆر لە ڕووی مێژووەوە تۆمارێکی ڕێکی نییە. هەوڵە هاریکارییە نێودەوڵەتییەکان لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیست چەند ڕێکەوتنامەیەکی جیاوازیان دژی ڕفاندنی فڕۆکە مۆرکرد، کە بریتیبوون لە کۆنگرەی (هاجی) بۆ دەست بەسەراگرتنی نایاسایی فڕۆکە لە ساڵی (١٩٧٠) و،

هەروەها کۆنگرەی (مۆنتریال) بۆ دامرکاندنەوەی کردە نایاساییەکان دژی سەلامەتی فڕۆکەی مەدەنی. بەردەوامبوونی هەوڵەکان وایانکرد کە ئەم پەیماننامانە فرەوان بێت و باوەش بۆ کۆمەڵێك ڕێکەوتنامەی دژە تیرۆری نێودەوڵەتی دیکە بکاتەوە. بەگشتی هیچ لەم تەقەلایانە سەرنەکەوتن بەهۆی کۆك نەبوونی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی لەسەر دارشتنی پێناسەیەك بۆ تیرۆر.

ڕووداوە نوێیەکانی جیهان پێشبینی بەرەو پێشچوونی گەورە دەکەن لە جیدییەتی هاریکاری نێوان حکومەتەکان بۆ جەنگان لە دژی تیرۆر. بەر لە ڕووداوی ١١ ی سێپتێمبەری ٢٠٠١، نەتەوە یەکگرتووەکان چەند هەنگاوێکی گرنگی نا لەمەڕ سزادانی بزووتنەوەی تاڵیبان لە ئەفغانستان، کە پارێزگاری لە ئوسامە بن لادن دەکرد.

بڕیارەکانی ١٢٧٦(١٩٩٩)، ١٣٣٣(٢٠٠٠) و، ١٣٦٣(٢٠٠١) ی ئەنجوومەنی ئاسایش سزای سەپاندە سەر بزووتنەوەی تاڵیبان بەهۆی داڵدەدانی ڕێکخراوی قاعیدە و دانەخستنی کەمپەکانیان لە ئەفغانستان. ئەم بڕیارانە گۆڕانکارییەك لە هەڵوێستی نێودەوڵەتی بەرانبەر بە تیرۆر نیشاندەدات. ئەمە هاوکاتە لەگەڵ پابەندبوون بە پەراوێزکردنی ئەو وڵاتانەی کە پەیڕەوکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان ڕەتدەکەنەوە.

هەر ڕۆژێك دوای هێرشەکەی ١١ی سێپتێمبەر، نەتەوە یەکگرتووەکان چاکسازی لە یاسای ١٣٦٨ دا ئەنجامدا. تیایدا جەختی لەوە کردەوە کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە هەموو شێوازێك لە دژی مەترسی کردەی تیرۆریستی بۆ سەر ئاسایشی نێودەوڵەتی دەجەنگێ. دوو هەفتە دواتر یاسای ١٣٧٣ ی ئەنجومەنی ئاسایش چاکسازی تیادا کرا کە داوای نەهێشتن و دامرکاندنەوەی تیرۆری کرد.

مێژووی تیرۆر

سەرەتاکانی تیرۆر

٢٠٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا یەکەم کردە، کە ئێستا پێیدەڵێن تیرۆر لەلایەن خێڵی توندڕەوی (زیلۆتس) (Zealots) ئەنجامدرا، کە گروپێکی جولەکەی چالاک بوو لە ماوەی سەدەی یەکەمی پێش زایین. ئەم گروپە بەرهەڵستی یاساکانی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی (فەلەستینی ئێستا)ی کرد بە شێوازێکی تایبەتی کە کوشتن و تیرۆرکردن لە پێشەوەی هەموو کردارەکانیان بوو. جەنگاوەرانی زیلۆتس بۆ هێرشکردنە سەر دوژمنەکانیان خەنجەرێکی سەرەتاییان بەکاردەهێنا کە (سیکا)یان پێدەگوت. بەزۆری لە شوێنە قەرەباڵغەکانی نێو بازاڕ، یان ڕۆژانی ئاهەنگ و جەژنەکان، لە هەر شوێنێك كۆبوونەوەی خەڵك هەبووایە، کاری توندوتیژیان ئەنجامدەدا. هەروەك تیرۆریستەکانی ئێستا مەبەستی زیلۆتس لە کارەکانی ئەوەبوو کە ژمارەیەکی فراوانتر لە جەماوەر بکاتە ئامانج، چی لە ڕۆمانەکان، یان ئەو جولەکانەی کە لەگەڵیان هاوپەیمانن.

لەنێوان ساڵانی ١٠٩٠ ـ ١٢٧٢ بزووتنەوەیەکی ئیسلامی توندڕەو کە بە حەشاشین ناسرابوو، هەمان تاکتیکیان بەکارهێنا لە میانەی ململانێیان دژی خاچپەرستان کە بەشێکی سوریای ئێستایان داگیر کردبوو. ئەمانە هەمان بیرۆکەی خۆکوژی و خۆ قوربانیکردنیان هەڵگرتبوو کە ئێستا هەندێ گروپی ئیسلامی تیرۆریست پیادەی دەکەن. توندڕەوی بەلای ئەوانەوە کارێکی پیرۆز و خوداییە، ئەنجامدانی بەرەو بەهەشتی خودایان بەرزدەکاتەوە، بۆیە دەبێ لەپێناویدا خۆیان هیلاك بکەن یان بمرن.

لە شۆڕشی فەرەنساوە تا جەنگی یەکەمی جیهان

تاوەکو شەڕی فەرەنسا (١٧٩١ ـ ١٧٩٩) ئـایین پاسـاوێکی گـەورە بـوو لـە بەکارهێنانی تیرۆر. بەڵام لە ماوەی سەدەی نۆزدەهەم ئەم بارە گۆڕا و چەندین بیر و ئایدۆلۆژیای وەك ناسیۆنالیزم، ئانارشیزم* (ئاژاوە گێـڕی)، مارکـسیزم و هەنـدێ بزووتنەوەی سیاسی و عەلمانی دیکە گەشەیان کرد و بـۆ بەریـەرەکانێکردنی یاسـا ئاسمانییەکان هاتنە مەیدان لە ڕێگەی پاشاکانەوە.

لەسەرەتادا تیرۆری هاوچەرخ دژی ڕژێمی پادشایەتی بوون کە لـە کوتاییـەکانی شۆڕشـی فەرەنـسا لـە ڕێگـەی یـاخیبوون و شۆڕشـەوە کارەکانیـان ئەنجامـدەدا. ڕێکخراوی ویستی گـەل (Narodnaya Volya) لـە مـاوەی نێـوان ١٨٧٨ تـا ١٨٨١ چالاکییەکانی ئەنجامدەدا. کارە شۆڕشـگێڕییە دژ بـە حکومییـەکانی ئـەم ڕێکخراوە بوون بە ڕێـچکە و شـێوازێك بـۆ تـیرۆری داهـاتوو. ئـەم گروپـە هێـزە داپڵۆسـێنەرەکانی وڵاتیـان دەکـردە ئامـانج و هـەوڵیان دەدا هاوڵاتیـان لـەو نادادپەروەرییە بگەیەنن کە وڵات بەسەریدا سەپاندوون، ئەمـەش بـۆ بـەهێزکردنی پاڵپـشتی شۆڕشـەکەیان لـە نێـو جـەماوەردا. لـە نێـو ئەوانـەی بوونـە ئامـانجی تیرۆریستان: پارێزگاری گشتی پیترسبۆرگ و، سەرۆکی پۆلیسی نهێنی قەیـسەر و، خودی قەیسەر ئەلیکساندەری دووەم کە لە ساڵی ١٨٨١دا تیرۆر کرا.

تیرۆرکردنی ئەلیکساندەری دووەم هەستی گروپێکی سیاسی توندڕەوەی بزواند کە چوار مانگ دواتر لـە لەنـدەن کۆبوونـەوە بـۆ گفتوگـۆکردن لەسـەر چـۆنیەتی ئەنجامدانی شۆڕشێکی جیهانی نـەك نەتـەوەیی. بـیرو بۆچـوونیان ئـەوە بـوو کـە بزووتنەوەیەکی ئانارشیستی نێو دەوڵەتی دروست بکەن. دوای ئەوەی ئاڵای ڕەشیان بۆ خۆیان بڕیار دا بە بزووتنەوەی ڕەشی نێو دەوڵەتی نـاوبران. مەبەستیـشیان لـەم کارەدا هاوکاری و پاڵپشتی هەڵمەتی تیرۆرستی جیهانی بوو. بۆ ڕوخـانی وڵاتـانی

خاوەن ڕژێمی پاشایەتی و حکوومەتی هەڵبژێردراوی دیموکراتی کە بریتی بوو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا.

لە نێوان ساڵانی ١٨٨١ دەی یەکەمی سەدەی بیست، ئانارشیستەکان ویلیەم ماکانیلی سەرۆکی ئەمەریکا و، سەرۆکی فەرەنسا و، سەرۆك وەزیرانی ئیسپانیا و، مەلیکە ئەلیزابیسی نەمسا و، مەلیکی ئیتاڵیا هیومبێرتی یەکەمیان تیرۆرکرد.
جگە لەمە ئەنارشیستەکان هەڵسان بە کاری ئاژاوەگێری و بڵاوکردنەوەی پەشێوی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. هەندێ جار ئەم سەرپێچیانە دەبوونە مایەی ڕژانی خوێن بەهۆی کاری توند و تیژییەوە. ئاژاوەکەی مەیدانی کافرۆشان لە شیکاگۆ، ساڵی ١٨٨٦ بە یەکێك لە ناودارترین ئەو ڕووداوانە دادەنرێت، کە ئەنارشیستەکان ئەنجامیان دا. کاتێك کە بۆمبێك لە ناوەڕاستی نزیکەی ٣٠٠٠ لە کرێکارە مانگرتووەکانی کارگە و پشتیوانییەکانیاندا تەقییەوە. کە دواتر خۆپیشاندەران و هێزی پۆلیس ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، بەلایەنی کەمەوە حەوت پۆلیس و چوار خۆنیشاندەر کوژران و ٦٠ی دیکەش بریندار بوون. هەرچەندە بە وردی ژمارەی مردووەکان نازانرێ.

تیرۆری حکومی دوای ساڵی ١٩٢٠

لەماوەی ساڵانی بیست و سییەکانی سەدەی بیست تیرۆر شێوازێکی دیکەی بەخۆیەوە گرت کە بریتی بوو لە ستەم و زوڵم و سەرکوتکردنی حکومەتە دیکتاتۆرەکان دەرهەق بە هاوڵاتیانی خۆیان ئەمە لەبری پەیڕەوکردنی توندوتیژی لەلایەن گروپە ناحکومییەکان. لەم ماوەیەدا وشەی تیرۆر بۆ وەسفکردنی توندوتیژی و وەحشیەتگەری و تۆقاندن لەلایەن ڕژێمە سەرکوتکەرەکانی نازی و فاشیست و تۆتۆلیتارییەکان بەکارهات کە لە هەریەکە لە وڵاتانی ئەڵمانیا و ئیتالیا و سۆڤیەت هاتنە سەر دەسەڵات. ئەم ڕژێمانە زۆر نامرۆڤانە کرداری لێدان و داپڵۆسین و ئازار و

ئەشکەنجە و شێوازی دیکەی تۆقاندنیان ئەنجامدەدا، کە تا ئێستاش هەندێ وڵات دژی هاوڵاتیانی خۆیان پەیڕەوی دەکەن.

بە شێوەیەکی گشتی کاری سزادان و سەرکوتکردن لە لایەن حکوومەتانەوە بە تیرۆر ناودەبرێت بۆ ئەوەی لە وشەی تیرۆریزم جیابکرێتەوە کە گروپە ناحکومییەکان لەدژی حکوومەتان پەیڕەوی دەکرێت.

تیرۆری ئەنتی کۆلۆنیالیست
(دژە داگیرکاری)

لەدوای جەنگی دووەمی جیهان، تیرۆر گەڕایەوە سەر هەمان شێوەی پێشووی خۆی کە بریتی بوو لە یاخیبوون و دروستبوونی کۆمەڵە و گروپی شۆڕشگێڕی. لە چل و پەنجاکانی سەدەی بیستدا وشەی تیرۆر بۆ وەسفکردنی توندوتیژی لەلایەن ناسیۆنالیستەکانەوە بەکارهێنرا. بەدرێژایی ئاسیا و ئەفریقیا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست گروپی ئەنتی کۆلۆنیالیست (دژە داگیرکاری) بەرانبەر بە رژێمە ئەورووپییەکان وەستان. وڵاتانی وەك ئیسرائیل، قوبرس، کینا و، جەزائیر سەربەخۆیی خۆیان بۆ بەشێك لەم بزووتنەوە ناسیۆنالیستانە دەگەڕێننەوە کە کاری تیرۆریستیان ئەنجامدەدا.

بەرچاوترین ڕووداوی تیرۆریستی لەم ماوەیەدا، تەقینەوەکەی هوتێلی کینگ دێیڤید بوو لە ئۆرشەلیم کە لە لایەن گروپێکی نهێنی (ڕێکخراوی سەربازی نەتەوەیی) ئەنجامدرا. هوتێلەکە شوێنی بارەگای سەرکردایەتی سەربازی و فەرمانگە کارگێڕییەکانی بەریتانیا بوو لە فەلەستین ٩١ کەس لە ڕووداوەکە کوژران و ٤٥ یش بریندار بوون کە لە ناویاندا ژن و پیاو و منداڵ و، عەرەب و، بەریتانی و جولەکە وەکو یەك بوون. ئەم تەقینەوەیە بە یەکێك لە بەدناوترین ڕووداوە تیرۆریستییەکانی سەدەی

بیست هاتــە ژمــاردن. ســەرۆکی گروپــە تیرۆریــستییەکەی ئــەو ڕووداوەیــان لەدەســت کەوتەوە، (میناکیم بیگن) بوو کە دواتر بوو بە سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل و لــە ســاڵی ١٩٧٨ میدالیای ئاشتی نۆبڵی بردەوە.

بیگن تەنیا نییــە لــە نێــو ئەوانــەی کــە بــە تیرۆریــست نــاو دەبــران، بــەڵام دوای سەربەخۆبوونی وڵاتەکانیان، پلەو پایەیان بۆ بەرزترین ئاستی دەســەڵات بــەرز بــووەوە. پۆلێك هاوشێوەی هەیە کە بریتین لە: ســەرۆکی کینیــا (جۆمــۆ کینیاتــا) و، ســەرۆکی قوبرس (ماکاریۆس) و، سەرۆکی جەزائیر ئەحمەد بن بیلا.

شەستەکان و حەفتاکان

لە ساڵانی شەســت و حەفتاکانــدا، تــیرۆر بــوو بــە هانــدەرێکی ئایــدۆلۆژی ڕوون و ئاشکرا. لەم کاتانەدا چەندین کەمە نەتەوایەتی مافخوراو و پــەراوێزکراو باوەشــیان بــۆ تیرۆر کردەوە وەکو هۆکارێك بۆ سەرنجڕاکێشان و دەستەبەرکردنی پاڵپــشتی نێودەوڵــەتی بۆ کێشەکانیان. ڕێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستینی دامەزرا بۆ دروستکردنی دەوڵــەتێك کە لەمێژوودا بە فەلەستین ناودەبرا. خاکی فەلەستین لە ساڵی ١٩٤٨ بوو بە ئیــسرائیل و کەرتی ڕۆژئاوا و غەزەش لە شــەڕێکی شــەش ڕۆژیــدا لــە ســاڵی ١٩٦٧ لــە لایــەن ئیسرائیلەوە داگیرکرا.

لە ڕاستیدا گروپە فەلەستینییەکان بەرپرسن لەو ڕووداوانەی کــە بەســەرەتای کــاری تیرۆریــستی نێودەوڵــەتی ئێــستا دادەنرێــت. لــە ٢٢ ـ ٧ ـ ١٩٦٨ ســێ چــەکداری فەلەستینی کە سەر بــە بــەرەی میللــی ئــازادیخوازی فەلەســتینی بــوون، فڕۆکەیــەکی بازرگانی ئیسرائیلییان ڕفاند کە لە ڕێگایدا لەڕۆما بۆ تەل ئەبیب دەڕۆیشت. هەرچــەندە ڕفاندنی ئەم فڕۆکەیە سەرەتا نەبوو، بەڵام بە یەکەم ڕفاندنی سیاسی دانرا کە بە ئاشــکرا ڕوویدات. ئەم کارە بووە مایەی دروستبوونی ڕەخنەی نێو دەوڵەتی و ڕای گشتی.

دووساڵ دواتر بەرەی میللیی ئازادیخوازی فەلەستینی بە ئەنجامدانی ڕووداوێکی شانۆیی ڕێکوپێکی نێودەوڵەتی هەڵسا. کاتێك سێ فرۆکەی بازرگانی، دووانی ئەمریکی و یەکێکی سویسرییان ڕفاند. ئەمە جگە لە چوارەم هەوڵیان بۆ ڕفاندنی فرۆکەیەکی بەریتانی. فرۆکەکان لە ئوردنەوە هەڵسابوون و لەڕێگادا تەقینەوە دوای ئەوەی کە لە سەرنشینەکانیان خاڵیکرابوونەوە. کامیراکانی تەلەفزیۆن ئەم ڕووداوەیان بۆ بینەران لەسەرتاسەری جیهان گواستەوە.

لە ئۆلۆمپیادی میونیخ ساڵی ١٩٧٢، ئەندامانی گروپێکی فەلەستینی کە ناویان سیپتێمبەری ڕەش بوو، چەند وەرزشوانێکی ئیسرائیلیان بە بارمتە گرت. جەماوەرێکی بەرفراوان لە هەموو جیهان لە کاتێکدا خەریکی سەیرکردنی یارییەکان بوون، لە ناکاو شاهێدی حاڵەتی ترسناکی چەند بارمتەیەك بوون کە بەهەوڵێکی سەرنەکەوتووی پۆلیسی ئەڵمانی کۆتایی هات کاتێك تەقەی لە هەردوولا: تیرۆریستان و دیلەکان کرد. کوژرانی ١١ ئیسرائیلی لەو ڕووداوەدا یەکێکە لەو کارە تیرۆریستیانەی کە توانای تیرۆریستان بۆ ڕاکێشانی سەرنجی جیهان بۆ لای خۆیان دەردەخات.

لە ماوەی گەشەسەندنی هۆشیاری نەژادی و ناسیۆنالیستی جیهانی، جۆرێکی دیکەی گروپی ناسیۆنالیستی سەریان هەڵدا کە بۆ ناساندنی کێشەکانیان لە تەقەلای پێشبڕکێی نموونەکەی فەلەستیندا بوون. لە نموونەی ئەم جۆرە گروپە، گروپی جوداخوازی فەرەنسی ـ کەنەدییە. ئەمانە هەڵسان بە ڕفاندنی پەیامنێری بازرگانی بەریتانی لە کویبیك (جیمس کرۆس) و، وەزیری کاری کویبیك (پیری لاپۆرتی) لە ساڵی ١٩٧٠، ناوی گروپەکە بریتی بوو لە بەرەی ڕزگاریخوازی لە کویبیك (FLQ). هەرچەندە کرۆس ئازاد کرا بێ ئەوەی ئازار بدرێ، بەڵام لاپۆرتی زۆر وەحشیانە کوژرا. دوای ئەوەی کە باری ناوچەکە شڵەژا و ترس و پەشێوی بڵاوبووەوە، سەرۆك وەزیرانی کەنەدی (پیری تیرودیۆ) پەنای بردە بەر یاسای هێزی جەنگ لە کویبیك کە ئازادی مەدەنی دابین

دەکات، بۆیە هێزێکی زیاد لە پێویستی بە سوپا بەخشی بۆ پارێزگاریکردن لە سیستەمی هەرێمەکە و لە ڕیشە هەڵکێشانی (FLQ).

لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکاندا، توندڕەوە سیاسییەکانی ڤێتنام هەڵسان بە دروستکردنی گروپی تیرۆریستی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تەدەخولی ئەمریکی لە وڵاتەکەیاندا. داواکاریشیان بریتی بوو لە هەڵگرتنی جەور و ستەم و ناعەدالەتی وڵاتێکی دیموکراتی لیبرالی سەرمایەدار. ئەم توندڕەوانە بەزۆری لە ڕێکخراوی ڕادیکالی قوتابیان و بزووتنەوە چەپەکان بوون، کە دواتر لە ئەمەریکای لاتینی و ڕۆژئاوای ئەوروپاو ویلایەتە یەکگرتووەکان سەریان هەڵدا.

گروپی تیرۆریستی وەك کۆمەڵەی بادەر مینهۆف لە ئەڵمانیا و لیوای سووری ئیتالیا لە کەمپەکانی فەلەستین لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕاهێنانەکانیان ئەنجامدەدا. لە ناودارترین چالاکییەکانی بادەر مینهۆف، ڕفاندن و کوشتنی ساماندارو پیشەسازکاری ئەڵمانی هانز مارت سکلێیەر. کەچی لیوای سووری ئیتالیا هەڵسا بە ڕفاندن و لە سێدارەدانی سەرۆك وەزیرانی پێشووی ئیتالیا ئەلدو مۆردۆ لە ساڵی ١٩٧٨.

هەشتاکان و نەوەتەکان

لە ماوەی حەفتاکاندا، لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژهەڵات، بزووتنەوە تیرۆریستییەکانی وەك نازی نوێ و فاشیستی نوێ (یان باڵی ڕاست) سەریان هەڵدا بۆ وەڵامدانەوەی ئەو توندوتیژییەی کە لەلایەن باڵی چەپەوە پیادە دەکرا. هەرچۆنێك بێت گروپەکانی باڵی ڕاست هەم لە ڕووی ژمارە و هەم لە ڕووی پاڵپشتی جەماوەرەوە لە بەرانبەرەکانیان (باڵی چەپ)، لاوازتر بوون. بۆیە کارە توندوتیژییەکانیان بە شێوەی

پچڕپچڕ و کورتخایەن بوو. لەم ماوەیەدا سێ ڕووداوی توندوتیژی بە تیرۆریستەکانی باڵی ڕاستەوە لکێندرا. لە ساڵی ۱۹۸۰دا لە بۆلۆنگا ـ ئیتالیا، تەقینەوەیەك لە وێستگەیەکی شەمەندەفەر ڕوویدا کە ۸٤ کەس کوژران و ۱۸۰ ی دیکەش بریندار بوون. هەر لە هەمان ساڵدا بۆمبێکی چێنراو لە ڕۆژی ئاهەنگێڕانی فیستیفاڵی ئۆکتۆبەر لە میونیخ تەقییەوە کە لەلایەن ئەندامێکی گروپی نیو فاشیستییەکانەوە دانرابۆوە، تیایدا ۱٤ کەس کوژران و ۲۱۵ ی دیکەش بریندار بوون. لە ساڵی ۱۹۹۵ یش سوپەرایمایسیستە** سپییەکان بارهەڵگرێکی مینرێژکراویان لە ژێر باڵەخانەی فیدراڵی ئەلفرێد موراه لە ئۆکلاهۆما تەقاندەوە کە تیایدا ۱۸٦ کەس بوونە قوربانی.

زیندووبوونەوەی تیرۆری ئایینی و، سەرهەڵدانی تیرۆری چاودێریکراو لەلایەن وڵاتانەوە، بە گرنگترین ئەو پێشڤەچوونانە دادەنرێن کە لە ساڵانی هەشتاکاندا ڕوویاندا.

نموونەی هێرشی تیرۆریستی کە باوەڕ وایە لەلایەن وڵاتانەوە پشتگیریکراوبێت، تەقەڵای کوشتنی پاپا (جۆن پاوڵی دووەم) بوو لە ساڵی ۱۹۸۱ لەلایەن هاوڵاتییەکی تورك کە گومانی لێدەکرا بۆ دەزگا سیخوڕییەکانی ڕووسیا کاربکات. نموونەیەکی دیکە بریتییە لە ئۆتۆمبێلە مینرێژکراوەکەی ئێران لە بەردەم باڵیۆزخانەی ئەمەریکاو بنکەی سەربازەکان لە بەیروت ساڵی ۱۹۸۳. هەروەها ڕۆڵی لیبیا لە تەقینەوەی فڕۆکەکان لەسەر ئاسمانی لۆکەربی لە سکۆتلەندا ساڵی ۱۹۸۸.

ئەگەر ئایین لە هەردوو ڕووداوی تیرۆرکردنی سەرۆکی میسری ئەنوەر سادات ساڵی ۱۹۸۱، لەلایەن ئیسلامییە توندڕەوەکان و، ئیسحاق ڕابینی سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل ساڵی ۱۹۹٤، لە لایەن سەربازێکی جوولەکە، هاندەری ڕاستەخۆ نەبووبێت، ئەوا وەکو پاساو و بیانووی توندوتیژی تیرۆریستی بەکارهاتووە. لە هەردوو بارەکەدا تیرۆریستان کارەکانیان بە پابەندبوونی ئایینی دادەنێن لە پێناو ڕاگرتنی هەوڵەکانی ئاشتی. ساڵی ۱۹۹۳ تیرۆریستە موسوڵمانەکان لە بنکەی بازرگانی نێودەوڵەتی

تەقینەوەیەکیان ئەنجامدا لە نیویۆرك. هەروەها لە سالی ١٩٩٥ هێرشێك بە گازی دەمار کرایە سەر تونێلێك لە یابان کە گروپێکی (ئوم) لێی بەرپرسیار بوو. ڕێکخراوی قاعیدەی ئوسامە بن لادن دوو هێرشی دیکەی خۆکوژی لەیەك کاتدا کردە سەر باڵیۆزخانەکانی ئەمەریکا لە تنزانیا و کینیا سالی ١٩٨٨. لە سالی ٢٠٠٠یش هێرشێکی دیکەی خۆکوژی کرایە سەر کەشتی جەنگی ئەمەریکی لە بەندەری عەدەن و جگە لە هێرشە خۆکوژییەکەی ١١ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ بۆ سەر بنکەی بازرگانی نێودەوڵەتی و پنتاگۆن.

داهاتووی تیرۆر

تیرۆر، بەلایەنی کەم ٢٠٠٠ ساڵە هەیە و، لەوانەیە لە ئەجێندا سیاسییە نێوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان بۆ ساڵانی داهاتووش هەر بمێنێ. تیرۆر هۆکارێکە لە ڕێگەیەوە بێ هێز ڕووبەڕووی بەهێزتر لەخۆی دەبێتەوە، بۆیە داوایەکی بەردەوامی ئەوانەیە کە مافخوراوو پەراوێزکراون، ئەوانەی تۆڵەسێن و ڕق خواردوون، ئەوانەی بێ هێزن و هیواخوازی بەهێز بوونن. هەڵسان بەم کارەش تاڕادەیەك ئاسانە کە هەوڵ و تەقەلای گەورەی لە پێناو دەبەخشێ. هەوڵ و توانای هاندان بۆ ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکێ و سەپاندنی ئازارو ئەشکەنجە لە پێناو ناچارکردنی بەرانبەر بۆ ڕازیبوون و ملکەچیکردن لەسەر داواکانیان. زیاتر لەوە، تیرۆر بە بەردەوامی گەشە دەسێنێت بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو دژە کردانەی کە حکوومەت بۆ لەناوبردنیان نەخشەو پلانی بۆ دادەڕێژێ، بۆیە تیرۆر بەردەوام بەدوای ئامانجی نوێدا دەگەڕێ و هەوڵی هێرشکردنە سەر بەرانبەرەکانی دەدات بە شێوەیەکی نادیار. لەوانەیە ڕێگای نوێ و هاوچەرخ بگرنە بەر لە هێرشەکانیاندا، وەك بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی و ڕادیۆیی (بڵاوکردنەوەی تیشکە چالاکی) یان چەکی ناوەکی. بۆی هەیە تاکتیکی تیرۆریستەکان بگۆڕی و تیرۆری

کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت بگرێتەوە، کە لەم ڕێگەیەوە تۆڕەکانی کۆمپیوتەرو سیستەمەکانی تێکبدەن. یان لەوانەیە جەنگی ئەلیکترۆنی بەرپابکەن کە هۆکارەکانی وزەو پەیوەندیکردن و گەیاندن، یان کۆمەڵگە بەگشتی بکەنە ئامانج.

تیرۆر بەدرێژایی جیهان خۆی دەگۆڕێت بۆ شێوەی نوێترو ترسناکتر، گروپە کۆن و توندڕەوەکان لەناو بردران و دوور خرانەوە، کەچی گروپی توندڕەوتر و توندوتیژتر شوێنی ئەوانیان گرتەوە. هەرچەندە لەوانە نییە تیرۆر بە یەکجاری ڕیشە کێش بکرێت، دژایەتیکردنی مەترسی و هەڕەشەکانیان ئاگاداری بەردەوامی دەوێت. بەهێزی سروشتی تاکەکان بۆ کێشەی تیرۆرو جۆراوجۆری ئەنجامدەرانی و ئاڵۆزی سیفەتەکانیان، لە ڕووڕاوەستان و بەرەنگارییەکی بەهێزی گەورەکە لە لایەن ئەوانەی دەیانەوێت چالاکانە دژی ئەو هەڕەشە و مەترسییانە بوەستن.

* ئانارشیزم : بۆچوونێکی سیاسییە کە باوەڕی بە یاسا و دەسەڵات نییە، واتە ئاژاوەگێڕی.

** سوپەر ڕیماسیست: ئەوانەن کەوا هەستدەکەن ڕەگەزی ئەوان لە هەموان باڵاترە و دەبێ دەسەڵات هەر بۆ ئەوان بێ.

Encarta Reference Library 2004,(CD)

بیرۆکەی تیرۆریزم و پیادەکردنی

ن: بێن دێستی

و: هێمن غەنی

بەدحاڵیبوونێکی زۆر هەیە دەربارەی تیرۆریزم، وەك هەر چەشنێکی تر لە جەنگ، تیرۆریزمیش دەرئەنجامی کارەساتبار و مەینەتهێنەری لێدەکەوێتەوە.

بەڵام لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی ڕەفتاری تیرۆرستان کارێکی ئاڵۆز و زەحمەت نییە. کاتێك شاڵاوێکی تیرۆریستی بە باشی بەڕێوە دەبرێت، ئەوا لە پشت هەر کردارێکەوە مەبەست و مەرامێك هەیە. جەنگیش بە هەمان شێوە قابیلی لێکدانەوە و تێگەیشتنە، بە هەمان شێوە جەنگیش وێرانکاری و کارەساتی لێدەکەوێتەوە. بەڵام هیچ کاتێك جەنگەکان بێ هۆ هەڵناگیرسێن و، سەرەڕۆیی و سەرکێشی هۆکاری هەمیشەیی ڕوودانیان نین.

کەسانی ڕەوشتبەرز و خاوەن عەقڵی دروستیش پەنا بۆ جەنگ دەبەن گەر گەیشتنە ئەو قەناعەتەی جەنگ نەکردن بارودۆخەکە خراپتر دەکات. ئەگەر یەکێك لە لایەنەکانی ناکۆکییەکە نەیتوانی داواکارییەکانی بە ڕێگای دیپلۆماسیانە بە دەست بهێنێت بیر لە جەنگ دەکاتەوە و پەنای بۆ دەبات.

یەکێك لە وتە بەناوبانگەکانی کلاوزفز ئەوەیە ((جەنگ درێژەدانە بەسیاسەت بە هۆی بەکارهێنانی ئامرازی دیکەوە)).

بەڵام چەندین ڕێگای دیکە هەیە بۆ بەردەوامیدان بە جەنگ، کە تەنها بەگژیەکداچوون و بەیەکدادانی سوپا و سەربازەکان نییە لە گۆڕەپان و بەرەکانی جەنگدا. بە شێوەیەکی دیاریکراو ئەم جۆرەی جەنگ (ڕووبەڕووبوونەوەی سەربازی) تەنها ئەو کاتە ڕوودەدات کە هەر دوو لایەنی ململانێیەکە لە ڕووی هێزو تواناو سەربازییەوە لە یەك نزیك بن. بەڵام گەر بەم جۆرە دژی ڕکابەرەکانت بجەنگیت کە بێ ئەندازە لە تۆ بەهێزتر و باڵادەستترن، ئەوا ڕێگەیەکی تەواوی ئەگریتەبەر بۆ خۆکوشتن.

ئەگەرچی لە هەندێ بوار و ئاستدا لە دوژمنەکەت لاوازتر بیت ئەوا مانای ئەوە نییە شکستت هێناوە و بەزیویت، بە مەرجێ کە تاکتیکە گونجاوەکان بگریتە بەر. دەتوانیت شەڕی گەریلایی دژی دوژمنەکەت بکەیت، یاخود کرداری تیرۆریستی ئەنجام بدەیت. تیرۆریزم نزمترین ئاستی جەنگە، کە کەمترین توانست و سەرچاوەکانی هێز دەخوازێت لە لایەن لایەنە لاوازەکانەوە. تیرۆریزم جەنگ کردنە بە تێچوونێکی کەم. تیرۆریستان دەتوانن براوە بن.

لە ڕاستیدا تیرۆریزم بە هەڵە ناو دەبرێت، لەبەر ئەوەی ئامانجی تیرۆر چاندنی ترس و دڵەڕاوکێ نییە (ئەگەرچی ئەمە تاکتیکی هاوبەشە). بەڵکو ئامانجی تیرۆریزم چاندنی شپرزەیی و لێکترازان و بێ سەروبەرییە لەگەڵ ناچارکردنی ڕکابەرە بەهێزەکانیان تا کاردانەوەی زیادڕەوانە و وروژێنەرانە بگرنەبەر. یەکێك لە ناسازاییەکانی تیرۆریزم ئەوەیە کاتێك ڕکابەرەکەت کردارگەلێکی توندوتیژ ئامێزانە دژی خەڵکەکەت ئەنجام دەدات، ئەوا تۆ (تیرۆریستەکە) ململانێکە دەبەیتەوە و هێزی پتر بە دەست دەهێنیت.

هەمیشە هۆکارێك هەیە بۆ بەرپاکردنی جەنگ و تەنها سێ ڕێگا هەیە بۆ کۆتایی پێهێنانی، کە هەموویان بنبڕکردنی هۆکاری جەنگەکە بەرجەستە دەکەن.

یەکەم، بۆی هەیە یەکێك لە لایەنەکانی ململانێیەکە بە تەواوی تێکبشکێت، یاخود لایەنی دۆڕاوی جەنگەکە دەست لە ململانێکە هەڵبگرێت لەبەر ئەوەی بەو باوەڕە گەیشتووە کە ناتوانێت چیتر بەرگەی زەرەر و زیانەکان بگرێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکەی، یاخود بە پێچەوانەوە باوەڕی وایە ئامانجەکانی بەدەستهێناوە بۆیە واز لە جەنگکردن دەهێنێت.

تەنها بە هۆی سازشکردن لەگەڵ ڕکابەرەکەتدا یاخود ورە پێ بەردان و نائومێد کردنی یان تێکشکاندن و لەناوبردنی دەتوانیت سەرکەوتن لە جەنگەکەدا بە دەست بهێنیت.

تیرۆریستان بە چەندین ڕێگا دەتوانن سەرکەوتن بەدەست بهێنن، لە ڕێی لاوازکردنی ئیرادەی ڕکابەرەکەیانەوە (تەنانەت هێزە باڵاکانیش) تا ئاستی چۆکپێدادانیان، یاخود لە ڕێگەی بەهێزکردنی بەرەی تیرۆریستانەوە لە ڕێی هێنانە ڕیزی ئەندامی نوێ تاوەکو شاڵاوەکە بگۆڕێت بۆ کرداری گەریلایی یاخود شاڵاوێکی سەربازی، یان فشارهێنان بۆ لایەنە دەرکییەکان بۆ سەپاندنی چارەسەرێك کە لە بەرژەوەندی تیرۆرستان بێت و ئەوان بیخوازن.

لە هەر شاڵاوێکی تیرۆریستیدا (بە هەمان شێوە لە هەر جەنگێکدا) حەوت هاوبەش و بەشداری گرنگ و هەستیار هەن، هێزەکانمان، هاوڵاتیانمان، هێزەکانیان، هاوڵاتییەکانیان، هاوپەیمانەکانمان لە دەرەوەی بازنەی ململانێیەکە، هاوپەیمانەکانیان لەگەڵ باقی جیهاندا.

هێزەکانمان لە هەموو ئەو خەڵکانە پێکهاتوون کە لە بەرژەوەندی ئێمە چالاکانە بەشداری ململانێیەکە دەکەن. هاوڵاتییەکانمان پێکهاتوون لە هەر کەسێك پاڵپشتی

شالاوەکەمان دەکات بە بەشداری کردنەکانی یاخود بە بەخشینی باجەکان. هێزەکانیان و هاوڵاتییەکانیان بە هەمان شێوە.

هاوپەیمانەکانمان ئەو گروپ و حکوومەتانەی دەرەوەی بازنەی ململانێکەن کە پاڵپشتی مادیمان دەکەن یاخود بە هۆی فشاری دیبلۆماسییەوە چارەسەرێك دەسەپێنن کە بەرژەوەندی و خواستی ئێمەی لەسەربێت. بە دڵنیاییەوە ڕکابەرەکانیشمان بە هەمان شێوە هاوپەیمانی خۆیان هەیە.

بەشەکەی تری جیهان پێکهاتوون لەو خەڵکانەی کە ئەگەری ئەوەیان لێدەکرێت بدەنە پاڵ لایەنێکی ململانێکە، یاخود بۆیان هەیە لە کۆتاییدا چارەسەرێکی ئاشتیانە و دیبلۆماسیانە بسەپێنن و یان بە هەر هۆکارێکی دیکە ململانێکە یەکلا بکەنەوە (کە دەستێوەردانی سەربازیش دەگرێتەوە).

لە شالاوی ئێمەدا وەك تیرۆریستان (لێرەدا نووسەر لەسەر زمانی تیرۆرستانەوە قسەدەکات) ئامانجمان لاوازکردنی بەردەوامی دوژمن و بەهێزکردنی بەردەوامی خۆمانە، بۆ ئەوەی نا هاوسەنگی هێزی نێوانمان ڕاست بکەینەوە. دەمانەوێت خەڵکانی ئێمە پەیوەندی بکەن بە ڕیزەکانمانەوە. دەمانەوێت هێزە بێ لایەنەکانی جیهان بکەینە هاوپەیمانمان.

دەمانەوێت دەوڵەتە بێ لایەنە خاوەن هێزەکان قەناعەت پێ بهێنین کە باشترین بەرژەوەندی ئەوان دابین دەبێت ئەگەر هاتوو چارەسەرێکیان بەسەر دوژمنەکانماندا سەپاند، خواستی ئێمەی لەسەر بێت. شانبەشانی درێژەکێشانی ململانێکە، دەبێت ئەم خواست و کۆششانەش بەردەوام بن.

هەموو ئەم چالاکییانەش پێویستیان بە شالاوی تیرۆریستی سەرکەوتوو هەیە کە پەیوەندی ژێر بە ژێریی و نهێنی بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانییەوە هەبێت.

چەکی بنەڕەتی و سەرەکی دەستی تیرۆریستان پەخشکردن و بڵاوکردنەوە و سەرنج ڕاکێشانە.

گەر ئێمە تیرۆریست بین ئەوا بێ هێزین و ژمارەمان کەمە. پێویستمان بە خۆ حەشاردان دەبێت لە شێوەی دەستەو شانەدا خۆمان ڕێك بخەین. ئەو چەکەی لەبەر دەستماندایە کردارە تیرۆریستییەکانە، ئێمە لێرە و لەوێ دەردەکەوین، گورزێك دەوەشێنین کە ڕەوتی ڕووداوەکان تێکدەدات، دووبارە بزر دەبینەوە.

کاتێك چالاکانە لە شاڵاوبردندا نابین، ئەوا وەك هەر هاوڵاتییەکی ئاسایی دەردەکەوین. کاتێك بە کردارێکی تیرۆریستی هەڵدەستین، ئامانجمان ناچارکردنی هێزە ڕکابەرەکانمانە کە کاردانەوەیکی توندوتیژ و تۆڵەسەندنەوە ئەنجام بدەن.

بەڵام هەر لەو کاتەوەی کە نازانن ئێمە کێین، ئەوا ڕق و تۆڵەسەندنەوەی خۆیان بەسەر خەڵکی ئێمەدا دەڕێژن، کە ئەمەشە خواستی خەڵکانی ئێمە بۆ بەرگری و بەرەنگاری زیاد دەکات بۆ پەیوەندیکردن بە ڕیزەکانمانەوە.

هەر کاتێك توانیمان ئەم هەستی تۆڵەسەندنەوەیە بوروژێنین، ئەوا پرۆسەی هێنانە ڕیزی ئەندامی نوێ سەرکەوتووتر دەبێت و هێزەکانمان زیاتر گەشە دەکەن. بە پێچەوانەی ئێمەوە هێزەکانی دوژمن دیار و بەرچاون. گشتی و ناسراون، لەگەڵ ئەوەی کە ناتوانن هێزەکانی ئێمە بکەنە ئامانج، بەڵام ئێمە دەتوانین هێزەکانی ئەوان بکەینە ئامانج. لە هەندێ بارودۆخدا لەوانەیە بڕیاری هێرشکردنە سەر هاوڵاتییەکانیان بدەین، بەڵام بەزۆری هەوڵدەدەین هێرش بکەینە سەر هێزەکانیان. یەکێکی تر لە ئاسەوارەکانی ئەم شاڵاوە شەکەتکردنی هاوڵاتیانە تا وایان لێبکەن ئیرادەی ئەخلاقی لە دەست بدەن کە ببێتە هۆی لە دەستدانی ئیرادەی سیاسییان، لەوانەیە ئەم ململانێیە بە سەرکەوتنی ئێمە کۆتایی بێت بەبێ ئەوەی ناچاربین ململانێکە بگۆڕین بۆ شەڕێکی ڕاستەقینە، لەوانەیە بێ ئەوەی چوارچێوەی

ململانێکە بۆ ئاستی هەڵگیرساندنی شەڕ فراوان بکەین ئەوان نائومێد بن و چۆک دابدەن.

لەوانەیە هەندێ جار هێرشێکی مەبەستدار و ڕاستەوخۆ بکەینە سەر هاوپەیمانانی دوژمنەکەمان، بە ئومێدی ئەوەی ئەو ڕاستییەیان بخەینە بەرچاو کە باجی هاوپەیمانێتیکردنیان بۆ دوژمنەکانمان زۆر گرانە. ئەم هێرشەش بۆی هەیە وایان لێبکات دەست لە هاوپەیمانەتییەکە هەڵگرن، یاخود دوژمنەکانمان ناچار بکەن ڕێگا چارەیەك قبوڵ بکەن خواستی ئێمەی لەسەر بێت.

ئەمەش دوژمنەکانمان دەخاتە بارودۆخێکی دژوارەوە، چونکە زیادبوونی ڕێ و شوێنەکانی تۆڵەسەندنەوە کۆتایی بە ململانێکە ناهێنێت کاتێك ئێمە بەردەوام دەبین لەبەرگری و بەرهەڵستکردن، هەر بۆیە خۆیان لە بارێکدا دەبیننەوە کە ناچار بن سازشمان لەگەڵدا بکەن، لەوانەیە ئەم سازشکردنەش بەس بێت بۆ هێنانەدی ئامانجەکانمان.

بە دڵنیاییەوە بەرپەرچدانەوەی تۆڵەئاسای دوژمنەکانمان دەبێتە هۆی لە دەستدانی گیانی زۆرێك لە هاوڵاتیان و خەڵکانی ئێمە. بەڵام ئیتر جەنگ خۆی لە خۆیدا کردارێکی قێزەونە و، کاتێك بڕیاری بەرپاکردنیمان دەرکرد ئەو ڕاستییەمان لەبەر چاو بوو کە گیانی زۆرێك لە خەڵکی دروێنەدەکات. بەڵام لە هەمان کاتدا بڕیارماندا هەڵگیرساندنی جەنگ شایستەی ئەم قوربانیدانەیە بە هێزەکانمان بە کوشتنی خەڵکانی ئێمە لاواز نابن، بەڵکو لە ڕاستیدا بە هۆی پەیوەندی کردنی زیاتریان بە ڕیزەکانمانەوە و پاڵپشتی لێکردنمان هێزەکانمان زیاتر گەشە دەکەن. کاتێك دوژمنەکانمان توندوتیژانە تۆڵەمان لێدەکەنەوە دەبێتە هۆی ئیدانەکردنیان لە ڕووی ئەخلاقیەوە لەلایەن هاوپەیمانەکانمانەوە (کە وایان لێدەکات ڕاستەوخۆ پتر پشتگیریمان بکەن، تەنانەت پاڵپشتی لۆجستیمان بکەن).

بۆی هەیە دەوڵەتە بێ لایەنە جیهانییەکانیش بدەنە پاڵ ئێمە. هەروەها لەوانەیە هاوپەیمانەکانی خۆیان سەرزەنشتیان بکەن و کەمتر پاڵپشتیان بکەن لە رووی ماددی و سیاسییەوە.

بە دڵنیاییەوە داخوازییەکانمان لەگەڵ هەستی گشتی و بیرکردنەوەی هاوڵاتیانماندا دەگونجێت، گەر وانەکەین ئەوا ناتوانین ریزەکانمان پتەوبکەین ئەگەرچی کاردانەوەی توندوتیژانەشمان بەرانبەر ئەنجام بدەن.

نموونەیەکی زەق و بەرچاو لەوانەیە کەسێکی سەرکێشی وەك تێد کاکزنسکی بێت، ئەو تیرۆریستە تاقانەیەی لە ماوەی پانزە ساڵی شاڵاوەکەیدا هەرگیز هیچ هاوپەیمانێکی بەدەست نەهێنا، کاتێك دەستگیر کرا، بزووتنەوە تیرۆریستییەکەی کۆتایی پێ هات بەڵام ئایا توانی سۆز و سەرنجی خەڵکانی خۆی رابکێشێ؟ کە ئەگەر هاوسۆزی هەبوایە بۆی هەبوو بەردەوامی و برەو بە بزووتنەوەکەی بدەن.

با چاو بە چوار شاڵاوی تیرۆریستی تەقلیدی لە مێژوودا بگێرین:

ماکویس، ئازادکردنی هیند، بزووتنەوەی مافە مەدەنییەکان لە ئەمریکا، ململانێی فەلەستینی دژی ئیسرائیل.

دەستبەجێ کاردانەوەی تۆ ئەوە دەبێت بۆچی گاندی و کینگ وەك تیرۆریست لە قەڵەم دراون. چونکە سەرەڕای ئەوەی کردوویانە، ئەوان پیاوانی جوامێر و خاوەن رەوشتی بەرز بوونە و کەسانی شەرەفمەندبوونە لە مێژوودا.

بەڵام تیرۆریزم توندوتیژی ناخوازێت، ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دواوە و لێکدانەوەی ئێمە دەربارەی ستراتیژیەت بخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت کە بۆ یەکجاریش نەمان وتووە دەبوایە لایەنی ئێمە کرداری توندوتیژانەمان بکردبایە لە شاڵاوە تیرۆریستییەکەماندا. ئێمە دڵە راوکێ و لێکترازان دروست دەکەین کە مەرج نییە زەبروزەنگ بەکار بهێنین.

ئامانجی ئێمە ناچارکردنی ڕکابەرەکەمانە تا توندوتیژ بێت و، بۆی هەیە بە کرداری توندوتیژانە لە لایەن خۆمانەوە هەمان مەبەست بهێنینەدی. بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی خۆمان، تیرۆریزمی ناتوندوتیژانە بۆی هەیە باشترین ڕێگە بێت بۆ گەیشتن بەم ئامانجە.

بەڵام یەکەم شاڵاوی تیرۆریستی توندوتیژی تەقلیدی بزووتنەوەی ماکویس پەیرەویان لێکرد. کە ئەمە بزووتنەوەیەکی بەرگری فەرەنسی بوو دژی داگیرکردنی ئەڵمانی لە ماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا. ئەوان لە شێوەی شانەدا چالاکییەکانیان بەڕێوە دەبرد، بەبەکارهێنانی چەکە دزراوەکان یاخود ئەو چەکانەی بە قاچاغەوە لە بەریتانیاوە دەیان هێنا. ئەوان بنکە سەربازییەکان و هێزەکانی دوژمن و سیخوڕەکانیان دەکردە ئامانج. وەڵامی ئەڵمانییەکان لە لایەن سوپاوە ڕێکدەخرا کە زۆر دڵڕەقانە و دڕندانە بوون. ئاستی قوربانییەکان لە نێو ماکویس دا یەکجار ترسناك و ڕاچڵەکێنەرە و، ژمارەی دەستگیرکراوەکان زۆر مەترسیدار بوو. چونکە ڕووبەڕووی ئازار و ئەشکەنجە دەبوونەوە بۆ بەدەستهێنانی زانیاری لێیان.

لە لایەکی دیکەوە، وەڵام و کاردانەوەکانی ئەڵمانییەکان تەواو ورد نەبوون، کە بووە هۆی کوشتن و ئەشکەنجەدانی چەندان فەرەنسی بێتاوان.

ئەم بوغز و ڕقە لە بەرانبەر فەرەنسا، بە شێوەیەك لە شێوەکان بالاتر بوو بە تایبەتی دوای کارەساتە سەربازییەکەی ساڵی ١٩٤٠، بووە هۆی زیادبوونی بەردەوامی شەپۆلی پەیوەندیکاران بە ڕیزەکانی بەرگرییەوە. لە کاتێکدا قوربانییەکان لە نێو ماکویسدا بەرەو هەڵکشان دەچوو، ڕیزەکانی بەرگری زیاتر دەبوون وەکاتێك شەڕەکە گەورە بوو ژمارە و هێزی بەرگریکاران زیادی کرد.

ئەمە وەك پڕوپاگەندەیەك بۆ سەرکەوتن لە ڕۆژئاوادا بەکار هات و، بە دیاریکراوی یارمەتیدەری قەناعەت پێهێنانی خەڵکانی ئەمریکا بۆ پاڵپشتی

کردنی داگیرکردنی فەرەنسا. سەرکردەکانی ئەمریکا هەمیشە خواستیان بوو، بەلاّم پێویست بوو قەناعەت بە جەنگەکانی ئەمریکا بهێنن کە زەرەر و زیانی و بەرزی ئاستی لە دەستدانی زیانی ئەمریکییەکان گرنگی و بایەخی خۆی هەیە.

بەلاّم سەرئەنجام لە سالّی ١٩٤٤ دا خەلاّتەکە هات، لە ڕادیۆوە ئاماژەیەك لە لەندەنەوە، ماکویس لە تیرۆریزمەوە بۆ کرداری گەریلایی گۆڕا و هێزی خۆی کۆکردەوە. ئامانجی سەربازی خۆی سنووردارکرد، بەلاّم ئامانجی هەستیاری دیاریکرد: ڕێگەگرتن.

هێزەکانی ماکویس هێزە چەکدارەکانی کەنداو بەریتانیا و ئەمریکایان بینی و یارمەتییان پێشکەش کردن، بەلاّم لەمەش گرنگتر بەڕێوەبردنی بەهێزی کردارەکان بوون لە پشت هێلّەکانی ئەلّمانی و هێرشکردنە سەر هێلّەکانی شەمەندەنەفەر و پردەکان و ڕێگا سەرەکییەکان و هێلّەکانی گەیاندن و پەیوەندیکردن بوو، ئامانجەکە ڕێگا گرتنە لە ئەلّمانیا لەوەی هێز و کەلوپەلەکانی بۆ نورماندی بگوازێتەوە بۆ شەڕکردن لە دژی داگیرکاری.

بە دلّنیاییەوە ماکویسەکان لە هەموو بوارێکدا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا، هەموو ئەوەی هیوایان بۆ دەخواست بە دەستیان هێنا. ئەلّمانییەکان دەرکران. ئەمریکی و بەریتانی و کەنەدییەکان نازناوێکی مێژوویی شەرەفمەندانەیان بەسەردا دابڕا (هێزی ڕزگار کردن).

کە بەڕاستی بەکاری ڕزگار کردن هەستان کە لە دواییدا ولاّتە ڕزگارکراوەکانیان بەجێهێشت. ماکویسەکان باجێکی گرانیان بۆ سەرکەوتنەکەیان دا، بەلاّم سەرکەوتنێکی تەواویان بەدەست هێنا.

حزبی کۆنگرەی گاندی شالاّوێکی تیرۆریستی زۆر جیاوازتری بەکارهێنا دژی بەریتانیا بۆ ڕزگارکردنی بەریتانیا. ئەمە ئەوە دەردەخات کە بە پێی گۆڕانی

بارودۆخە سیاسییەکە تاکتیك و ستراتیژییەتەکانیش دەگۆڕێن، بارودۆخی هیندستان زۆر جیاوازتر بوو لە بارودۆخی فەرەنسا. شالاوی ناتوندوتیژی لە فەرەنسا شکستی هێنا بەڵام بە پێچەوانەوە لە هیندستان شالاوی توندوتیژی شکستی هێنا. ئەویش چەند هۆکارێکی هەبوو:

یەکەم: زۆرینەی هیندییەکان بە هۆی بیر و باوەڕی ئاینییانەوە توندوتیژیان ڕەتدەکردەوە و، شالاوی توندوتیژانە دەبووە هۆی لە دەستدانی پاڵپشتی خەڵکی هیندستان بۆی.

دووەم: خەڵکی بەریتانیا بە گشتی چێژیان لە دروستکردنی ئەو خەیاڵە وەردەگرت کە ئەوان لە ڕاستیدا خزمەت بە گەلی هیندی دەکەن ئەگەرچی حوکمڕانیشیان دەکەن، لە ڕاستیدا حوکمڕانیکردنی بەریتانیا بۆ هیندستان لە چەندین ڕووەوە یارمەتیدەر بوو بۆ گەلی هیندی.

ئەگەرچی حوکمڕانی کردنی بەریتانییەکان بۆ هیندستان ڕەوا نەبوو، بەڵام حوکمێکی دڵڕەقانە و دڕندانەش نەبوو هەروەها گەلی بەریتانیا لەو باوەڕەدا بوون کە حوکمڕانیکردنی بەردەوامی بەریتانیا بۆ هیندستان لە بەرژەوەندی هەردوولا دایە، لە کاتێکدا گاندی هەوڵی دەدا، کە بۆیان بسەلمێنێت ئەم بۆچوونەیان ڕاست و درووست نییە.

هەر بۆیە تیرۆریزمی نا توندوتیژی گرتەبەر، لەبری خۆ حەشاردان، خۆی و سەرکردەکانی بزووتنەوەکەی کردە ئامانجی دیار و لەبەر چاو، ئەو ڕازی بوو هەموو کردارێکی توندوتیژی و تۆڵەسەندنەوە ئاراستەی خۆی بکرێت لەبری گەلەکەی، دەیزانی کە بەریتانییەکان لەوە بەرزترن دەستگیری بکەن و بێ دادگایی کردن بیکوژن.

لە دەرئەنجامی کۆتاییشدا گاندی لەچاوی گەلی بەریتانیاوە وەك نموونەیەکی باڵای ئەخلاقی سەیر دەکرا و، دەیانوت گەر پیاوێکی جوامێر و ڕەشت بەرزی وەك گاندی وا بیر دەکاتەوە کە ئێمە ئازاری گەلی هیندی دەدەین ئیتر چۆن دەتوانین بمێنینەوەوە پێویستە وڵاتەکەیان بە جێبهێڵین؟ ئەو کاتەی گەلی بەریتانیا ئەم پرسیارەیان لە خۆیان کرد گاندی جەنگەکەی بردەوە.

کاتێك بەریتانیا بینی کە بەریتانییەکان توندوتیژی و زەبر و زەنگ دژی هیندییەکان دەگرنەبەر و گەلی هیندیش بەم چەشنەی ئەوان وەڵام نادانەوە. ئەوا ئەو وێنەیەی بەریتانییەکان لە بارەی خۆیان دروستیان کردبوو وەك گەلێکی بەڕێز و خاوەن پەروشتی بەرز تێکشکا.

لە ڕاستیدا گاندی توندوتیژی بەکارهێنا، بەڵام توندوتیژییەك دژی خۆی. لەبری کوشتن، ئەو هەڕەشەی خۆکوشتنی کرد، ئەو مانگرتنی لە خواردن دانەهێنا بەڵکو تەواوتری کرد ـ هەرچەندە مانگرتن لە خواردن لە سایەی بارودۆخێکی زۆر تایبەتدا کاریگەر دەبێت، زۆر جار شکست چارەنووسی دەبێت.

مارتن لوتر کینگ لە ساڵی ١٩٦٠ دا لە باشووری ئەمریکا تیرۆریزمی ناتوندوتیژی بەکارهێنا، بەڵام ئامانجەکانی جیاوازتر بوون. دیسان ئەمیش شاڵاوەکەی بە پێی بارودۆخە سیاسییە ناوچەییەکە ڕێکخست، بۆ سوود وەرگرتن لەو ناکۆکییە سیاسییەی لە نێو سپیپێستەکانادا هەبوو. ئەو پێشبینی ئەدەکرد سپیپێستەکانی باشوور ئارەزوومەندانە کۆتایی بە سیستەمی جیاکاری بهێنن، بەڵکو ئامانجی ئەوە بوو سپیپێستەکانی باکوور و باشوور بخاتە ململانێیەوە بۆ ئەوەی هێز و ووزە دەسەڵاتیسپیپێستەکانی باکور بۆ کۆتایی هێنان بەو سستەمە بخاتە گەڕ.

کینگ هەر وەك گاندی باوەڕی وا بوو باشترین ڕێگە ئەوەیە ڕکابەرەکانت ناچار بکەیت بە چەشنێ ڕەفتار بکەن کە وەك شەڕانگێز دەربکەون، بۆ ئەوەی هاوسۆزی جیهانی دەرەوە بەدەست بێنیت. چەندین جار کینگ زیندانی کرا، بەڵام هەر کاتێك ئازاد دەکرا بە هێزێکی زیاتر و باوەڕێکی پتەوترەوە دەردەکەوت.

هەر کاتێك پۆلیسەکانی باشوور لە خۆپیشاندانە ناتوندوتیژییەکانیان دەدا سوکایەتیان پێدەکردن، ئەوا بزووتنەوەکەی کینگ زیاتر بەهێزتر دەبوو. هەروەك گاندی کینگ باوەری وابوو کە دەستگیرکردنەکەی کوشتنی بەدوادا نایەت؟ کردارە تیرۆریستە ناتوندوتیژییەکانی (خۆپیشاندانەکان و، بەجێ نەهێشتنی قوتابخانە و کارگەکان تا وەڵامدانەوەی داواکان) گەورەتر و کاریگەرتر بوون کاتێك خەڵکێکی زۆرتر پەیوەندییان کرد بە ئاپۆرای خۆپیشاندانەکانەوە.

بەڵام دەبزای کاتێك سەردەکەوێت کە سپیپێستەکانی باکور بێت و پەیوەندی بکەن بە هێزەکانیەوە. دەشیزانی درەنگ یان زوو ئەم خواستەی هەردێتەدی. لە کۆتاییدا توانی ئەخلاقی سیاسی زۆرینەی سپیپێستەکان بوروژێنێت تا دەسەڵاتی یاسادانانیان بەکاربهێنێت لە پێناو ناچارکردنی ویلایەتەکانی باشوور تا داواکارییەکانی جێبەجێ بکەن. تا ئەو ڕادەیەی حکومەتی فیدراڵی هەڕەشەی بەکارهێنانی هێزی چەکداری کرد.

پێش ئەوەی کینگ دەست بە ململانێکەی بکات، سەرۆك ئەیزنهاوەر دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای باڵا ، سوپای ئەمریکایی (هێزە چەکدارەکانی) بەکار هێنا بۆ ئاوێتەکردنی قوتابخانەکان وەك جێبەجێ کردنێك بۆ بڕیارەکەی دادگا؟

لەگەڵ دەرچوونی یاسای مافەکان و یاسای مافە مەدەنییەکاندا لە ساڵی ١٩٦٤، جێبەجێ کردنیان ئیتر تەواوی هێزی ویلایەتە یەکگرتووەکان بووە پاڵپشتی بزووتنەوەکەی کینگ؟ ململانێکە بەردەوام بوو، دیوارەکانیش بە هێواشی و لە

سەرخۆ دەکەوتن، بەڵام ئێستا باری ڕەشپێستەکان زۆر باشترە وەك ئەوەی لە ساڵی ١٩٥٥ هەبوو، بەرەو پێشچوونی بارودۆخەکەش بەردەوامە.

بەڵام بەداخەوە باجی ئەم بزووتنەوانە لە دەستدانی گیانی گاندی و کینگ بوو، چونکە ئەوان بە ئاشکرا ڕۆڵیان لە سەرکردایەتی کردنی شۆڕشەکانیدا دەگێڕا و خۆیان کردبووە ئامانجێکی بەردەستی کوشتن و لەناوبردن. بەڵام سەربازانیش لە جەنگدا گیانی خۆیان بەخت دەکەن و، تیرۆریستانیش لەم یاسایە بەدەر نین.

من وا بیر دەکەمەوە دەبێت ئەو ڕاستییە زۆر ڕوون بێت کە تیرۆریزم نەخشە و پلاندانانە نەك کردارێکی نا ئەخلاقی بێت، بەڵام ئەمە هەموو جارێك ڕاست نییە. هەندێ جار تیرۆریزمی بە زەبر و زەنگیش دەکرێت لە ڕووی ئەخلاقی ڕاست و دروست بێت، من گومانم هەیە کەسێك بتوانێت ئیدانەی ماکویسەکان بکات ئەگەرچی بوونە هۆی لە دەستدانی گیانی هەزارەها کەس لە ماوەی جەنگەکەیاندا. بە دڵنیاییەوە ئێمە ڕێز لە کینگ و گاندی دەگرین وەك دوو نمونەی باڵای ڕوشت بەرزی.

هەندێ جار شاڵاوێکی تیرۆریستی توندوتیژ بەرپا دەکرێت بۆ بەرگرتن لە ڕوودانی نەهامەتیەکی گەورەتر لە چاوی ئەوانەی سەرکردایەتی شاڵاوەکە دەکەن. وای دابنێ تۆ بەرەنگاری شاڵاوێکی تیرۆریستی دەبیتەوە؟ چۆن دەتوانی سەرکەوتن بەدەست بێنیت؟ وەك هەر شێوەیەکی تری جەنگ، تەنها سێ ڕێگات لەبەردەمدایە، ڕازیکردن (سازشکردن)، لەناو بردن، ورە پێ بەردانی دوژمنەکەت.

بەڵام تێکشکاندنی ورەی تیرۆریستان کارێکی یەکجار سەختە و بە دەگمەن تیایدا سەردەکەوین. لەناوبردنیشیان کارێکی ئاسان نییە. کەچی تا ئێستاش ئەو وڵاتانەی بەرەنگاری شاڵاوی تیرۆریستی دەبنەوە هەردوو ڕێگەی لەناوبردنی بزووتنەوەکە و وەشاندنی گورز لە ورەی تیرۆریستان دەگرنەبەر.

ڕەنگە ئەمەش بە هۆی سروشتی ناسازانی تیرۆریزمەوە بێت، کە سەرکەوتنی بەندە بە وروژاندنی ڕکابەرەکانەوە کە بە کرداری تۆڵەسەندنەوە هەڵسن. لە هەر شەڕێکدا ئامانجی تۆ تێکشکاندنی هێزەکانی دوژمنە، چونکە بێ تێکشکاندنی ئەو هێزانە هەرگیز ناتوانین سەربکەوین.

لە ڕاستیدا ئەمە بە زۆری لە جەنگدا بەرجەستە دەبێت ئامانجی تۆ داگیرکردن و دەست بەسەرداگرتنی زەوی نییە، بەڵکو شکستهێنانە بە هێزە چەکدارەکانی دوژمن، دەتوانین دەست بەسەر خاکەکەشیدا بگرین. بەڵام گەر هێز و سوپای مابوون، داگیرکردنی زەوی کارێکی باش نییە.

ئێستا وڵاتان ئەو بیروباوەڕیان هەیە کە ئەگەر بەرەنگاری توندوتیژی بوینەوە ئەوا پێویستە بە توندوتیژی وەڵامی بدەینەوە، بەڵام خواستی تیرۆریستان ئەوەیە تۆ کاردانەوەیەکی توندوتیژانەت هەبێت، چونکە ئەوکاتە ئەوان سەردەکەون. کارێکی یەکجار سەختە هەوڵی بنەبڕکردنی هێزەکانی بدەین، گەر هاوسۆزی و پاڵپشتی خەڵکی بۆ تیرۆیستان کەم نەکەینەوە، تیرۆریستان لە شێوەی پۆل پۆل خۆیان ڕێکدەخەن و کرداری هەواڵگری لە دژیان کارێکی پڕمەترسی و لەسەرخۆیە و لە ئاستی پێویستدا نییە.

چونکە بە مانەوەی تەنها یەك شانەش، ئەوا ئەگەری سەرهەڵدان و دروستبوونەوەی شانەی دیکەش ئەگەرێکی ڕاستەقینەیە بە هۆی پەیوەندی کردنی ئەو خەڵکانەی هاوسۆزییانن بە ریزەکانیانەوە. تیرۆریزم نەخۆشییەکی سەختە کە پێویستە لە ناوی بەرین.

لەوانەیە هەندێجار لە ڕێی گفتوگۆوە بتوانین، هەڵوێستی تیرۆریستەکان بگۆڕین، ئەویش بە جێبەجێ کردن و هێنانەدی هەندێ لە داواکارییەکانیان تەك

هەمووی، بە ئومێدی ئەوەی دەست لە ململانێکە هەڵگرن. (بەڵام گرفتەکە ئەوەیە هەندێ جار زیاتر هانیان دەدات).

ئەمە وامان لێدەکات باس لە شاڵاوی فەلەستینییەکان بکەین لە دژی ئیسرائیل، کە بۆ ماوەی پەنجا ساڵە بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ بەردەوامە- با لە دیدی نەتەوەییەکی فەلەستینییەوە سەیری بارودۆخەکە بکەین، بەڵام دەبێت لە بیرمان بێت کە ئەو لە گۆشەنیگایەکی جیاوازترەوە بۆ شتەکان دەڕوانێت، کە ڕەنگە هەڵە بێت.

بەڵام ئەو بە پێی ئەو بیروباوەڕی هەیە بڕیاری شەڕکردنی داوە. لەبری ئەوەی بیر لەوە بکەینەوە بیروباوەڕەکەی ڕاستە یان هەڵەیە دەبێت هەوڵبدەین لێی تێبگەین، چونکە گەر وا نەکەین ئەوا نازانین چۆن هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکەین.

کەواتە با وەك فەلەستینییەك بدوێین:

لە ساڵی ١٩٤٠ ئێمە و خەڵکانی ئێمە خاوەنی خاك و نیشتیمان بووین، ئەورووپییەکان بە ژمارەیەکی یەکجار گەورەوە کەوتنە جوڵە، تا لە ساڵی ١٩٤٨ دا دەسەڵاتیان گرتە دەست و ئێمەیان لە خاکی خۆمان دەرکرد.

کاتێك لەبەر هەر هۆیەك بێت وڵاتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا ئاشتیەکی ناعادیلانەیان بەسەرماندا سەپاند، ئێمە هەوڵماندا خاکی زەوتکراوی خۆمان لە دەستی داگیرکەران بسێنینەوە کە دزیبوویان.

ئەمریکا و بەریتانیا لە بەرانبەر جولەکە هەستیان بە تاوان دەکرد بە هۆی چەند ڕووداوێکەوە کە هیچ پەیوەندییەکی بە ئێمەوە نەبوو، بەڵام لە کۆتایدا ئێمە سزادراین. لە دەرئەنجامدا ئەوان لە باشترین زەویدا نیشتەجێ بوون و ئێمەش لە ناو خێوەتگاکاندا ژیانمان بەسەر دەبرد. لەو کاتەوە ئەوان زیاتر و زیاتر دەوڵەمەند دەبن و

ئێمەش زیاترو زیاتر هەژار دەبین. منالّەکانمان بە هۆی نەخۆشی و برسـێتیەوە دەمـرن و، زۆر ڕەشبینین بەرانبەر بە ئاینده بە گوزارشتێکی دیکە ئێمە ڕقمان لێیانە.

کەواتە ئەمە جیهانبینی ئەوە، کە هەندێ ڕاستی تێدایە و نکـۆڵی لێناکرێـت، دەتوانین بڵێین ململانێی ئایینی دووروودرێژ و کینە ڕەگەزییـەکان و شـکۆدارکردن و بە پیرۆز ڕاگرتنی شەهیدان لە لایەن ئایینەوە هەموو ئەمانەن ناکۆکیەکانیان قوڵتر کردۆتەوە، پاڵنەری بەرگریکردنیان بەهێز کردووە. فەلەستینییەکانیش تەسلیم نابن و چۆك دانادەن، باوەڕم وایە کە ئەوان ئیتر داوای هەموو زەوییـەکانیان ناکەنـەوە، بەڵام بەدڵنیاییەوە داوای هەندێکیان دەکەن لەبەر ئەوەی تاسەر ناتوانن لە کـەمپی پەنابەراندا بژین. ئەوان ئەوەیان دەوێت کە ئێمە دەمانەوێت. ئایندەیەکی گەش بـۆ منداڵەکانیان. وەك هەموو باوانێك ئەوا هەر چییان لەدەست بێت دەیکەن لە پێناو منالّەکانیاندا.

کەواتە ئێستا ڕوونە، کە ئیـسرائیل ناتوانێـت ئـەم توندوتیژییـە بنـەبڕبکات. چونکە پەنجا ساڵە هەوڵدەدەن کەچی هێشتا سـەرنەکەوتوون. کاتێـك باردوۆخەکـە لەبار بێت پاڵنەرەکانی تیرۆریستانیش ئامـادە دەبـن، حـاڵی حـازر پێـنج لایـەنی سەربەخۆ دژی ئیسرائیل لەبەرهەڵستیدان، ئەگەر هەمووشیان بدۆزینەوە و لەناویان بەرین، ئەوا لەجێی ئەوان کەسانی دیکە سەرهەڵدەدەن.

فەلەستینییەکان ناتوانن بەرگەی بارودۆخەکە بگرن، زۆرێك لە فەلەستینییەکان باوەڕیان وایە بـۆ باشـترکردنی بارودۆخەکـە دەبێـت ململانێـی چـەکداری بکـەن. ئیـسرائیل بـۆ هـەر هێرشـێکی تیرۆریـستی کـە دژی ئـەنجام دەدرێـت، تۆڵـە لـە دەسەڵاتدارانی فەلەستینی دەکاتەوە. هەستێك لە ئیـسرائیلدا باڵادەستە ئـەویش ئەوەیە گروپە تیرۆریستییەکان لە ژێـر بـاڵی دەسـەڵاتدارە فەلەسـتینییەکاندا کـار دەکەن، ئەوانیش دەتوانن جڵەویان بکەن.

ئیسرائیل دەبێت سازش بکات، تەنها ئەو کاتە ململانێکە کۆتایی دێت کە زۆرینەی فەلەستینییەکان ئاشتی بە بەدیلێکی لەبارتر بزانن وەك لە ململانێکردن کە ئومێدیان بە ژیان زاڵ بێت بەسەر حەزیاندا بۆ مردن. لەناوبردنی تیرۆریستان کارێکی کردەنی نییە، ناتوانین فەلەستینییەکانیش فریو بدەین کە ململانێکردن بێ سوودە.

تەنها سازشکردن کۆتایی بەم ململانێیە دەهێنێت (سازشکردن) وشەیەکی خوازراو نییە، بەڵام تاکە ڕێگا چارەی ئاشتییە ، حکوومەتی ئیسرائیل لەبەر زۆر هۆ ناتوانێت سازش بکات، لەوە ناچێت دەنگدەرە ئیسرائیلیەکان ئەم بەدیلە (سازشکردن) پەسەند بکەن.

هەردوو لایەنی ململانێکە دەرکیان بەو ڕاستییە کردووە کە ناتوانن بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شکست بە بەرانبەرەکەیان بهێنن، هەر بۆیە هەردوولایان چاویان لە یارمەتی وڵاتە دەرەکییەکانە. لە ماوەی پەنجا ساڵی ڕابردوودا فەلەستینییەکان توانیان سێ جار دەوڵەتە دراوسێ عەرەبەکانیان قەناعەت پێ بکەن کە هێرش بکەنە سەر ئیسرائیل، بەڵام هەر سێ هێرشەکە شکستی هێنا، لە ساڵی ١٩٧٣، هیچ هێرشێکی دیکە نەکراوەتە سەر ئیسرائیل، پێناچێت لە ئایندەشدا کەس ئەم سەرکێشیە بکات.

حاڵی حازر گروپە تیرۆریستە فەلەستینییەکان بەردەوام هێرش دەکەنە سەر ئامانجەکانی ئیسرائیل و ئیسرائیلیش بەردەوام تۆڵەیان لێدەکاتەوە.

من هیچ ڕێگایەك بۆ دەرباز بوون لەم بارودۆخە نابینم، هەربۆیە باوەڕم وایە تا ئاییندەیەکی دوور هەر بەردەوام دەبێت و هیچ لایەنێك ناتوانن سەرکەوتوو بن، هیچ لایەنێکیش دەست لە ململانێکردن هەڵناگرێت و، ئاستی قوربانی و کوژراوەکان بەرەو هەڵکشان دەچێت.

http://www.electricminds.org

سروشتی تیرۆریزم و چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی لە داهاتوودا

بۆب چێرنۆ

و: مەڕوان کاکڵ

بۆ ئەوەی لەگەڵ تیرۆردا بجەنگین، دەبێ ئەوە بزانین کە چ هانی تیرۆر دەدات، هەروەها دەبێ بە باشی ئاشنای سروشتی توندڕەوییی تیرۆریستان بین. جگە لەمەش پێویستیمان بەوە دەبێ کە خواستی نوێ لە تیرۆردا دەربخەین. چونکە تێگەیشتن لە جیاکەرەوە و تایبەتمەندێتی تیرۆریستان و ئاشنابوون بە وردەکارییەکانی جیهانی ئەوان، بە ئاسانی هەنگاوەکانمان بەرەو ئەو ڕێچکەیە پەلکێش دەکات، کە لە ئاکامیدا دەتوانین بۆنی ئەو ڕۆژە بکەین تیرۆریستان لاواز و پووکاوەن. هەروەك (سۆن تزو) لە *"هونەری جەنگ"*دا دەڵێت: ئەگەر تۆ نەدوژمنت و نەخۆت نەناسیت، ئەوا لە هەموو جەنگێکدا دەدۆڕێیت.

تیرۆر، بریتییە لە چالاکی بێ هێز دژی بەهێز. تیرۆرستان بڕوایان وایە دەتوانن پەشێوی و ئاڵۆزی لەنێو خەڵکی مەدەنیدا بنێنەوەو بەوە نیشانی بدەن کە دەسەڵاتی حکوومی وەك دامەزراوەکانی کار یان دەزگا ئاییینییەکان ناتوانن ئارامی دابین بکەن، گرنگتر لەوەش، دەبێ بزانین کە کاردانەوە لەگەڵ تیرۆردا قوربانی گەرەکە و، زاڵبوونیش بەسەر ئەو کاردانەوەیە قوربانی دیکەی دەوێت. قوربانییەکان، تیرۆریزم و بزووتنەوە یاخیبووەکان بەهەمان شت لە قەڵەم دەدەن، لە ڕاستیدا بزووتنەوەی یاخیبووان لە ئەوەی دی جیاوازە، چونکە گەریلاکانی بزووتنەوەی یاخیبوو بواری ڕووبەڕووبوونەوە یاخود ئەو هێرشەی کە لە بەرژەوەندی خۆیاندا بۆ سەر دەسەڵات ئەنجامی دەدەن، زۆر زیاترە لە تیرۆریستان.

ئەڵمانییەکان، بە دڵنیاییەوە، ئەندامانی بەرگریکارە فەرەنسییەکانیان وەك تیرۆرست ژمارد. بەهەمان شێوە ئێمەش لە ولاتە یەکگرتووەکان (ڤاییێت کۆنگ)مان وەها ناوزەد کرد و، تیرۆریستەکانی نێو تونێڵەکان کە بەرگری داگیرکاری ئەڵمانیان کرد و فەلەستینییە خۆکوژەکانیش هەر هەمان ناویان لێ نرا.

جیاوازییەکە وەك ئەوەی کە من دەیبینم، یاخیبووان زیاتر ئامانجی بەرگریکارانەیان هەیە و، مەرامی کۆتاییشیان بریتییە لەوەی دوژمنەکانیان هەرێمەکەیان بۆ چۆڵ بکەن، بەڵام ئامانجی تیرۆریزم جیاوازە، بەوەی تەنها ئامانجی سەربازی نین، بەڵکو بریتییە لە نانەوەی ئاژاوەو پەشێوی کۆمەڵایەتی، ئەویش نەك بەهۆی هێزەوە، بەڵام لە ڕێگەی خۆڵقاندنی نائارامی لە کۆمەڵگادا، ئەنجامی دەدەن.

بەلای یاخیبووانەوە، هێزی گەورەو کاریگەر لە چەکدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام تیرۆرستان لەوانەیە سەرچاوەی ئاو ژەهراوی بکەن، یان هێماو ڕەمزە گرنگەکان بتەقێننەوە، وەك پنتاگۆن یان کۆشکی سپی. ئامانجی یاخیبووان بەدەستهێنانی

ڕای گشتی و سۆزە بۆ کێشەکەیان بەڵام تیرۆرستان دەیانەوێت لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ترس و دڵەڕاوکێ لەنێو خەڵکیدا دوژمنەکانیان ملکەچ پێ بکەن بۆ بەجێهێنانی داواکارییەکانیان. هێزی سەربازی ئەمریکی بەئاسانی دەتوانێ بەشێوەیەکی ئاسانتر ڕووبەڕووی دوژمنێکی ناسراو بێتەوە کە هێزەکەی لە ناوچەیەکی دیاریکراو چڕ بووەتەوە. لەم بارەدا بەسەرکەوتویی کۆنترۆڵی ئاسمان دەکات و تیایدا دەتوانێ تەواوی هێزی خۆی بەکاربێنێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنەکەی... ئەوەی ئەمریکا بەرانبەر بە کردارەکانی تیرۆریستان ئەنجامی دەدات، وا بەباشی لە دژی بزووتنەوە یاخیبووەکان ئەنجامی نادات. زۆرجار هەواڵگەری، بزووتنەوە یاخیبووەکان دەخاتە فشارەوە، لەبری ئەوەی تێگەیشتنێك بەدەستبهێنێت کەچی هانی دوژمنان دەدات بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان... ئێمە چارەسەرێکی خێرامان دەوێت، کە زۆر جار ئارامگرتن باشترین چارەسەرە. لە ڕاستیدا هێرشکردنە سەر تیرۆرستان کارێکی سەختە، وەك ئەوەیە بتەوێ بەری ڕۆژ بە بێژینگ بگریت.

ئایا ئابڵۆقەدانی تیرۆریزم باشترین کارە ئەنجام بدرێ؟ ئایا ئەمە زیاتر واقیعییە لەوەی کە ڕیشە کێش بکرێ؟

بە بڕوای من کارکردن لەگەڵ ((ئیریك هۆفەر)) دەستپێکردنێکی باش دەبێ بۆ تێگەیشتن لەوەی کەچی هانی تیرۆرست یان توندڕەوان دەدات. هۆفەر، بەدرێژی لەسەر ((بڕواداری ڕاستەقینە)) دەدوێت، بەچەشنێك کە ئەو بۆچوونانەی لەبارەی هاندانی بڕوادارنی ڕاستەقینە خستویەتیە ڕوو، بە دڵنیاییەوە ئەمڕۆ ڕاستە.

هۆفەر بڕواداری ڕاستەقینەی بەشێوەیەك پێناسە کردووە کە دڵسۆزییەکی لە ڕادە بەدەری هەیە، ئامادەیە قوربانی بۆ هۆکارە پیرۆزەکان بدات. بەگوێرەی ئەم پێنایەسە توندڕەوە ئاینییەکان و نەتەوەییەکان دەچنە ئەم چوارچێوەیە. ئەم گروپانە

پشتیوانی پێشیتەی خۆیان لە خەڵکێکەوە بۆ هەمان زنجیرەی بیروباوەڕ نیشانداوە. بەڵام ئەواتەی کە بە پاڵەوان ناویان دەبەین بەلای هۆقەرەوە لەم چوارچێوەیە بەدەرن.. وەك پیاو و ژن کە لەژێر فیشاردا ژیانیان دەخەنە مەترسی بۆ ئازاد کردنی هاوڕێکانیان، یان خەڵکی کە میدالیای شەرەفی کۆنگریسی وەرگرتووە، هەروەها ئەو سەربازانە یان ئەو یاخیبووانە کە دژی هەلێکی توندڕەوی هەر کێشەیەك دەجەنگن یان تەنها ئەرکی خۆیان بەجێ دەهێنن.

لە دوای تەنگژەی ٩/١١، تەنها چەند سەرچاوەیەکی کەم لەچەشنی بۆچوونەکانی هۆفەر بەرچاو دەکەون. من وا دەبینم کە کارەکەی ئەو ((کە لە پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو *بڕواداڕانی ڕاستەقینەی* نووسیوە)) پەیوەندییەکی بەتینی لەگەڵ ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا هەیە و بەتەواوی وێنەیەکی هاوشێوەی ئێستامان دەکێشێ. *بڕواداڕانی ڕاستەقینە*، بەدرێژی باس لەو خەسڵەتانە دەکات کە بزووتنەوەی جەماوەری دێنێتە بوون و توندڕەو لێیانەوە لە دایك دەبێ.

ئەمانەی خوارەوە پێداچوونەوەیەکی بۆچوونەکانی (هۆفەر)ن کە من جارێکی دیکە دام ڕشتوونەتەوە.

ئارەزووکردن لە گۆڕان: بریتییە لەخواستی ڕاستکردنەوەی هەڵەکان لە کۆمەڵگەدا کە ڕژێمێکی کۆنەپەرستی یان ستەمکاری بەڕێوەی دەبات و دابڕانێکی قووڵ لە نێوانیاندا لە ئارادایە. توندڕەوەکان بڕوایان وایە کە هێزی ئەوەیان هەیە بتوانن کۆمەڵگا بەرەو بیرۆکەکانی خۆیان ڕاگوێز بکەن، واتا هێزی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا ڕوویێکی ئیجابییە بۆ گەشبینەکان نەك ڕەشبینەکان، بەبێ ڕەچاو کردنی ئاکامەکەی.

پێویستی جێگرتنەوە: توندڕەوەکان پێویستیان بەوە هەیە، بۆ شتێك بژین شایان بێت کە خۆیانی بۆ بەخت بکەن، کاتێك کە بڕواداری ڕاستەقینە ژیانی

خۆپەرستی خۆی بە دڵسۆزی دەگۆڕێتەوە، ئەوا بڕوا بەخۆبوونێکی یەکجار گەورە بەدەست دەهێنێت.

ڕۆڵی زەرەر گەیاندن: زیان گەیاندن لای هۆفەر هۆکارێکی کاریگەرە، چونکە ئەم پیاوانە ژیان و ئێستایان و داهاتوویان بە دارماوی و بێ چارەسەر دەبینن، ئەوان ئامادەن بەهەدەر بڕۆن و لەناو بچن، بۆیە مەیل و سەربزێویان بەلای ئاژاوەو نانەوەی پەشێوییە و، ئارەزووی توانەوەی دەروونە بێ سوود و خرابووەکانیان هەیە. ۹/۱۱، نموونەیەکی کلاسیکی ئەم کردارانەیە.

هۆفەر ئەمانەی بە کەمتەرخەم ناوبردووە و ئەو گروپانەشی دیاریکردووە کە لێیەوە سەرچاوەیان گرتووە:

١ـ هەژارەکان.

٢ـ ئەوانەی لەگەڵ کۆمەڵگە ناگونجێن.

٣ـ بێ دایك و باوکان.

٤ـ کەمینەکان.

٥ـ هەرزەکاران (ئەوانەی بەشێکی گەورەی پێشکەوتنی کۆمەڵگەن).

٦ـ ئەوانەی تەم و مژاوی و لێڵن (ڕووبەرووی تەگەرەی چارەسەرنەکراو یان هەڵەی دیارینەکراو دەبنەوە).

٧ـ خوو پێوەگرتووان (المدمنون).

٨ـ کەم ئەندام یان کەم عەقڵ.

٩ـ خۆپەرستان.

١٠ـ ئەوانەی پەست و بێزاران.

١١ـ تاوانباران.

لە ڕوانگەی هۆفەرەوە ئەو هۆکارانەی کە هانی خۆ کردنە قوربانی دەدەن بریتین لەمانەی خوارەوە:

١ـ بۆ ئەوەی کەسێك ئامادە بکرێ بۆ قوربانیدان، دەبێ لە کەسایەتی و ناونیشانی خۆی دابماڵدرێ و، دەبێ ئەو کەسە هەموو شتێکی بخاتە لاوە، هەروەها هێز بەلای هۆفەرەوە بەشێکە لە گەورەیی، بەزەیی و، خۆڕاگری بەرانبەر بە ڕووداوەکان.

٢ـ بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مردنی بێ ترس، پێویستە هەندێ جۆری خەیاڵ و وەهم لە مێشکی ئەو کەسەدا بچەسپێنرێت. بەجۆرێك توندڕەو خۆی وەك ئەکتەرێك دەبینێ وا لەسەر شانۆیە، مردنیشی وەك چالاکییەك دێتە بەرچاو کە باوەڕی پێ بهێنێت و دەبێت بەکارێکی شانۆیی.

٣ـ ئەوان بڕوایەکیان هەیە کە ژیانی ئێستا (دونیا) خەم و کەساسی و ناخۆشییە، تەنها هیوایەك بۆ داهاتوویەکی باشتر هاتنی جیهانەکەی ترە، واتە ڕووخاندن و تێکدانی ژیانی ئێستا بۆ خولقاندنی داهاتوو.

٤ـ بڕاوادارى ڕاستەقینە، بێ بیرکردنەوەو نەفامانە، بەهۆی ئارەزوو خولیاوە خۆی دەکاتە قوربانی. لە ڕاستیدا ئێمە کەمتر ئامادەین بۆ ئەوەی ئێستا هەمانە یان تیایداین بمرین، لەوەی کە ئارەزوومانە یان حەز دەکەین بمان بێت یان پێبگەین. ئایا نەفامییە کە خەڵکێك ئارەزووی مردن بکات لەپێناو کێشەیەك، ئاڵایەك، یان بیرێکی خەیاڵی؟ بەلای بڕوادارانی ڕاستەقینەوە نا!!

٥ـ عەقیدەو بیروباوەڕ پێویستە بۆ دروستکردنی یەقین لە دەروونی هەر مرۆڤێك، چونکە ڕاستەقینەی تەواو لە بیروباوەڕدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵام بە لای ئەوانەوە گرنگ نییە کە لە بیروباوەڕ تێبگەن، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە بڕوا پێکراوە.

٦ـ کەسی توندڕەو هەمیشە ناتەواو و نائارامــە و، خــۆی ڕەت دەکاتــەوەو بــە ئارەزوویێکی توندڕەوانە دەیگۆڕێتەوە بــۆ کێــشەیەك کــەوا تێیــدەگات سەرچــاوەی هەموو ڕاستی و هێزێکە.

هەروەها هۆکارەکانی یەکبوونی بزووتنەوە توندڕەوەکان لەمانــەی خــوارەوەدا دەبینینەوە:

١ـ رق و قینە.

٢ـ لاساییکردنەوە.

٣ـ بڕواکردن و ناچارکردن.

٤ـ سەرکردایەتیکردن (ناتوانێ لە کەشێکدا بژی کە بێ کاربــێ، تــەنها دەبــێ سەرکردایەتی بکا).

٥ـ کردار.

٦ـ گومان.

لــە ڕاســتیدا هــەموو بزووتنــەوە جەماوەرییــەکان خــراپ نــین و، بزووتنــەوە جەماوەرییە ئیسلامی و مەســیحییەکانیش تاڕادەیــەك باشــن، کاریــانکردووە بــۆ گۆڕینی ئاراستەی مێژوو. هەروەها هــەموو تونــدڕەوەکانیش شــەیتان نــین، بــەڵام هۆفەر زانیاری و تێگەیشتنی بەنرخمان پێدەبەخشێ کەچی وا دەکــات تونــدڕەوەکان دروست بن.

دیسان گرنگە کە تیرۆرست لە یاخیبوو جودا بکرێتەوە، هەرچەندە هەردووکیان ویستیان ئەوەیە کــە دەســت لــە ژیــانی خۆیــان هــەڵبگرن، بــەڵام لەیەکەمیانــدا، ئامانجیان بێ هێزکردن و لەرزۆککردنی بنیاتی حکوومەتە، لە کاتێکــدا دووەمیــان مەبەستیان بەجێگەیاندنی ئامانجێکی تایبەتە.

دیارترین بزووتنەوەی یاخیبوو، ڕاپەڕینی فەلەستینییە. لێرەدا کردارو دژەکردارەکان ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە، فەلەستینییەکان ڕادەپەڕن و دادەمرکێندرێنەوە، زیاتر ڕادەپەڕن، لە دووایدا خانووەکان دەڕوخێنرێن لە ئاکامی بەدواداگەڕانی یاخیبووان... منداڵان بەهۆی ئەوەی لەبەرەی ئاگردان و خۆکوژەکانیش لەنێو ئەواندا سەریان هەڵداوە، دەکوژرێن. بە لای زۆربەی فەلەستینییەکانەوە، تاکە هێز بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی حکوومەتە بەهێزەکەی ئیسرائیل بریتییە لەکاری نائومێدکردن. نموونە بۆ کاری تیرۆرستی هێرشی سوپرپاسیستە سپیپێستەکان بۆ سەرشانی ئۆکلاهۆما و گازی ژەهراوی لە تونێلەکەی یابان.

هەندێ لەو خواستانە چین کە لە تیرۆریزمدا دەیانبینین؟؟

تیرۆر لەبزووتنەوە جەماوەرییەکاندا گۆڕانی بەسەردا دێت. بزووتنەوەکەی ئوسامە بن لادن، بزووتنەوەیەکی جیهانییە، تەنها لە وڵاتێکدا یان لە هەرێمێکدا نامێنێتەوە، لە هەموو ئەوەی کە ئێستا ناسراوە، سیستەمێکی ئابووری ئاڵۆز یان ئاڵۆزبوو، کە بەهۆی پێشکەوتوو یان کەم پێشکەوتوو بەیەکەوە بەستراوەتەوە. دەبێ ئێمە بەشێوەیەك لە تیرۆر بگەین کە بچینە ڕووی دواوەی ڕووکەشی بیروڕاکانمان. ئێمە ئوسامە بن لادن وەك بزووتنەوەیەکی ئیسلامی ڕادیکاڵی دەبینین، بەڵام لە بەشێکی دا وانییە، ڕەگێکی زیاتری لەسەر بنەمای خواستی ئازادکردنی خاکی پیرۆزی موسوڵمان (سعودیا) دامەزراوە، کە دوور بێ لە کاریگەری ڕۆژئاوا و، بنیاتنانی ئیمبراتۆریەتی سیاسی ئیسلامی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بۆ ئاسیا پەل بهاوێت. بە دەستەواژەیەکی دیکە چی دەبێ ئەگەر موسوڵمانەکان قودس (ئیسرائیل) داگیر بکەن؟

گروپە بەرهەڵستکارییەکانی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان بەخێرایی بە ئاراستەی توندڕەوی نەشونما دەکەن، لەوانە گروپەکانی مافی ژیان و مافی ئاژەڵان و چالاکەکانی ژینگەپارێزان. لایەنگرانی ئەم کێشانەو کێشەکانی دیکەی هاوشێوەی ئەمانە بەهۆی بەگوێنەکردنی خەڵکەوە تووشی کاری توندوتیژی بوونەوە، وەك بەڕەڵاکردنی ئاژەڵ و تێکدانی کارگەی بەرهەمهێنانی فەرو و...هتد، پێشتر هێلێکیان کێشابوو لەدژی بریندارکردنی یان کوشتنی خەڵك، بەڵام ئەوە زۆری نەکێشاو دیواری قەدەغەکردنەکەی لێ هەڵگیرا... سوتاندنی ماڵ و موڵك زۆر باو بوو و لە ڕێگەی ئەنتەرنێتەوە ترسی کوشتن بڵاو دەکرایەوە لەدژی ئەو نوژدارانەی کە کرداری لەباربردنیان ئەنجام دەدا... تەندروستخانەکان دووچاری تەقینەوە بوونەوە، پزیشکەکان کوژران... سەرەڕای ئەمەش بازرگانیکردن بەدەرمانی نایاسایی و، ەك هۆکارێك تیرۆر بۆ هێشتنەوەو پارێزگاریکردن لە دەسەڵات بەکاردەهێنێ و هەروەها بۆ وورووژاندنی خواستی خەڵکی لە دژی گەندەڵی. بزووتنەوە تێکدەرەکانیش، شێوەی تازەیان دۆزییەوە، ئەویش بەکارهێنانی ئەنتەرنێت بوو کە هۆکارێکی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی و نێوخۆییشە. گروپی سەرتاشراوەکان (کە بەزۆری توندڕەوەکان دەگرێتەوە) دیارترین سودمەندی ئەم بوارە بوون.

بەڵام بەهۆی تەکنەلۆژیاوە هەندێ بزووتنەوە و گروپ دووچاری پشت گوێخستن و جێهێشتن دەبنەوە، بۆ نموونە.. دەرمانی قەدەغەکردن یان حەبی قەدەغە کردنی منداڵبوون، داواکاری لەباربردن کەمتر دەکاتەوە، بەمەش تایبەتمەندانی لەباربردنیش چی دیکە نابنە نێچیری توندڕەوەکان. هەروەها ئەوەی لەتەمەنی دانیشتوانی وڵاتە پێشکەووتوەکاندا بەدی دەکرێت تیرۆریزم کاریگەری کەمتر

دەبێتەوە، بەهۆی کەمبوونەوەی ڕێژەی لاوان لەم کۆمەڵگایانەدا، بەمەش کەمتر ئەندامی نوێ دەچنە ڕیزیانەوە.

لەوانەیە تەکنەلۆژیا، تیرۆری داهاتوو دیاریکراوتر بەلام کاریگەر تر بکات ئەویش لەڕێگەی چەکی بایۆلۆژی یان چەکی کیمیایی. ڕۆژئاوا ئەم جۆرە چەکانە لەبری چەکی کیمیایی تەقلییدی ١٩٩٣ پەرەپێدەدا، لە ڕاستیدا ئەو چەکانەی کە لە سۆڤیەتی پێشوو ماون و لەناو نەبراون، چەکی نوێ دروستکراوە بۆ لەکارخستنی کاریگەری فەوتێنەریان وەك فانتیل کە لەم دواییەدا روسیا بەکاری هێنا، پەیمانی لۆفۆن ١٩٩٣، ڕێگە بە بەکارهێنانی هۆکارە کیمیاییەکان دەدات بۆ دەستبەسەرداگرتنی ڕاپەڕین و خۆپیشاندانە توندو تیژەکان و چالاکییەکانی دیکەی سەپاندنی یاسا. جگە لەمانە تەکنەلۆژیا مەترسی دیکە بۆ کۆمەڵگا دەهێنێتە ئاراوە و وادەکات بەشێوەیەکی فراوانتر بەرەو ڕووی کاری تیرۆرستی ببێتەوە، لەوانەیە هێرشی ڤایرۆسی بکرێنە سەر سیستەمی تۆڕەکانی پەیوەندیکردن.. بۆیە کاتێك ئێمە لەهەندێ بواردا بەرەو پێشەوە هەنگاو دەنێین، دەبێ بزانین کە هێشتا پاشماوەی زیاتر ماوە کاری بۆ بکرێ بۆ ئەوەی لەدژی تیرۆردا بجەنگین.

تێگەیشتن لە زنجیرەی بیر (بیروباوەڕ)ی تیرۆرستان

دەبێ ئێمە لەبیری تیرۆرستان تێبگەین، هەروەها ئاگاداری ئەوەش بین کە دەیانەوێ چی لەڕوانگەی خۆیانەوە ئەنجام بدەن. لەوانەیە ئەمە تا ڕادەیەك ڕوون بێت، بەلام ئەم تێگەیشتنە بەدەگمەن جێبەجێ دەبێت. حاڵەتی فلیپینییەکان و مالیزیا نەبێ کە لەدوای جەنگی دووەمی جیهان ئێمە لە دانیشتوان باش تێگەیشتبووین و، بەهەمان ئاراستەش کارمان کرد، تەنها ئەم حاڵەتە نەبێ کە لەم تێگەیشتنە بەدەر بوو، ئێمە یارمەتیمان لە دوژمنان دابڕ کرد، بەلام هەوڵێشماندا

کێشەکان بەرەو ڕووی دانیشتوان بکەینەوە بۆیە ئەم بزووتنەوانە زۆر لە تیرۆریستان یاخیتر بوون.

تێگەیشتن لە دوژمن و لە خۆشت، بێ گومان هۆکارێکی یارمەتیدەر دەبێت بۆ پێشخستنی ستراتیژیەتێك کە دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی ئەو پاڵپشتی و یارمەتییەی دەگاتە تیرۆریستان. ئەوەیان خاڵێکی تا ڕادەیەك سانایە، بەڵام کۆمەڵگایەکی خاوەن ژمارەیەکی گەورە لە ڕێژەی دانیشتوانی لاو، هەرێمی بەپیت و لەبار بۆ تیرۆریزم دەخولقێنێ. لەو کۆمەڵگایانەی کە دانیشتوانیان بەتەمەنترن، ولاتێك کە هەژاری و گەندەڵی یەکجار تێدا بلاوە، یان کێشەی ڕۆڵی ئافرەت و پێگەکەی لە ئارادایە، ئەوا ئەو هەرێمە دەبێتە سەرچاوەیەکی بەپیت بۆ دروستبوونی تیرۆریستان. پێویستە ئێمە لە ئالۆزی بەرژەوەندی خۆمان بگەین، بەڵام ئەم بەرژەوەندییە خۆیبە بەلاوە بنێین، بۆ ئەوەی ئامانجێکی گرینگتر دەستەبەر بکەین کە بریتییە لەوەدەستهێنانی هەستی ئارامی.

پەرەپێدانی یەکخستنی هەواڵگەرییەکانمان

پێویستە ولاتە یەکگرتووەکان یەکخستنی هەواڵگەری پەرە پێبدات و لەوەش گرنگتر سیستەمەکانی ڕوونکردنەوەو تێگەیشتن پێشبخات کە ئەمەش چوونە نێو تۆڕە تیرۆریستییەکانی گەرەکە بۆ ئەوەی بەپلان و هاندەرەکانی تیرۆریستان ئاشنا بێت، لەڕاستیدا ئەمە ئاسان نییە، بەڵام دەتوانرێ ئەنجام بدرێت، بۆ نموونە هەواڵگری میکانیکی لەڕێگەی سەتەلاییتەوە کەمتر سوود دەگەیەنێت بە بەراورد لەگەڵ هەواڵگەری مرۆیی لەجەنگی دژە تیرۆردا. بەڵام ئەوەی کە سەختە ئەنجام بدرێ، ئەوەیە کە بەباشترین شێوە هەواڵگەری بەکاربهێنرێ.

من بڕوا ناکەم کە بەهێزکردنی ئەرکەکانی هەواڵگەری وەڵامێکی ئەوتۆ بەدەستەوە بدات زیاتر لەوەی کە پێویستی بە سیستەمێك هەیە بۆ ڕوونکردنەوەی خێرایی پەیوەندیکردن لەڕێگەی زنجیرەیەك فەرمانی گرنگی هەواڵگری کە بتوانرێ کاری لەسەر بکرێ. هەر چۆنێ بێ سیستەمی هەواڵگری ئێستامان وەها کاریگەر نییە کە دەبوو ببا، هەروەك جارێکیان (پۆگۆ) گوتی: ((ئێمە بە دوژمن گەیشتین، ئەویش ئێمەین)).

داننان بەداوی سیاسی

پێویستە پاڵپشتی و هاندان لە کرۆکی بزووتنەوە تیرۆریستییەکان دابماڵێن، ئەویش بە داننان بە کێشە یاساییەکان وەك بێ بەشکردن، هەژاری، گەندەڵی، چەوساندنەوەو دامرکاندنەوەی نەتەوەیی، زمانی نێوخۆیی و، ئایینی. بۆ نموونە کەس گومان دەبات کە یەکێك لە ڕیشەکانی سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستی ئیرلەندی، دوور خستنەوەی کاسۆلیك بوو لەهەموو بەشدارییەکیان لە حکوومەتدا؟ ئایا دەبێ ئێمە میسالیەتی خۆمان بۆ یەکسانی نێوان ڕەگەز، بەتایبەتی لە سوپادا لە وڵاتێکی وەك سعودیادا جێ بەجێ بکەین؟!

من دەمەوێ ئامۆژگاری بکەم بەیەککگرتنی (مشتە کۆڵەی ئاسنین) و (پەنجەوانەی پەڕۆیین) کە شێوەیەکی سوودمەندە لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆریستان. سەرەتا لە ڕێگەی هەواڵگرییەوە مەڵبەندی بزووتنەوەی تیرۆریستی دیاریبکەن و هێز بەکاربهێنن بۆ هاوتاکردنی ئەم بنکەیە. بەڵام ڕەچاوی بەکارهێنانی (پەنجەوانەی پەڕۆیین) بکەن بۆ بیانوو هێنانەوەو بەیاساییکردنی بایەخ و گرنگی ئەو خەڵکانەی هاوسۆزی تیرۆریستەکانن لە ڕێگەی پێشکەشکردنی پرۆژەی وەك چاودێری تەندروستی، ئاوەڕۆ، خزمەتگوزاری ڕێك و پێك، بۆ ئەو شوێنانەی کە ئەم بنکانە تیایدان، بەواتایەکی دیکە، دەبێ گەندەڵی بنەبڕ بکرێت.

ڕووبەروو بوونەوەی ڕای گشتی کە تیرۆریستان لە ڕێگەی پڕوپاگەندەوە بەدەستی دەهێنن

ئەگەر بوار ڕەخسا توندڕەوێك دەربخەیت گەندەڵی كردووە، یان لە مەیدانی جەنگدا ڕایكردووە، ئەگەر بەئەنقەست ئەم بێ متمانەیی و بەرژەوەندییە كەسییەی ئەو لەلای سەركردەی گروپەكەی دەربخەیت، دەتوانی بێ متمانەیی بە درێژایی ڕیزەكانی دوژمن دروست بكەیت. دەبێ ئاگاداریمان هەبێ و لەوە دڵنیا بین كە تیرۆریستان فشاریان نەخستووەتە سەرمان بەشێوەیەك كار بكاتە سەر ئازادیمان یان بیخاتە مەترسیەوە. ئاشكرایە كە لە وڵاتە یەكگرتوەكاندا ئاسایشی نیشتیمانی و چاكخوازەكان لە FBI و CIA زۆر كاریگەرانە هاوكاری یەكتری دەكەن كە لەپێشوودا جیابوون.

دەبێ بەردەوام بین لە بەكارهێنانی سیستەمی پەیوەندیكردنی پێشكەوتوو كە لەبەردەستدان بەمەبەستی چاودێریكردنی چالاكی تیرۆریستان و، ڕێگا بدۆزیینەوە بۆ شیكردنەوەی ئەوەی فێری دەبین و بیگوازیینەوە بۆ دەسەڵات، كە دەتوانێ لەكاتی گونجاودا كاری لەسەر بكات.

بەكورتی كرداری سەربازی و سیاسی لە جەنگی دژە تیرۆردا پێویستە یەكبخرێ. تەكنەلۆژیای باڵاو هیزی سەربازی گرنگ لە ڕووبەرووبوونەوەی لەگەڵ تیرۆردا ناتوانێ كاریگەرتر بێ بەقەدەر تێگەیشتن لە بیركردنەوەی تیرۆریست یان (بڕواداری ڕاستەقینە) و، دەبێ چوونە نێو لایەنی ڕاستەقینەی مرۆڤ بەشێكی گرنگی كارەكانمان بێ.

سەرەتا كە ئەم وتارەم خوێندەوە، پرسیارم كرد كە ئەگەر دەكرێ دەستنیشانبكرێ، ئایا بزووتنەوە تیرۆریستییەكان یان یاخیبووان لە كوێوە دێن یان دروست دەبن؟ وەڵامم ئەوە بوو كە تارادەیەك ئاسانە... ئەو هۆكارانە دەستنیشان

بکرێن کە لەنێو کۆمەڵگەدا هانی زۆربوونی تیرۆریستان یان یاخیبووان دەدەن. بـۆ نموونە: دانیشتوانی تێر لە نێوان ١٦ـ ٢٢ و، بژاردەیەکی خوێنەواری بێ بەرهـەمی کارکردن، یان کەسانێکی گەندەڵ کە بەبێ پێشبڕکێ ئابووری بـەڕێوە دەبـەن، ئـەوا شێوەی سیستەمێك پێك دەهێنێ کە وزەی لاوان بەشێوەیەکی سلبی بەکار دەبـات بۆ ئەوەی کۆمەڵگە بگۆڕێت.

لە کۆتاییدا، سنوور دارکردنی تیرۆریستان دەبێ وەك ستراتیژیەتێکی سـەرەکی ڕەچاو بکرێ، بەڵام لەکاتی دانانی هەر چوارچێوەیەك بۆیـان، دەبـێ ڕەچاوی ئـەوە بکەین دانیشتوانی نێوخۆیی کە تەنها یارمەتیدەرن یان لایـەنگرانی تیرۆریـستانن، نەبن بە بەشداریکەری چالاك، چونکە سەرەکیترین باوەڕو ئامـانجی تـیرۆر بریتییـە لەچاندنی ددانی ئەژدیهاکان، نابێ ئێمەش ئەژدیهاکان بدورینەوە.

The Nature of Terrorism and Advice on Combatiñg it in the Future

Bob Chernow

http://www.wfs.org

ئامرازەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمی داهاتوو*

ن: ئیریك هیرن
و: هێمن غەنی

دەبێت پێشبینی چ چەشنە چالاکییەکی تیرۆریستانە بکەین لە داهاتوودا؟ ئەگەری زۆر ئەوەیە هەمە چەشنیەك بێت لەو کردار و چالاکییانەی ئێستە لە دەورووبەرماندا ڕوو دەدەن، سەرەڕای چەندین کرداری چاوەڕواننەکراوی دیکە کە ئێمە دەترسێن تەنانەت هەر بیریشیان لێ بکەینەوە.

ئەمە لەوانەیە کوشتن و لەناوبردن بگرێتەوە لەگەڵ ئەو کردارانەی ڕاستەوخۆ دژی حکوومەت ئاراستە دەکرێن، پێکەوە لەگەڵ فشار هێنان بۆ سەر ڕای گشتی و بەرپا کردنی جەنگی دەروونی.

لەوانەیە شاهێدی کردەوەی خۆکوژی بین، پێکەوە لەگەڵ بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژدا، بۆی هەیە شاهیدی هێرش و زەبری هەمە لایەنە و تیرۆری سەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێت بین.

ئەنجامدەرانی ئەو چالاکییە تیرۆرستییانە دەشێت تیرۆرستی ناسراو بن یاخود ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستانە بن کە هێشتا دانەمەزراون و بە پێی بارودۆخ و پێویستی دادەمەزرێن.

زۆرێك لەو ئەگەرانەی ئاماژەمان پێكردن و چەندین ئەگەری دیكەش كە هێشتا هەر بیرمان لێ نەكردوونەتەوە دەكرێت بەشێك بن لە تیرۆری داهاتوو.

پرسیاری ڕاستەقینە ئەوەیە، ئایا ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم هەڕەشەیەین؟ دەمەوێت بیركردنەوە بەو ئاراستەیەدا بورووژێنم كە چەندین ئامرازی دیكەی پێویست هەن بۆ بەرەنگاربوونەوە و، شەڕكردن لە دژی تیرۆریزم.

بەڵام دەبێت هەنگاوی یەكەمان چی بێت لەو بوارەدا؟ كوشتنی تیمساحەكان یاخود وشككردنی ئاوی زۆنگاوەكان؟

بونیادەكانی تیرۆریزم

با لە نزیكەوە سەرنج لە پێكهاتەكانی هێرشێكی تیرۆرستی بدەین.

من تەنها جەخت لەسەر چەند لایەنێكی گرنگ دەكەمەوە.

شیوازی لە سەرەوە بۆ خوارەوە لە گشتییەوە بۆ تایبەتی دەگرمە بەر.

ئەم لیستەی دەیخەینە ڕوو دەكرێت بە جۆرێك لە بناغە و بنچینەكانی هەر هێرشێكی تیرۆرستی لە قەڵەم بدرێت.

بە سەرنجدان لە جموجوڵە ئایدۆلۆجی و ئایینی و سیاسییەكان، دەتوانین دەستنیشانی ئەو سەرچاوانە بكەین كە ڕێكخراوە تیرۆریستەكانیان لێوە سەرهەڵدەدەن لە داهاتوودا.

ڕێكخراوی تیرۆریستی — ڕێكخراوی تیرۆرستی هەموو ئەمانە دەگرێتە خۆی: پشتیوانە سەرەكییەكان، سەركردەكان، نەخشەكێشەكان، چالاكییەكانی دابینكردنی سەرچاوەی دارایی و پارە و پول بە هەردوو لایەنی یاسایی و نایاساییەوە، لەگەڵ هەموو ئەو پاڵپشتە لۆجیستیانەی زەمینەی بە نهێنی هێشتنەوەی چالاكییەكان

دەرەخسێنن، هەروەها چەندین دام و دەزگای دیکە کە پێویستن بۆ مانەوە و بەردەوامبوونی ئەم ڕێکخراوانە.

هەر بۆیە زیاتر و زیاتر تۆڕی ڕێکخراوەکانمان بەرچاو دەکەوێت لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە تیرۆرستییانەی هەڵگری هەمان بیر و باوەڕ و خاوەن هەمان کێشەن.

نەخشەدانانی ستراتیژی — ڕێکخراوە تیرۆرستیەکان، هەوڵ و کۆششی تەواو دەخەنە گەڕ لە (چالاکییە باڵاکان) دا، وەك پەرەپێدانی پەیوەندییە گشتییەکان، بەکارهێنانی ئامرازی پێشکەوتوو بۆ جڵەوکردن و ئاراستەکردنی ڕای گشتی ناوخۆی.

هەروەها هەوڵ و تەقەلای بەرفراوان تەرخان دەکەن بە ئاراستەی کاریگەری خستنە سەر ڕای گشتی جیهانی، لە ڕێی بەرپاکردنی جەنگی دەروونییەوە.

بە هەمان شێوە نەخشەدانانی ستراتیژی، مەشقی بنچینەیی و چالاکییە لۆجستیەکانیش دەگرێتەوە.

ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان بەردەوام پێویستیان بە پەرەپێدان و پاراستنی جبەخانەی چەکەکانیانە، لەگەڵ پڕکردنەوەی پایەی جەنگاوەرەکانیان، لەم ئاستەدا دابینکردنی پێویستییە داراییەکان یەکێکی ترە لە ئەرکە سەرەکییەکان.

چۆنیەتی ئەنجامدانی چالاکییەکان — ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان بۆ ئەوەی کاریگەر بن پێویستە توانای کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگرییان هەبێت. پێویستیان بە بەکارهێنانی سەرچاوە بەردەستەکان هەیە وەك ئەنتەرنێت بۆ یارمەتیدانیان لە دیاریکردنی ئەو ئامانجانەدا کە هێرشی دەکەنە سەر.

تیرۆریستان لـه گـەڕان و بـه دواداچـوونی بەردەوامـدان بـۆ کۆکردنـەوه و بـه دەستهێنانی زانیاری له ڕێی چاودێریکردنی ئاسایی جموجوڵ و کار و چالاکییەکانی ئەو ڕێکخراوه تایبەتانەی که ئەرکی پاراستنی ئارامی و ئاسایش دەگرنه ئەستۆ.

مەیلی ڕوو له زیـادبوونی گواسـتنەوەی ئـەرکی پـۆلیس و سـەپاندنی یاسـا و پاراستنی ئاسایش بۆ کەرتی تایبەت بۆی هەیه زەمینەیەکی بـاش بڕەخسێت بـۆ گەیشتن بـه زانیارییـەکان لـه لایـەن تیرۆریـستانەوه بـه سـوودوەرگرتن لـه خاڵـه لاوازەکانی ئەم کەرته.

تاکتیکی خۆ سازادان – بریتییه له نەخشەدانان بۆ کـرداره تیرۆرسـتییەکان و هێنانه ڕیزی ئەندامی نوێ بۆ ناو ڕێکخـراوه تیرۆرسـتییەکه، هێرشـی تیرۆریـستی کردارێکی ئاڵۆزه. "شەهید " یاخود هێرشبەری خۆکوژ به چەندین ئەڵقه بەو کەسه چالاکانه دەوره دراوه که هەڵیدەبژێرن و دەیکەنه بۆمبێکی مرۆیی، پاشان ڕەوانەی دەکەن بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکەی.

سـەرکەوتنی هـەر هێرشـێکی تیرۆریـستی دەوەسـتێته سـەر ئـەو زانیارییـه هەواڵگریانەی بۆی کۆکراونەتەوه بـه سـوود لێوەرگرتنیـان لـه مـاوەی نێـوان بـه دەستهێنانیاندا تا وادەی بەکارهێنانیان.

هێرشبردن – له ڕوانطەی ڕێکخراوة تیرۆرستییةکانةوة ئةو هێرشة بة سـةرکةوتوو دةذمێردرێـت ئةطـةر زۆرترین کوذراو و طةورةترین کاولکاری لێ بکةوێتةوة لةطةلَ سةرقالَکردنی تةواوی دام و دةزطاکانی ڕاطةیانـدن بة ڕووداوةکةوة.

بونیادەکانی دژه تیرۆر

دووباره لێرەدا، به کورتی دەربارەی چەند هۆکارێك دەدوێم که پێکەوه پەیوەستن له بواری (بنچینەکانی) دژه تیرۆردا، که بـه هـەمان شـێوەی پێـشو شـێوازی لـه گشتییەوه بۆ تایبەتی دەگرمه بەر.

به لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە ئەم خستنەڕووە تەواوی کێشەکەی نەخستۆتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

ڕای گشتی — تیرۆریزم چەشنێکە لە جەنگی دەروونی، ئامانجی تێکشکاندن و ورە پێ بەردانی ئەو گەلەیە کە دەیکاتە ئامانجی پەلامارەکەی، لەگەڵ کاریگەری خستنە سەر ڕای گشتی جیهانی.

لەبەر ئەوە، کردارەکانی دژە تیرۆر دەبێت لەم سەنگەرە ڕاستەقینەیەوە دەستپێبکەن (کە ئەویش ڕای گشتییە).

دەزگاکانی ڕاگەیاندن— ئەم دەزاگایانە بایەخی تەواویان هەیە بۆ ستراتیژیەتەکانی هەردوو لایەنی تیرۆریزم و دژە تیرۆریزم.

سەرکردە سیاسییەکان — سەرکردە سیاسییەکان هەڵدەستن بە دارشتنی سیاسەت و ڕێنمایی پێویست بۆ ڕێکخراو و کردارەکانی دژە تیرۆریزم.

شارەزایان و پسپۆڕان — ئەم توێژەش بە هۆی ئەو ڕاوێژ و لێکدانەوە و لێکۆڵینەوە هەمەلایەنانەی دەیخەنەڕوو، ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەبەرچاو ڕوونکردنەوەی بڕیارسازان و بەهێزکردنی ستراتیژیەتی دژە تیرۆردا.

هەواڵگری — هەواڵگریش بە دەوری خۆی گرنگیەکی میحوەری (بنچینەیی) هەیە لە شەڕی دژە تیرۆردا.

کردارە تایبەتییەکان — کردارە تایبەتییەکان بە پێشەنگی ئەو کۆششانە لە قەڵەم دەدرێن کە لە بواری دژە تیرۆردا دەخرێنە گەڕ، کە بریتین لە پرۆسەکانی ڕزگارکردن شان بە شانی پرۆسەکانی باڵادەست کردن و چەسپاندنی یاسا و پاراستنی ئاسایش و ئارامی و پرۆسە سەربازییەکان.

ئامرازەکانی دژە تیرۆریزم

دەمەوێت ئاماژە بەو راستییە بکەم کە چالاکی دژە تیرۆریزم لەگەڵ بوونی کۆمەڵگەیەکی بەهێزدا دەسپێدەکات کە سووربوون و ئیرادەیەکی بەهێزی هەبێت بۆ بەرهەڵستیکردن و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم.

بۆ ئەوەی بە چەشنێکی کاریگەر شەڕی دژە تیرۆر بکەین، ئەوا پێویستمان بە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکە کە تەواوی کات و کۆششی خۆیان بۆ (ئەم کێشەیە) تەرخان بکەن.

ئەم ڕێکخستنە پێویستی بە سیستمێکی ڕێکوپێکی پەیوەندیکردنی ناوخۆیی هەیە، پێویستی بە زمانێکی هاوبەش هەیە، لەگەڵ بوونی هەستی متمانە و بەرپرسیارێتی لە نێو ئەندامانی ئەو کۆمەڵگایەدا.

چالاکی دژە تیرۆریزمی کاریگەر دامەزراندنی مینبەری ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا دەخوازێت ، لەگەڵ سازدان و ئەنجامدانی ئەو مەشق و ڕاهێنانەی پێویستن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ڕووداوێکی تیرۆرستی، دروستکردنی دەستەی تایبەتی مەشق پێکراو کە بە دەستەی سوور ناو دەبرێن.

هەموو ئەو پێشنیارە پێشکەشکراوانەی سەرەوە دەبێت لەسەر هەردوو ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی پەیڕەو بکرێن.

پێویستە ڕەنج و کۆششی بەربلاو بخرێتەگەڕ بۆ بەرگرتن لە سەرهەڵدانەوەی هەر ڕێکخراوێکی تیرۆریستی دیکە بە هەمان ئەو خێراییەی ڕێکخراوێکی تیرۆرستی پێ بنبڕ دەکەین کە بەرەنگاری دەبینەوە، بە گوزارشتێکی دیکە، تەنها کوشتنی تیمساحەکان بەس نییە بەڵکو دەبێت ئاوی زۆنگاوەکەش وشك بکەین.

ئێستا هەوڵ دەدەین ئەو گیروگرفت و دژوارییانە بخەینە ڕوو کە لە هەر بوارێک لە بوارەکانی دژە تیرۆردا دووچاری دەبین، کە پەیوەستە بە بنچینە و بناغەکانی تیرۆرەوە.

لە خستنەڕووی پێکهێنەرە گشتییەکانی دژە تیرۆریزمدا پەیڕەوی شێوازی لە خوارەوە بۆ سەرەوە و لە تایبەتییەوە بۆ گشتی دەکەم.

کردار (ئۆپەراسیۆن)ە تایبەتییەکان

کردارە تایبەتییەکان بە چالاکییە بنەڕەتییەکان لە قەڵەم دەدرێن لە بواری دژە تیرۆریزمدا. وەك ئاماژەدانێك بۆ ئەو هۆکارە جۆراو جۆرانەی پەیوەستن بەم بوارەوە، لێگەڕێن وەك نموونە ئەو کردارانە باس بکەین کە پێویستە ئەنجام بدرێن لە حاڵەتی ڕوودانی هێرشێکی تیرۆرستی خۆکوژیدا.

کردارەکانی (ئۆپەراسیونەکانی) ڕزگارکردن

کاتێك کەسێکی خۆکوژ (بۆمبی مرۆیی) دەکاتە ئەو ئامانجەی دەستنیشانی کردووە بۆ هێرشە خۆکوژییەکەی، دەبێت کردارەکانی ڕزگارکردن سنوردار بکرێن بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری هێرشەکە، سەرکەوتنی کردارەکانی ڕزگارکردن دەخوازێت ئەگەری بوونی هێرشێکی دیکە لەبەر چاو بگیرێت دژی هێزە ڕزگارکەرەکان و دەبێت ڕێ و شوێنی پێویست بۆ ئەم ئەگەرەش بگیرێتە بەر.

فریاگوزارییە پزیشکییەکان بە بەشێکی دانەبڕاو و جیانەکراوە دادەنرێن لە پلانی پاراستنی ئاسایشدا و ڕۆڵێکی گەورە دەبینن لە کەمکردنەوە و بەرتەسك کردنەوەی کاریگەرییەکانی هێرشەکە.

ڕێ و شوێنەکانی پاراستنی ئاسایش

زیادکردنی ڕێ و شوێنە ئەمنییەکان بۆی هەیە هێرشبەرەکان ئاشکرا بکات بەر لەوەی بگەنە شوێنی ئامانجەکە. ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی زیانەکانی هێرشەکە یان بەرگرتن لە ڕوودانی، واتە پوچەڵکردنەوەی هێرشەکە. سەرکەوتوویی ڕێ و شوێنە ئەمنییەکان دەوەستێتە سەر جیاکردنەوەی ناوچەکان لەسەر بنچینەی ئەو ناوچانەی نەبووینە ئامانج و ئەو ناوچانەی پێشتر بوونەتە ئامانج تا ئەو ناوچانەی ئێستا ئامانجی تیرۆرستین.

لێرەدا پێویستە هەر ناوچەیەك ڕێ و شوێنێکی ئەمنی تایبەتی بۆ بگرینەبەر هەر لە چاودێریکردنی ئەلەکترۆنییەوە تا دەگاتە بەربەستە و پەرژینە بەرچاوەکان.

چالاکییەکانی بەرگریکردن: بریتین لە کردارە تایبەتییەکان دژی نەخشە و هەوڵەکانی هێنانە ڕیزی ئەندامی نوێ لە لایەن شانە تایبەتمەندەکانەوە کە پەیوەستن بە ڕێکخراوە تیرۆرستییەکانەوە. پێویستە بە بەردەوامی ئەم چالاکییانە بەهێز بکرێن و پەرەیان پێبدرێت بە هۆی پێداچوونەوە و چاوخشاندنەوە بە ڕێ و شوێن و خۆسازدانە ئەمنییەکانەوە.

کارێکی مەترسیدار کە کار دەکاتە سەر ڕێ و شوێنە ئەمنییەکان و لە بایەخ و هەستیاریان کەم دەکاتەوە، پەیڕەوکردنی هەندێ ئیجرائاتی ڕۆتینییە کە نابێت ڕێگەی بیدەین و دەبێت تادەکرێت کەمیان بکەینەوە.

زەبری هێرشبەرانە: کردارەکانی هێرشبردن لە بواری دژە تیرۆردا ئەو کردارە تایبەتییانەن کە ئاراستەی ئەو ئەڵقە نزیکانە دەکرێن کە کاریان سازکردن و ئامادەکردنی کەسی خۆکوژە بۆ ئەنجامدانی هێرشی خۆکوژی و هەڵدەستن بە حەشاردان و داڵدەدان و ڕێنماییکردن و دەستنیشانکردنی ئامانجەکە بۆی.

زۆرێـك لـە گـەلان پاسـاوی ئـەم کردارانـە بـەوە دەهێننـەوە کـە ئەمـە مومارەسەکردنی مافی بەرگری لەخۆکردنە، بنـەما بنـچینەییەکەش ئەوەیـە ئـەو کەسەی هەڵدەستێت بە ڕێنماییکردن و بۆمبڕێژکردنی کەسی خۆکوژ، هەمان ئۆباڵی کەسـە خۆکوژەکـەی دەکەوێتـە ئەسـتۆ و دەبێـت بەرپرسـیارێتی ئـەم ڕەفتـارەی هەڵبگرێت.

کردارە نەشتەرگەرییەکان: ئەم لایەنەی دژە تیرۆریزم، چـالاکی دژە هـەواڵگری دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەو کردارە تایبەتییانەی بە مەبەسـتی تێکـشکاندنی پاڵپـشتی لۆجـستی و کـەمپ و مەڵبەنـدەکانی مەشـقکردن ئـەنجام دەدرێـن. تیرۆریـستان چالاکییەکانیان لە ژێر پەردەی ڕێکخراوی کۆمەڵایـەتی، پزیـشکی، کـارگوزاری و تەنانەت ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانیش بەڕێوە دەبەن. کارگەی دروستکردنی بۆمب و تەقەمەنی لە ژێر هەمان ئەو باڵەخانەیەدا دۆزراوەتـەوە کـە وەك نەخۆشـخانە و خوێندنگای پەرستیاری ناسرا بوون.

بە هەمان شێوە بەدەستهێنانی چەك لـە ژێـر پـەردەی پاراسـتنی یاسـایی بـە پاڵپـشتی حکومـەت و، دابینکردنـی سەرچـاوەی دارایـی بـۆ ڕێکخـراوە تیرۆریستییەکان لە ژێر ناوی چالاکییە دارایـی و ئابوورییـە یاسـاییەکاندا بـەڕێوە دەبرێن.

ئەوەی وای کردووە کردارە تایبەتییەکان دژی ئەم چـالاکییانە سـەخت و ئـاڵۆز بێـت، بەیەکداچـوونی نێـوان دامودەزگـا مـەدەنی و یاسـاییەکانە لەگـەڵ تـۆڕ و ڕێکخراوە تیرۆرستییەکاندا.

ستراتیژیەتە هەماهەنگکراوەکان

لە گرنگترین و بنەڕەتیترین کردارە تایبەتییەکان ئەو کردارانەن کە لە پێناو کەمکردنەوە و نەهێشتنی پاڵپشتی و هاوسۆزی بۆ ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان دەخرێنە گەڕ. ئەم کردارانە هەوڵدەدەن ڕادەی ڕق و ناڕەزایی لای ڕای گشتی کەم بکەنەوە و، چیتر خەڵکی بە چاوی شکۆ و پیرۆزییەوە نەڕواننە کەسی خۆکوژ، ڕێگە بە چەواشەکردن و لە خشتەبردنی کوڕ و کچە لاوەکان نەدرێت بە هۆی گۆشکردنیان بە بیروباوەڕی ئایینیی نادروستەوە. جەنگی دژە تیرۆریزم لە باڵاترین ئاستیدا دەبێت جەنگ بێت لە دژی چەواشەکاری و شەڕی دەروونی.

دەبێت ستراتیژیەتە درێژخایەنەکانی دژە تیرۆریزم جەنگی بەدەستهێنان و بردنەوەی عەقڵ و دڵەکان لەخۆبگرێت بۆ ئەوەی بەسەرکەوتوویی شەڕی دژە تیرۆریزم کۆتایی پێ بهێنێت.

کردارەکانی بەرپێگرتن

لە کۆتاییدا دەتوانین کردارەکانی بەرپێگرتن و پوچەڵکردنەوە بگرینەبەر کە لە لایەن دەستەی تایبەتییەوە ئەنجام دەدرێن کە مەشقی تایبەتییان بینیوە بۆ هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ پێگە و بارەگا ڕاستەقینەکانی تیرۆریزمدا.

لێرەدا زانیاریی هەواڵگری لە ڕێی چاودێریکردنی بەردەوامی سایتەکانی ئەنتەرنێت و شێوەکانی پەیوەندیکردنی ژمارەیی بەدەست دەهێنرێن، مەبەست لێرەدا ئەوەیە کە شەڕەکە ببرێتە گۆڕەپانە ڕاستەقینەکەی خۆیەوە بۆ لەناوبردنی ئەگەری سەرهەڵدانی تیرۆریستان لە داهاتوودا و، کردنەوەی دەروازەیەك بە ڕوویاندا بۆ ئەوەی دووبارە ئاوێتەی کۆمەڵگا ببنەوە.

دەرئەنجامەکان دەربارەی تیرۆریزمی داهاتوو

بۆ مامەڵەکردن و بەرنگاربوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریزمی داهاتوو، پێدەچێت پێویستمان بە دامەزراندنی دەستەی فرەنەتەوەی تایبەت بە ئەرکە تایبەتییەکان بێت. ئەم دەستانە بۆی هەیە هێزی دەستێوەردانی ناوچەیی لەخۆبگرێت بۆ ئامادەبوون لە شوێنی ڕووداوەکە و هێورکردنەوەی باردودۆخەکە و ئامادەسازی کردن بۆ ئەوەی شوێنەکە بدرێتە دەست دەستەی دیکەی تایبەت، هەروەها شتێکی سوودمەند دەبێت گەر یەکەی دژە تیرۆری جیهانی دابمەزرێت کە پێکەوە ڕێگاچارەکانی دژە تیرۆر لە سەراپای جیهاندا دەستەبەر دەکەن.

لەهەمان کاتدا پێویستە چەندین مەڵبەندی تایبەتمەندی جیهانی و گەڕۆك دابمەزرێت لەگەڵ دەزگاکانی کۆکردنەوەو و شیکردنەوەی زانیاری و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەدا.

هەواڵگری

هەواڵگری ئامرازێکی هەستیاری پێکهاتەی دژە تیرۆرە، ئەرکی ئەم دەزگایە بەدەستهێنان و کۆکردنەوەی زانیارییەکانە.

بەهەمان شێوەی پێشوو، هەڵدەستین بە شیکردنەوەی هەواڵگری بە هۆی بەکارهێنانی نمونەی هەڕەشەی هێرشە خۆکوژییەکانەوە.

دەستنیشانکردنی هەڕەشەکە

هەواڵگری هۆکارێکی بنەڕەتییە بۆ پوچەڵکردنەوەی هەر هێرشێکی تیرۆرستیی. هەرکاتێك هێرشبەرە خۆکوژەکە دەستنیشانکرا دەتوانرێت ڕێ و شوێنی ئەمنی سەرکەوتوو لە دژی بگرینە بەر.

لێرەدا هۆکاری کات گرنگی و هەستیاری خۆی هەیە. هەر بۆیە دەبێت پرۆسەکانی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی زانیارییەکان خێرا بکرێن تا لە کۆتاییدا بۆ ئەنجامدانی کردارە تایبەتییەکان سوودیان لێوەر بگیرێت.

دژە هەواڵگری

پێویستە دەزگاکانی هەواڵگری گەشە بە تواناکانی خۆیان بدەن. زانیارییە ئەمنییەکان گرنگی خۆیان هەیە بۆ ڕێگەگرتن لە تیرۆرستان لە گەشیتنیان بەو زانیارییانەی یارمەتیدەریان دەبن لە هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی ئامانجەکانیاندا. دەزگاکانی هەواڵگری دەبێت توانای پێشکەشکردنی ڕاو و ڕاوێژو ڕاسپاردەی دیاریکراویان هەبێت بۆ دامودەزگاکانی کەرتی تایبەت لە بواری مەترسی دزەکردنی زانیاری تا وەکو زانیارییە هەستیار و پڕ مەترسییەکان نەکەونە دەستی تیرۆرستانەوە.

زانیاریی هەواڵگری لەو دەستە و تەڵقە ناوخۆییانەوە بە دەست دەهێنرێت کە چوار دەوری کەسی ((شەهید))یان داوە کە هەر لە بنەڕەتدا بە هۆی سەرچاوە مرۆییەکانەوە پێیان دەگەین. بەڕێوبردنی ئەو دەستە و ستافانەش کارێکی یەکجار مەترسیدار و هەستیارە.

لە زۆرێك لە وڵاتاندا، هەواڵگری پشتبەستوو بە سەرچاوە مرۆییەکان کارێکی (هونەرێکی) فەرامۆشکراوە. لەبری ئەمە چەندین ئامرازی دیکە بەکارهێنراون و بەکاردەهێنرێن لە پێناو کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریدا.

دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرچاوە مرۆییەکان لە ناو ڕێکخراوەکانی خۆماندا، لەوانە پۆلیس و فەرمانبەرانی گومرك و فەرمانبەرانی دیکەی حکومی.

ئەفسەرانی پۆلیس پێویستە بەسەرکەوتوویی ڕۆ بچنە پرۆسەی کۆکردنەوەی زانیارییەوە، دەبێت زانیاری ڕاست و دروستیان هەبێت لەسەر ئەو ناوچانەی دەکەونە

سنووری دەسەڵاتەکەیانەوە بە چەشنێك یەکەم کەس بن هەست بە هەر جموجووڵێکی جێی گومان بکەن کە لە ناوچەکەیان بەدی دەکرێت.

بەداخەوە بە هۆی چەندین بەربەست و ئاستەنگەوە زۆرێك لە پرۆسەکانی کۆکردنەوەی زانیاری دەوەستن و بێ ئەنجام دەبن. ئەم بەربەست و ئاستەنگانەش بەهۆی پەیرەوکردنی هەندێ ڕێ و شوێنی ڕۆتینییەوە دروست دەبن.

کرداره سایکۆلۆژییەکان بە هاوکاری لەگەڵ دەستە هەواڵگرییەکاندا نابێت تەنها دژی هەوڵەکانی ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان بن لە بواری بەستن و و پەرەپێدانی پەیوەندی گشتیدا، بەڵکو دەبێت ئامانج لەناوبردن و لەکارخستنی توانای پەیوەندی کردنی ریکخراوە تیرۆرستییەکان بێت لە هەموو ئاستەکان دا.

ئەم جۆرە کردارانەش دەبێتە هۆی سەرقاڵکردنی تیرۆرستان بە پاراستنی ڕێکخراو و پێگەکانیانەوە، بەهەمان شێوە دەبێتە مایەی سەر لێشێواندن و بە هەڵەدا بردنیان.

دەستەی هەواڵگری فرە نەتەوەیی

هەواڵگری ئامانجی زەبروەشاندنە لە ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان و لە هەوڵە ستراتیژییەکانیان. گرنگترین هۆکار لەم جۆرە چالاکییەدا بریتییە لە هاوکاری و هەماهەنگی نێودەوڵەتی.

نموونەی ئەو کردارانەش وشککردنی سەرچاوەی دارایی تیرۆرستان و تێکشکاندنی جبەخانەی چەکەکانیانە.

ئاژانسەکانی هەواڵگری پێویستیان بە دامەزراندنی دامودەزگای تایبەتمەند هەیە شانبەشانی ئەنجامدانی جموجوڵی ئایینی و ئایدۆلۆجی و سیاسی بۆ دەستنیشانکردن و هەڵسەنگاندنی ئاستی خەتەرناکی ڕەگەزە توندڕەوەکان لە پێناو گرتنەبەری ڕێ و شوێنی پێویست لە دژیان، نەبوونی هاوکاری و هەماهەنگی لە نێوان ئەو ئاژانسانەی بە

کرداری بەرهەڵستیکردنی تیرۆرستان هەڵدەستن، یەکێکە لەو سەختی و دژوارییانەی لە بواری تێکۆشان لە دژی ڕێکخراوە تیرۆرستییەکاندا دووچاری دەبیتەوە.

لە کاتێکدا ململانێی تەندروست بەشێکە لە ڕێساکانی ئەم گەمەیە لەسەر هەردوو ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەیی، بەڵام ڕوون و ئاشکرایە سەرکەوتن لە شەڕی دژە تیرۆردا تەنها بە هاوبەشیکردن و دروستکردنی پردی متمانە بە یەکترکردن بەدەست دێت.

هەمیشە هەواڵگری جێی گومانە لە کاتی جموجوڵ و فراوانکردنی چالاکییەکانیدا. بۆ ڕەواندنەوەی ئەم گومانە پێویستە ئەم چالاکییانە لە ژێر یەك سایەدا کۆ بکرێنەوە و بەپێی بڕیاری سیاسی هەماهەنگ بکرێن و جڵەو و ئاراستە بکرێن.

شتێکی حەشاهەڵنەگرە کە کاری هەواڵگری نرخ و بایەخی خۆی هەیە لە سەرکەوتنی هەموو جۆرە کردارە تایبەتییەکاندا، بەڵام لەمە زیاتر دەبێت یەکێکی تر لە ئەرکەکانی هەواڵگری سازدانی کۆبوونەوە و چاوپێکەوتنی تایبەت بە ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕاو گۆشەنیگای جیاواز بێت.

ئاژانسەکانی هەواڵگری دەبێت چەندیان لە تواناد بێت تێکۆشن بۆ بەدەستهێنانی لێکۆڵینەوەی تێر و تەسەل و هەمەلایەنە دەربارەی ئەو کێشەیەی دەخوازن زانیاریی ڕاست و دروست و باوەڕ پێکراویان لەبارەوە هەبێت.

دەمەوێت جەخت لە مەسەلەیەکی هاوبەش بکەمەوە لە ناو دەستە هەواڵگرییەکاندا: پێویستە ئەو کەس و لایەنانە دیاری بکرێن کە زانیارییە بەدەست هێنراوەکانیان دەخرێتە بەردەست بۆ سوود لێوەرگرتن و کارپێکردنیان.

کارێکی یەکجار گرنگە پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان دەزگاکانی هەواڵگری و بڕیارسازدان دا هەبێت، کە دەکرێت ئەم دەزگایانە ببنە ئامرازی پێشکەشکردنی ڕاوێژ و ڕاسپاردە و بەرچاو ڕوونکردنەوەی سیاسەتمەداران.

کێشەیەکی دیکە بریتییە لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندندا. لە زۆرێك لە وڵاتاندا پەیوەندی دەزگاکانی راگەیاندن و دەزگا هەواڵگرییەکان وەك پەیوەندییەکی بەیەکداچووە، هەندێجار گیروگرفت سەر هەڵدەدات بە هۆی ئەو چاودێرییەی دەخرێتە سەر ئەم دەزگایانە کە ناکۆکە لەگەڵ مافی بەدەستهێنانی زانیاری و ڕاستییەکان.

هەندێك جاریش پەیوەندییەکی پڕ لە ناکۆکی لە نێوان ڕای گشتی و ئاراستەکانی هەواڵگریدا دروست دەبێت. لە کاتەکانی هەڕەشە و مەترسیدا، ڕای گشتی گوشار دروست دەکات بۆ ئاشکراکردنی تەواوی ڕاستییەکان و خستنەڕووی ئەنجامی ڕوون و پەردە هەڵماڵین لەسەر ڕووی هۆکارەکانی پشت ئەو هەڕەشە و مەترسییانە. گرفتەکە لێرەدا سەرهەڵدەدات واتە چۆن و بە چ شێوەیەك ڕاستییەکان بۆ ڕای گشتی ڕوون بکرێنەوە بەبێ ئەوەی سەرکەوتنی چالاکییە هەواڵگرییەکان بخرێنە مەترسیەوە.

دەرئەنجامەکان دەربارەی تیرۆریزمی داهاتوو

هەڕەشەی تیرۆریزمی داهاتوو وا لە دەستە هەواڵگرییەکان دەکات کە سەنتەری جیهانی فرەنەتەوەیی دابمەزرێنن بۆ کۆکردنەوە و پاراستنی زانیاری و ڕاستییە هەواڵگرییەکان کە وڵاتە بەشداربووەکان دەتوانن بە شێوەیەکی گونجاو سوودی لێ وەربگرن، ئەمە بە شێوەیەکی سروشتی گرفتی پاراستنی سەرچاوە هەواڵگرییەکانی لێدەکەوێتەوە لەگەڵ دیاریکردنی ئەوەی چ دەوڵەتێك چەند و چۆن دەتوانێت بگات بەم زانیارییانە. ڕێسایەکی سادە پێمان دەڵێت ئەو وڵاتەی زانیاری زیاتر دەبەخشێت مافی زیاتر و دەرفەتی زیاترە بۆ گەیشتن بەم زانیارییانە.

له ژێر گوشاری کاتدا دەبێت گەشە بە تواناکانی خۆمان بدەین لە بواری کۆکردنەوەی زانیارییەکان، بە جۆرێك هەندێك جار بەشێوەی گسکی کارەبایی دەبێت هەموو زانیارییەکانی دەورووبەرمان کێشکەین و کۆیکەینەوە. زانیارییە شیکراوەکان دەبێت بخرێنە بەردەست ئەو کەس و لایەنانەی کە وەك ڕێنمایی و ڕێبەر بەکاریان دەهێنن لە بواری کردارەکانی دژە تیرۆریزمدا.

لێرەدا پێویستە سوود لە ئەزموونەکانی رابردوو وەربگرین و هەڵسین بە ئاوێتەکردنی پرۆسەکانی بەڕێوەبردنی زانیارییەکان:

پێدەچێت پێویستمان بە کەسانی تایبەتمەند بێت بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی زانیارییەکان بە هەموو زمانەکان.

بە شێوەیەکی کارا و کاریگەرانە هەواڵگری مرۆیی بۆی هەیە ببێتە سەرچاوەیەکی سەرەکی لە بواری کۆکردنەوەی زانیاریی هەواڵگریدا.

هۆکاری مرۆیی دەبێت ببێتە جێی بایەخ پێدانی سەرەکیمان.

بۆ سەرکەوتنی چالاکییەکانیان ئەفسەرانی هەواڵگری پێویستیان بە نەخشەدانانی مەبەستدار و زانیاریی ڕاست و دروست هەیە.

بیریاران و پسپۆڕان

یەکێك لە ئامرازە لە بیرکراو و فەرامۆشکراوەکان لە بواری دژە تیرۆریزمدا، بیریارو و پسپۆڕە ئەکادیمیەکانن کە یارمەتیدەر دەبن لە خستنەڕووی گۆشەنیگا و جیهانبینی فراوانتر دەربارەی تیرۆریزم و دەتوانن هەموو گۆشە و لایەنەکانی ئەم دیاردەیە بخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوەی تێروتەسەل کە لە قۆناغە سەخت و ڕاستەقینەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆردا سوودی لێوەرنەگیراوە و لەبەرچاو نەگیراوە.

ئەم کەسە تایبەتمەندانە دەبێت مامەڵە لەگەڵ هەڕەشە و مەترسییە ڕاستەقینەکاندا بکەن، سەرەڕای سوودوەرگرتن لە تەواوی ئەو رووداوە تیرۆرستییانەی لە مێژوودا روویان داوە. دەبێت ئەرکیان هەوڵدان بێت بۆ پێشبینیکردنی ئاییندە و بیرکردنەوە لەو بابەت و کێشانەی تا ئێستا بیریان لێنەکراوەتەوە.

دەبێت ئەم کەسە تایبەتمەندانە ئەندامانی پێشو و ئەنـدامانی ئێـستای دەسـتەکانی بەرەنگاربوونەوە و قەڵاچۆکردنی تیرۆر بن، لەگەڵ ئەو کەسـانە بەشـداری لـە داڕشـتن و خستنەڕووی بیروبۆچوونەکان دەکەن دەربارەی ئەم دیاردەیە.

ئەم بیرمەند و تایبەتمەندانە بۆیان هەیە ببنە ڕاوێژکار و چاودێری ڕەخنەگر و هەڵسن بـە پێـشکەشکردنی ڕا و سـەرنج و ڕەخنـەکانیان بـۆ دەسـتەکانی بەرەنگاربوونـەوەی تیرۆریزم. لە پاڵ پێـشبینیکردنی رووداو و گۆڕانکارییـەکانی داهـاتوو و بەشـداریکردن لەگەڵ ئەو هێزانـەی تایبەتمەنـدن بـۆ داڕشـتنی ڕێگاچـارەی پێویـست بـۆ بنبڕکردنـی کێشەکە.

هەروەها دەبێت ئێمە ئەم کەسانە وەکو کەسانی خـاوەن ڕا و ڕێنماییکـار بناسـین و قبوڵبکەین.

دەرئەنجامەکان دەربارەی تیرۆریزمی داهاتوو

پێکهێنانی تۆڕێکی سەرکەوتوو لەم کەسە تایبەتمەند و پسپۆڕانە کـارێکی یـەکجار گرنگە تا بتـوانن پـێ بـە پێـی گـەورە بـوون و گەشـکردنی ڕێکخراوەکـانی تیرۆریـزم ستراتیژیەتەکانی بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاربوونەوەیان دابڕێژن.

ململانێی سیاسی و بیرۆکراسیەت زۆرجار دەبنە بەربەست و کۆسپ لەبەردەم پەیڕەو کردنی ستراتیژیەتە داڕێژراو و بڕیار لەسەردراوەکان لەگەڵ ئەو کردارانەی حکوومەت بـە نیازە دژی تیرۆرستان ئەنجامیان بدات.

بوونی ئەم کەسانە دەبێتە هۆی سازدانی گفتوگۆی هەمە لایەنە لەسەر تۆڕەکانی ئەنتەرنێت و یەکخستنی هەوڵەکان بۆ گەڕان بە دوای ڕێگاچارەی پێویستدا بۆ کێشەکە کە ئەمەش تا دواڕ ئەندازە سوودمەند و بە کەڵك دەبێت. پێدەچێت پێویستمان بە پەیمانگا و دەزگاکانی لێکۆڵینەوەی هەمە لایەنە هەبێت کە کات و کۆششی خۆیان تەرخان بکەن بۆ داڕشتنی ستراتیژیەتی بەرەنگاربوونەوەی جیهانی و ئامادە بن ببنە بەشێك لەو ستراتیژیەتە گشتییە.

پێویستمان بە مەڵبەندی نێودەوڵەتی ئاست بەرز و خاوەن توانست و لێوەشاوەیی هەیە کە بە هۆی لێکۆڵینەوە تێرو تەسەل و گشتگیرەکانیانەوە ڕێنمایی پێویست بخەنەڕوو بۆ چۆنیەتی ئەنجامدانی کردارە تایبەتییەکانی بواری شەڕی دژە تیرۆریزم.

نمونەش ئەو ناوەندانەیە کە بەم دواییە دامەزران بۆ لێکۆڵینەوە دەربارەی شەڕکەران و جەنگاوەرانی ئیسلام. هەر پەیوەست بە هەڕەشەکانی تیرۆریزمی داهاتووەوە، ئەگەری ئەوە هەیە خەیاڵی زانستی ببێتە بەشێکی پەیوەندیدار بە خۆسازدان و ئامادەسازی فیکرییەوە بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەم هەڕەشەیە لە داهاتوودا.

سیاسەت

سیاسەت و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم لە پێشەنگی بەرنامەی کاری نەتەوەییەوەن لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا. دەرفەتم بدەن ئاماژە بەچەند مەسەلەیەکی بایەخدار بکەم دەربارەی ئەو ڕێ و شوێنە سەرکەوتووانەی دژی تیرۆریزم پەیڕەو دەکرێن.

ئیرادەی سیاسی: بنەڕەتیترین پاڵنەر بۆ ئەنجامدانی چالاکییەکانی دژە تیرۆریزم پابەندبوونی سیاسییە. ئیرادەی شەڕکردن لە دژی تیرۆریزم و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو جیاوازییانەی لە نێوان تیرۆریزم و تاوانی ڕێکخراودا هەیە گرنگی خۆیان هەیە بۆ بڕیارسازە سیاسییەکان.

بەڵام با واقیعی بین و جڵەو بۆ ئەندێشەمان شل نەکەین. هەندێك جار چالاکییە گومانلێکراو و جێی پرسیارەکان بەشێکی دانەبڕاون لە پێکهاتەی ژێرخانی ئابووریی وڵات. هەر بۆیە کارێکی پڕ زەحمەت و دژوارییە، هەندێ وڵات ناچار بکەین سەرچاوە داراییەکانی تیرۆرستان وشك و بنەبڕ بکەن، لە کاتێکدا ئەم چالاکییە ئابووری و داراییانە وەك بەشێکی یاسایی لە ئابووریی نیشتمانی دەردەکەون.

سەرکردایەتی: سەرکردایەتیکردنی شەڕی دژە تیرۆر لە هەر دوو ئاستی نەتەوەیی و نێونەتەوەییدا کارێکی پێویستە بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکان و خستنەگەڕی تەواوی توانا و کۆششەکان لەو پێناوەدا.

پێناسە کردن: پێناسەکردنی تیرۆریزم لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە یەکجار گرنگ و بنەڕەتییە، کە بۆی هەیە ببێتە بناغە و بنچینەیەکی یاسایی بۆ چالاکییەکانی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم.

هەروەها دەبێتە پاڵپشتیەکی گەورە و ئامرازێکی کارا بۆ فراوانکردنی تێکۆشانمان لە دژی تیرۆریزم لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی. چونکە تا ئێستاش زۆرێك لەو گروپ و ڕێکخراوانەی تیرۆرستان دەگرنە خۆیان، لە ژێر پەردەی جەنگاوەرانی ئازادی و یاخیبواندا درێژە بە چالاکییەکانی خۆیان دەدەن.

یاساکان: پاڵپشت بە ئیرادەی سیاسی سەرکردەکان و پێناسە نێودەوڵەتییەکان، پێویستە نەتەوەکان هەڵسن بە داڕشتنی یاسای نوێ و گۆڕانکاری و دەستکاری کردنی یاساکانی پێشوویان بۆ باشتر خۆسازدان بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو هەڕەشانەی لە تیرۆریزم و تاوانی ڕێکخراوەوە ڕووبەڕوومان دەبنەوە.

بڕیاری سیاسی ڕوون و ڕاشکاو

لە بواری بنبڕکردنی تیرۆریزمـدا دەبێـت داوا لـە سـەرکردە سیاسـییەکان بکـەین بڕیاری سیاسـی سـەخت وەربگـرن. لـە کـاتی نـەبوونی ڕابـەر و پێـشەنگی سیاسـیدا ڕێکخراوەکانی دژە تیرۆریزم پتر گرفتەکان بەڕێوە دەبەن لە بری ئەوەی چارەسەری بکەن.

سیاسەت، هاوبەش و هاوکارێکی گرنگە لە بواری دژە تیرۆریزمـدا و بەرپرسـە لـە کۆنترۆلکردن و پاڵپشتیکردنی ئامرازەکانی دژە تیرۆریزم. سیاسـەتمەداران نابێـت تـەنها ڕای گـشتی بکەنـە پاڵپـشتی خۆیـان بـە هـۆی سـووربوون و بەرەنگاربوونـەوەی سەرسـەختانەی تیرۆریـزم، بـەڵکو دەبێـت پـەیامێکی ڕوون و ئاشـکراش بـۆ گروپـە توندڕەوەکان بنێرن.

لە لایەکی دیکەوە ئێمە چاوەڕوانییەکی زیاترمان لە سیاسـەتمەداران هەیـە کـە بـە شێوەیەکی زانستیانە و پیشەگەرانە دەزگاکانی ڕاگەیانـدن هەڵـسوڕێنن، شـەڕ لـە دژی تیرۆریزمی داهاتوو ئیرادە و ئازایـەتی سیاسـی دەوێـت، بـە هـەمان شـێوە خـەبات و تێکۆشانی بێ وچانی دەوێت، لە پێناو کەمکردنـەوەی کاریگـەری هێـرش و پـەلامارە تیرۆرستییەکان لە داهاتوودا.

هەروەها بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمی داهاتوو دەبێـت سیاسـەتمەداران خـاوەنی هۆشیاری و حیکمەتێکی زۆربن. پێدەچێت ڕوانینێکی ڕوونی سیاسی کارێکی پێویـست بێت، دەبێت سەرکردەکانمان ڕەچاوی بارودۆخ و هەلومەرجی سەر ئەرزی واقیع بکەن لـە ساتی دەرکردنی بڕیاری سیاسیدا.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن

زۆرێك لە زانیارییە گشتییەکان دەربارەی تیرۆریزم لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە دێـن. زۆرێك لە هەواڵـە جیهانییـەکان تـەنها جـەخت لەسـەر دیـارترین قۆنـاغی چـالاکییە

تیرۆرستییەکان دەکەن و تەنها ئەم لایەنەی چالاکییەکە زەق دەکەنەوە، واتە خودی هێرشە تیرۆرستییەکە، لە ڕاستیدا یەکەم کاردانەوەی هەر هێرشێکی تیرۆرستی لەسەر دەزگاکانی ڕاگەیاندندا دەردەکەوێت.

با نمونەی هێرشێکی خۆکوژی باس بکەین: دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە شوێنی ڕووداوەکەوە وێنەکانی کوشتن و کاولکاری دەگوازنەوە، ئەم وێنانەش دەبێتە بەهێزترین چەکی دەستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان کە تیایدا ئەو خەلکانە پیشان دەدرێن کە بوونە ئامانج، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر ڕای گشتی جیهانی. ئەم وێنانە دەبنە سەلمێنەری سەرکەوتنی چالاکییە تیرۆرستییەکان، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی دامرکاندنەوەی حەز و ئارەزووە نەخۆشەکانیان بۆ کوشتنی بێ تاوانەکان.

بەڵام بەرژەوەندی پشت پەردەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن چییە لە گواستنەوەی ئەم چالاکییە تیرۆرستییانەدا؟ لە کاتێکدا ئەم گواستنەوەیە گەورەترین خزمەت بە تیرۆریزم دەکات، بە هۆی چاندنی ترس و دڵەڕاوکێیەوە.

هەمیشە دەزگاکانی ڕاگەیاندن مافی خەڵکی (جەماوەر) بۆ زانینی ڕاستییەکان دەکەنە پاساوی گواستنەوەی ئەم ڕووداو و دیمەنانە، چونکە زۆربەی زۆری جەماوەر دەیەوێت بزانێت کێ باشە و کێ خراپە، بێ ئەوەی ئەرك و زەحمەتی بیرکردنەوە بداتە بەر خۆی، دەیەوێت زانیارییەکانی بۆ ورد بکرێنەوە تا بە ئاسایی تێیان بگات بێ هیچ ئاڵۆزی و زەحمەتیەك.

تیرۆرستە هاوچەرخەکان دەیانەوێت بە ڕەنگدانەوەی کردەوەکانیان لەسەر ڕای گشتی کار لە بڕیاری سیاسی بکەن. لێرەدا دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبنە پاڵپشتی ئەم جەنگە دەروونییە بە هۆی نەبوونی ئەزموون و شارەزاییەوە، واتە بێ ئەوەی بە خۆیان بزانن دەبنە ئامرازێك لەم جەنگەدا و بێ لایەنی و مەوزوعیەتی خۆیان لە دەست دەدەن.

هەروەها تیرۆرستان بە هۆی دەزگا ڕاگەیاندنە جیهانییەکانەوە هەڵدەستن بە گواستنەوە و گەیاندنی پەیامی خۆیان.

بەڵام دەتوانین تا ڕادەیەك لە کاریگەری ئەم شاڵاوە و شەڕە دەروونییە کەم بکەینەوە بە هۆی تێگەیشتن و بەهۆی سەرنجدان لەو پاڵنەر و هۆکارە شاراوانەی لە پشتی ئەم چالاکییە تیرۆرستییانەوەن.

ئاگادارکردنەوە و تێگەیاندنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەو ئەرك و بەرپرسیاریەتییەی دەکەوێتە ئەستۆیان لە بەرژەوەندی ئێمەیە، کە ئەم دەزگایانە یەکەمین وەڵام دەرەوەی پەلامارە تیرۆرستییەکانن. دەزگاکانی ڕاگەیاندن چەکێکی دوو سەرەن دەکرێت بە هەردوو بارەکەدا بەکاربهێنرێن، واتە دەتوانرێت بخرێنە گەڕ بۆ بەرپاکردنی جەنگی دەروونی یاخود بەرپەرچدانەوەی.

بە هەماهەنگی کردن لەگەڵ ئەم دەزگایانە و کێشانی سنوورێکی ڕوون لە نێوان هەڵسوڕاندنی بەرپرسیارانەی ئەم دەزگایانەو بوونیان بە ئامراز و چەکێك بە دەستی تیرۆرستانەوە، ئەوا دەتوانین بیانکەینە پاڵپشت و هاوپەیمان بۆ بەرەنگاربوونەوە و بنەبڕکردنی تیرۆریزم.

دەشێت (تیرۆریزمی ڕاگەیاندن) ببێتە بەشێك لەو تیرۆریزمەی لە داهاتوودا ڕووبەڕووی دەبینەوە، واتە دەستگرتن بەسەر کەناڵەکانی زانیاری و دەزگاکانی دا و بەکارهێنانیان بۆ بڵاوکردنەوەی ترس و لەرز و چاندنی دڵەڕاوکێ وەك جێبەجێ کردنێك بۆ ئەو نەخشە و پلانانەی پێشتر بۆ ئەم مەبەستە دارێژراون. لەگەڵ پەخشکردن و بڵاوکردنەوەی لێدوانی سیاسیی ساختە و چەواشەکارانە، کە بە هەمان شێوە دەبێت ئەم ئەگەرەش لەبەر چاو بگرین و خۆمانی بۆ ئامادە بکەین.

هێرشە تیرۆرستییەکان بە چەندین شێواز ڕای گشتی دەکەنە ئامانج :

یەکەم: هێرشی سەرکەوتوو هەوڵی ورەپێبەردان و لاوازکردنی گیانی خۆڕاگری و بەرەنگاربوونەوەی ئەو خەڵکانە دەدات کە دەیانکاتە ئامانج.

مەرامی تیرۆرستان خولقاندنی هەستی زەبوونی و بێدەسەڵاتییە لە نێو هاولاتیاندا. ئەم شاڵاوە دەروونییە لە دەرئەنجامدا فشارێکی بێ شومار دروستدەکات و حکوومەت ناچار دەکات کاردانەوەی زیادەڕەوانەی هەبێت و لە ئاکامدا ببێتە هۆی سەرزەنشتکردن و ئیدانەکردنی لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە.

دووەم: هێرشەکە لە لایەن تیرۆرستانەوە دەکرێتە پردێك بۆ گەیاندنی پەیامەکەیان بە هەموو جیهان، بە پێچەوانەی تیرۆریزمی پێشووە کە پەیامە سیاسییەکانیان زۆر ڕوون و ئاشکرا بوون.

ستراتیژیەتی تیرۆرستانی ئەمڕۆ دوو رووی هەیە: لەلایەك شەپۆلێکی ڕاچڵەکاندن و هەژاندن ئاراستەی جیهانی شارستانی دەکەن، لە لایەکی ترەوە ئەم (سەرکەوتنانە) بەکار دەهێنێت بۆ ڕاکێشانی زیاتری هاوسۆزەکانیان بۆ ((جیهاد کردن))، هەموو پەلامارێکی تیرۆرستی سەرکەوتوو نووسینەوەی لاپەڕەیکی دیکەیە لە پەرتووك و دەستنووسی تیرۆرستان بۆ ڕێنماییکردن و گۆشکردنی نەوەی داهاتوو لە توندڕەوان.

ڕۆشنبیری گشتی: ستراتیژیەتی سەرکەوتوویی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر هەوڵی لێبڕاوانەی ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەو بەرچاو ڕوونکردنەوەی هاولاتیان لەخۆدەگرێت دەربارەی مەترسییەکانی زاڵبوون و باڵادەستی تیرۆرستان و مەترسییەکانی ئەو شەڕە دەروونییە بەرپای دەکەن.

ڕێ و شوێنەکانی پاراستنی ئاسایش : گەر پاڵپشتی ڕای گشتیمان مسۆگەر کرد ئەوا بە دڵنیاییەوە دەتوانین ڕێ و شوێنی ئەمنی توند و تۆڵ بگرینەبەر. ئەوە هاولاتیانن بە شێوەیەکی گشتی باجی دانانی خاڵەکانی پشکنین و بەرتەسك کردنەوەی ئازادییەکان

دەدەن. بۆیە دەبێت بایەخێکی زۆر بدرێتە ئەم بەشە گرنگەی چالاکی دژە تیرۆریزم و هەوڵی بێ وچان بدرێت بۆ ڕۆشنبیرکردن و بەرچاو ڕوونکردنەوەیان.

تیرۆریزم هێرش دەکاتە سەر ورە و خۆڕاگری و هاوسەنگی هەست و سۆزی تاکە کەس، لەبەر ئەوە دەبێت هەرچی لە توانامانـدا بێت بیکەین بۆ بەهێزکردن و هۆشیارکردنەوەی ئەم پاڵپشت و شەریکە گرنگەی شەڕی دژە تیرۆریزم.

دەرئەنجامەکان دەربارەی تیرۆریزمی داهاتوو

پاڵپشتی ڕای گشتی هۆکارێکی هەستیارە بۆ هەر چالاکییەکی درێژخایەن لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمدا.

بە گوزارشتی دکتۆر گانۆر:

هێزەکانی دژە تیرۆر بۆیان هەیە شەڕەکە ببەنەوە و جەنگەکە بدۆڕێنن، گەر هاوڵاتیان سڵیان کردەوە لە بەکارهێنانی هۆکارەکانی گواستنەوە و هاتوچۆکردنی شوێنە گشتییەکان.

Tools for Countering Future Terrorism

Eric Herreu

http://www.ict.org.il

سەرچاوەکانی تیرۆری نوێ

ن: ماسیۆ ج. مۆرگان

و: مەڕوان کاکل

خۆ پیاکێشانی فڕۆکە ڕفێنراوەکانی هێڵی بازرگانی بە هەریەکە لە باڵەخانەی بنکەی بازرگانی نێودەوڵەتی و پنتاگۆن لە ١١ ی سێپتێمبەری٢٠٠١دا، بە یەکێك لە کاولکارترین هێرشە تیرۆریستییەکانی مێژووی جیهان لە قەڵەم دەدرێت. بەر لەو هێرشە تیرۆریستییە کە نزیکەی ٣٠٠٠٠ کەس تیایدا بوونە قوربانی، وێرانکەرترین هێرشی تیرۆریستی تاکەکەسی توانیبووی ژیانی تەنها ٣٨٠ کەس ئاوا بکات. کارەساتەکەی ٢٠٠١ لە کاتێکدا ڕوویدا کە شارەزایان خەریکی پێناسەکردنی تیرۆری نوێ بوون بە جەختکردنەوە لەسەر ئەو دید و بۆچوونانەی کە پێشبینی هێرشی بەکۆمەڵ و تێکدەرانەیان دەکرد، بەداخەوە هێرشە کاولکارییەکە ئەم مەترسییەی ئەوانی پشتڕاستکردەوە.

(*شێوازەکانی تیرۆری جیهانی*) کە لە سەرەتاکانی ٢٠٠٢دا بڵاوکرانەوە، ئەوەی ئاشکراکرد کە لەو چەند ساڵەی دواییدا هێرشە تیرۆریستییەکان کەمتر بوونەتەوە، هەرچەندە ژمارەیەکی زۆریش لە خەڵك لەو ماوەیەدا بوونەتە قوربانی(١). لە کۆتایی هەشتاکاندا ئاماژە بە زۆری ژمارەی هێرشە تیرۆریستییەکان دەکرا بە تایبەتی لە ساڵانی ١٩٨٥ ـ ١٩٨٦، تێکڕای ژمارەی کارە تیرۆریستییەکان بەدەر لە ساڵی

١٩٩١ نەبێت بە زیاتر لە ٦٠٠ ڕووداوی تیرۆریستی خەملێنرا. بەڵام لە ساڵی ١٩٨٨ بەدواوە تێکڕای ئەم ژمارەیە کەمتر بووەوە کە گەیشتە نزیکەی ٤٥٠ ڕووداوی تیرۆریستی لە هەر ساڵێکدا و، لە ساڵانی ١٩٩٦ ـ ١٩٩٨ گەیشتە نزیکەی ٣٠٠ هێرشی تیرۆریستی. ئەم ژمارەیە لە ساڵی ١٩٩٨ ەوە گەیشتە ٢٧٤ هێرشی تیرۆریستی، بەڵام لە هیچ بارێکدا ئەم ژمارانە نەگەیشتنە ئاستی ئەوانەی کە لە هەشتاکاندا ڕوویاندا. لە ڕاستیدا ئەم کەمبوونەوەیە لە ژمارەی ڕووداوەکان بەرەوژێربوونەوەیەکی هێڵی (ڕێکوپێك) نەبوو لە ژمارەی زۆرەوە بۆ ژمارەی کەم، بەڵام خواستەکە ئەوەی ڕوونکردەوە کە ڕووداوەکان کەمتر بوونەتەوە، بۆیە هەرچەندە ژمارەی ڕووداوەکان کەمتر ببنەوە، بێ گومان مەترسی کەمتر دەبێتەوە.

ئوسامە بن لادن و تۆڕی تیرۆریستی ئەلقاعیدەی نێودەوڵەتی گەورەترین نموونەی تیرۆری نوێن، بەڵام ئیسلامییە توندڕەوەکان تاکە شێوەی تیرۆری وێرانکردن و تێکدەرانە نین، بەڵکو ڕێکخراوی دیکەش وەك (تۆمی شیرینکیۆ) کە ڕێکخراوێکی ئایینی یابانییە، یەکەم گەورەترین هێرشی تیرۆریستی بە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە تۆنێلی تۆکیۆ لە ساڵی ١٩٩٥دا ئەنجامدا، هەروەها تەقاندنەوەی باڵەخانەی فیدراڵی (مۆراه) لە ئۆکلاهۆما، هەمان توندڕەویی باڵی ڕاستی ئەمەریکییەکانی سەلماند، جگە لەمە پلانەکانی دیکەی کەسایەتییە تیرۆریستییە مەسیحییەکان هەمان خواستی نانەوەی قوربانی بەکۆمەڵی نیشان دا.

(نادین گۆر و بنیامین کۆڵ) تیرۆری (ناوەکی ـ بایۆلۆژی ـ کیمیاییNBC) یان بە (شەپۆلی سێیەمی بێهێزی) لەقەڵەمدا کە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە لە سەرەتاکانی ١٩٩٥دا تاقیکرایەوە. دوو شەپۆڵەکەی یەکەم لە لایەن یەکێتی سۆڤیەتەوە بەڕێوەچوو کە بریتی بوو لە بۆمبی ناوەکی ١٩٤٩ و، لەدوای ئەوەش

پەرەپێدانی چەکی ناوکی کەوتە قۆنـاغی پێـشبڕکێکردن.[٢] (دێیڤیـد ڕاپۆپـۆرت) هەمان هەڵسەنگاندنی بۆ سروشتی تیرۆری هاوچـەرخی هانـدراو بـەهۆی ئایینــەوە هەبوو و، لە قۆناغەکانی نەشونماکردنی تیرۆردا بە شەپۆلی چوارەمی ناوزەدکرد کە لەدوای تیرۆری "هەرەسی ئیمپراتۆریەت و نەمانی کۆلۆنیالیزم و دژە ڕۆژئاوایيبوون" دا هاتە ئاراوە.[٣]

کۆمسیۆنی جیهانی بۆ تیرۆر، وای بینی کـە توندڕۆیی، زیـاتر هـانی تـیرۆری ئێـستا دەدات وەك ئـەوەی کـە بەرژەوەندییـە سیاسـییەکان دەیکـات و، ئێـستا تیرۆریـستان لـە ڕێگـای ئەنجامـدانی کارەکانیـان زۆر ئـازادترن لـە هـەرکاتێکی پێشووتردا[٤]. هەندێك سەرچاوەی زانستی دیکە گەیشتوونەتە هـەمان ئاکـام کـە تیرۆریـزم بـەزۆری لەسـەر بنـەمای توندڕۆیی ئـایینی بنیـات دەنرێـت[٥]. لـە بڵاوکراوەکانی بەر لە ٢٠٠١ دا هۆشداری لەبارەی مەترسی تیرۆری نێـو نەتـەوەیی زیادی کرد[٦]، بۆ نموونە، (ئاشتۆن کـارتر، جـۆن دەج و، فیلیـپ زیلیکـۆ) لەسـەر لاپـەڕەکانی گۆڤـاری (فـۆڕێن ئـەففێیرس، سـاڵی ١٩٩٨) ڕایـان گەیانـد کـە هەڕەشەکانی تیرۆری کاولکاری بەدیارکەوتوون[٧] و بایەخـەکانی پێـشووتر لەمـەڕ خەڵکە پەراوێزکراوەکان کـە پاڵپـشتی کێـشەکەیان دەکـرد هیـچی دیکـە بـەلای ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە گرنگی نـەماوە. لـە بـری جەختکردنـە سـەر نیـازە عورفییەکانی بزووتنەوە سیاسی، یان ئایینییەکان، تیرۆری ئێـستا بـەدوای ئـەوەن تیشکۆی ئامانجەکانیان بخەنە سەر تێکدان و ڕووخاندن و برەودان بـە ئـاژاوەگێڕی. یوسف بۆدانسکی لە کتێبەکەیدا (بن لادن)، لە (س. ك. مالیکس) ەوە لە کتێبـی (*بۆچوونەکانی قورئان لەمەڕ تیرۆر*) وەردەگرێ:

(تیرۆر و، ترس و تۆقاندن خستنە نێو دڵ و دەروونی دوژمنانەوە تەنها ڕێگایەك نییە، بەڵکو لە هەمانکاتدا ئامانجیشە. لە هەربارێکـدا کـە تـیرۆر خرابێتـە نێـو

دەروونی بەرانبەرەوە ئەستەمە کە شتێك مابێ بەدەست تەهێنرێت. ئەمە ئەو خاڵەیە کە هۆکارەکان و کۆتاییەکان (ئامانجەکان) لێیەوە بەیەك دەگەن و تیایدا یەکدەگرن. تیرۆر هۆکارێك نییە بۆ سەپاندنی بڕیارەکان بەسەر دوژمناندا، بەڵکو بڕیارێکە ئێمە دەمانەوێ بەسەریاندا بیسەپێنین).[٨]

تیرۆری ئەمڕۆ لە گۆشەنیگا و، پیادەکردنی شێوازەکانیانەوە، ئامانجی کۆتاییان زیاتر تێکدەرانەیە. زۆربەی ڕێکخراوە توندڕۆکان تیرۆر بەوە لێکدەدەنەوە کە ڕێگەیەکی دیکە بێ بۆ کۆتایی هێنان بە خودی تیرۆر. کۆمسیۆنی جیهانی بۆ تیرۆر لە (ڕ. جیمس وولسی) ڕایگەیاند: "کە تیرۆریستانی ئیمڕۆ نایانەوێ لەسەر مێز دابنیشن، بەڵکو دەیانەوێ مێزەکە بشکێنن و ئەوەی داشنیشتووە لەسەری بیکوژن".[٩]

هەندێك لە توێژەرەوان مشتومڕی ئەوە دەکەن کە گەشەسەندنی تیرۆر زیاتر بەردەوامی بەخۆوە دەگرێ لەوەی کە گۆڕانکاری بەسەردا بێت، بۆ نموونە نانەوەی قوربانی بەکۆمەڵ ماوەیەکی درێژە کە خەسڵەتێکی شێوازە تیرۆریستییەکان پێکدەهێنێ و توندڕۆکانیش هەمیشە باڵادەستی هاندەرە تیرۆریستییەکان بوون.[١٠] کتێبە نوێیەکەی (وۆڵتەر لاکوێر) هۆشداری دەدات لە دژی هەوڵدان بە هەر شێوەیەك بێ بۆ پۆلینکردن یان پێناسەکردنی تیرۆر، چونکە پێیوایە ژمارەیەکی یەکجار زۆر تیرۆر هەیە و، جەخت لەسەر تایبەتمەندێتی بزووتنەوە تیرۆریستییە جیاوازەکان و شێوازەکانیان دەکاتەوە.[١١] هەروەها چەند نەوەیەکی پەرەسەندووی تیرۆر جیادەکاتەوە بە تایبەتی ئیسلامییە توندڕەوە جیاوازەکان. جگە لەمانە (بروس هۆفمان) لە کتێبەکەیدا (*لە ناوەوەی تیرۆردا*) ساڵی ١٩٩٨ بە درێژی پێناسەی تیرۆری کردووە و دوایین پێناسەکەشی "گۆڕانکاری سیاسی" دەگرێتە خۆ ئەمەش وەك خواستێکی چالاکییەکانی تیرۆر لە کۆتاییهێنان بە دەوڵەت.[١٢]

ئەمەیان تاڕاددەیەکی باش هاوکۆکە لەگەڵ ئەو بیرۆکە تەقلیدییەی کە دەڵێ تیرۆر هۆکارێکە بۆ کۆتاییهێنانی بنیاتەکان. (ریچارد فولکێنراز) لە وتارەکەی کە بەر لە ١١/٩ بڵاوی کردەوە ئاماژەی بەوەداوە کە خواستی نانەوەی قوربانی بەکۆمەڵ لە تیرۆردا هێشتا ڕووداوێکی ناباوە.[١٣] توێژینەوەیەکی نوێ لەسەر تیرۆر، پێشبینی پەیوەندییەکی مێژوویی و مەعریفی دەکات کە فاشیزمی بزووتنەوە ئیسلامییە توندڕەوەکانی ئەمرۆی تیرۆر و بزووتنەوە چەوسێنەرەوەکانی سەدەی بیستەم بەیەکەوە گرێ دەدا و، زیاتر لەوەش جەخت لەسەر بەردەوامی تیرۆر دەکاتەوە نەك گۆڕان.[١٤]

بە هەرحاڵ، نوێترین لێکۆڵینەوە لەو گۆشەنیگایەوە دەڕوانێ، کە تیرۆری حاڵی حازری ماوەیەکی هەستپێکراوی لەچاو ڕابردوو بەجێهێشتووە. بێگومان هۆکاری جۆراوجۆر ڕۆڵیان بینیوە لە گەشەسەندنی ئەم جۆرە نوێیەی تیرۆر. "پاوڵ ویلکینسۆن" بڕوای وایە کە دیاردەی نەبوونی جیاکاری لە نێوان تیررۆریستەکاندا زاڵبوونی خۆی سەلماندووە و، کۆمەڵێك هۆکاریشی بۆ ئەم گۆڕانە کتوپڕە دیاریکردووە:[١٥]

یەکەم: تێربوونی میدیاکان بە وێنە توندوتیژەکانی کاری تیرۆریستی کە لە ئاستی تێکدان و وێرانکردن تێپەڕیکردووە و بەردەوام سەرنجی سەردێڕەکان بۆ خۆی ڕادەکێشێت.

دووەم: تیرۆریستان درکیان بەوە کردووە کە ئامانجەکانی وەك هاوڵاتیانی مەدەنی کەمتر مەترسی بۆ ئەوان دەنێتەوە.

سێەم: لە کۆتاییشدا، گۆڕانێك یان گوێزرانەوەیەك لە نێوان ئەو تیرۆریستانەی کە هەڵگری بۆچوونی سیاسیین و ئەوانەیش کە توندڕەون هاتۆتە ئاراوە.

لە کاتێکدا کە هۆکـارە دەستنیـشانکراوەکانی ویلکینـسۆن بـە وردی وەسـفی پێشڤەچوونەکانی ستراتیژییەت و تاکتیکی تیرۆریستان دەکات، بەڵام گەلێ بـواری بنەڕەتی دیکە هـەن کـە کاریـان لەسـەر بکرێـت. هەرچـەندە ئیمـڕۆ جیهـان بـە گۆڕانکاری جۆراوجۆردا تێپەڕدەبێ لە گەلێك ئاسـتی جیـاوازدا، بـەڵام ئەسـتەمە بتوانرێ هەموو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان بە تیرۆری ئەمڕۆوە بلکێنرێ، دەکرێ کۆمەڵێك هۆکاری ڕوون بەدواداچوونی بۆ بکرێ کـە گردبوونەتـەوە سـەر یـەك بـۆ هێنانەکایەوەی چەشنێکی دیکەی تیرۆر کە پێشتر هاوشێوەی نەبووە لە سەر ئاستی ئەو هەڕەشەیەی کە لەسەرانسەری جیهاندا بڵاوی دەکاتەوە. ئەم وتارە هەوڵ دەدات بۆ دەرخستنی ئەو هۆکارانە لە ڕوانگەی کەلتووری و سیاسی و تەکنۆلۆجییەوە.

هۆکاری کولتووری

توندڕەوە ئیسلامییەکان، ناوزڕاوترین شێوەی تیرۆری کەلتووری پێکـدەهێنن، بەڵام دوور لە تاکە جۆری خواستی کولتووری کە هانی چـالاکییە تیرۆریتـسییەکان دەدات. هەروەها گەلێ مەزهەبی ئایینی کە سەرهەڵدانیان لە گەلێ بـاردا لەگـەڵ ئاوابوونی هەزارەی نوێدا هاوکۆك بوو، مەترسی بێ ئەندازەیان سەپاندبوو. بەڵام لە دواییـدا، مـافی ئـایینی ئەمـەریکی کەوتـەکار لەگـەڵ بـرەودان بـە ئامانجـە تێکدەرەکانیان، هەرچەندە بوونی هێزی سەپاندنی یاسـا ئـەم گروپانـەی سـنووردار کردبوو.

گرنگە کە تیرۆریستە ئایینییەکان و ئەوانەش کە ناوەرۆکییان ئایینییـە، بـەڵام ئامانجـە سـەرەتاییەکانیان سیاسـییە لێـك جیابکرێنـەوە. گروپـە تیرۆریـستە هاندراوەکان بە ئایین، لە ١٩٨٠ تا ١٩٩٢ شەش بە قەد خۆیان گەشـەیان کـردووە و، لە نۆهەتەکانیشدا بەردەوامبوون لە گەشەکردن. (بروس هۆفمان) جەخت لەسەر

ئەوە دەکاتەوە: کە "گرنگترین خەسڵەتی کردە تیرۆریستییەکانی ئەمڕۆ بریتییە لە پابەندبوونی ئایینی".[١٦] ئەمە وا ناگەیەنێ کە ئەمە دیاردەیەکی تەواو نوێیە، بەڵکو یەکەم شێوەکانی هاندانی تیرۆر لەو ڕێگەیەوە بووە، بە چەشنێك تا پەیدابوونی هاندەری سیاسیی بۆ تیرۆر وەك ناسیۆنالیزم و ئەنارشیزم (ئاژاوەگێڕی) و مارکسیزم، ئایین تاکە بیانووی پەسەندکراوی تیرۆری دابین کردبوو. هەر چۆنێك بێت تیرۆر لە سەردەمی نوێدا تا ئەم چەند ساڵەی دوایی نەبێ بەم شێوەیە ئایینسالاری پێوە پەیوەست نەببوو، بۆ نموونە، لەو کاتەی کە تیرۆری نوێی نێودەوڵەتی بۆ یەکەمجار سەری هەڵدا، لە نێو ١١ گروپی دیاریکراودا، هیچ یەکێکیان نەخرانە ڕیزی تیرۆری ئایینییەوە.[١٨]

زۆربەی تیرۆریستانی ئەمڕۆ، چالاکییەکانی مردن و تێکدان وەك کارێکی پیرۆز یان سنوور بەزاندوو لە سەر ئاستی ڕوحی و باوەڕهێنان بەڕۆژی دوایی دەبینن. واقیعییەتی خۆپارێزی تیرۆریستە عیلمانییەکان کۆسپ ناخاتە بەردەم تیرۆریستانی ئایینی.[١٩] بەهەرحاڵ تیرۆریستی عیلمانی بۆی هەیە توندوتیژی لە جیاوازیکردن وەك کارێکی نا ڕەوشتی ببینێ، بەڵام بەلای تیرۆریستە ئایینییەکانەوە توندوتیژی جیاوازیکردن بۆی هەیە نەك هەر بیانوویەکی ڕەوشتی بێت، بەڵکو پێشکەوتنێکی پێویست و پەسەندکراو لە کێشە ئایینییەکەیان پێکدەهێنێت. سەرەڕای ئەوەش، ئامانجەکانی تیرۆریستە عیلمانییەکان زیاتر لەلای ڕای گشتی پەسەندکراون، چونکە توندوتیژی بێ مانا پشتیوانی لە کێشەکەیان کەم دەکاتەوە، هەروەها خراپتر بەسەریاندا دەشکێتەوە. وەك هۆفمان تێبینی کردووە، تەنانەت خودی جەماوەری تیرۆریستی عیلمانی و ئایینی جیاوازن، تیرۆریستی عیلمانی بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ کە بەرگری لە خەڵکێکی بێ بەشکراو بکا یان دۆزەکەی بەرەو پێش بەرێ

و، داوای هاوتایی دەکات لە نێو ڕیزەکاندا، بەڵام تیرۆریستی ئایینی زۆر بەکەمی پشتیوان یاخود جەماوەریان بۆ کردارە تێکدەرەکانیان هەیە.[٢٠]

(ئۆم شیرینکیۆ) لە ڕیزی تیرۆری (تایپۆلۆجی)یەوەکانەوە دانراوە، کە ئیسلامییە توندڕەوەکانیش دەگرێتەوە، مەبەست لە تایپۆلۆجی ئەو ڕێکخراوانەن کە ئایین هاندەریانە لە هێرشکردنە سەر هێماکانی وڵاتە هاوچەرخەکان.[٢١] لە زۆر ڕێگەوە، گۆڕانی بەردەوامی گروپە ئایینییەکان، گروپی وەك (ئۆم شیرینکیۆ) بەرهەم دێنێت کە زۆر ترسناکترن لەو گروپە تیرۆریستییانەی کە لەسەر بنەمای نەریتییە ئایینییە کۆن و فراوانەکان ڕیشەیان گرتووە. ئەم گروپە ڕادیکالییانە هیچ پشتیوانێکی میانڕەو شك نابەن کە لە بیر و بۆچوونەکانیاندا هاوبەشیان بێت و لەهەمانکاتیشدا ئەوان کاری توندوتیژ و تێکدەرانە ئەنجام بدەن. ئاماژە بڕواپێکراوەکان لە هەریەکە لە ئاینی ئیسلام و مەسیحیدا دەتوانێ توندوتیژی تیرۆرستان بە ناڕەوا لە قەڵەم بدات و بیانووەکانیان پووچەڵ بکاتەوە، هەرهیچ نەبێ ئەگەر بە تێڕوانینێکی دڵسۆزانەوەش سەیریان بکات.

دیاردەیەکی دیکەی گروپە ئایینییەکان کە وایان لێ دەکات بە شێوەیەکی بڕوا پێنەکراو ترسناك بن ئەوەیە کە ئەم گروپانە سروشتێکیان لە بیرکردنەوەدا هەیە کە دڵسۆزی.ئەندامانی گروپەکە بۆ سەرۆکێك ڕێگر دەبێ لەبەردەم شوێنکەوتووانی ئەم گروپە بۆ وەرگرتنی هەر بڕیارێکی خۆیان یان بگەڕێنەوە بۆ هەر سەرچاوەیەکی تری بیرکردنەوە. ئەگەر ئەم سەرۆکەش لەڕووی سۆزەوە یان هۆشەوە جێگیر نەبێت، ئەوا ئاکامەکەی وێرانکەر دەبێت. بۆیە گروپی تیرۆریستی ترسناکی نەریتە ئایینییەکان بۆی هەیە زۆرجاران لەم ڕاستییەدا هاوبەش بێت کە دەڵێ: سەرۆکی بەتوانا، کاریگەرییەکی بەهێزی بەسەر ئەندامانی گروپەکەوە هەیە.

بەگوێرەی زۆربەی لێکدانەوەکان، ڕێکخراوی (ئۆم شیرینکیۆ)ی یابانی توانا هەڕەشەییەکانی خۆی لە ڕێگەی هێرشی گازی (سارین) لە تونێلی تۆکیۆ ڕاگەیاند. هەروەك (D. W. Brackett) نووسی: "زەنگێکی تۆقێنەر لە تونێلی تۆکیۆ لێیدا". تیرۆریستان لە کردەوەکانیاندا بە دوای هەنگاوەکانی پابەندبوونەوە ناکەون، بەڵکو ئەو وانانە بە باشی هەڵدەمژن کە دەبێ لە کردەیەکی سەرکەوتووی توندوتیژیدا پیادەی بکەن. بێ گومان ڕێکخراوی ئۆم شیرینکیۆ، وەك یەکێك لە ترسناکترین کارا تیرۆریستییەکان تەنها ناوزڕاوی بۆ مایەوە. سەرەڕای نوشوستیش، وەك بەندکردنی کەسایەتییە سەرکردەییە گەورەکان، گروپەکە بەردەوام دەبێ بۆ سەپاندنی هەڕەشە لە داهاتوودا. توانای ئۆم شیرینکیۆ بۆ بەئەندامکردنی تاکی نوێ بە ئاستی باڵای ڕۆشنبیری و زانیاری تەکنەلۆژی، ڕواڵەتێکی بەرچاوی هەڕەشەی نیشاندا کە بەهۆی گروپی ئایینییەوە سەپێنرابوو.[٢٣]

لە ڕابردوودا، گروپە ئایینییەکان وەك هەڕەشەیەکی ئاسایشی نەتەوەیی سەیر نەدەکران، بەڵکو بۆ ئەوە ترسناك بوون کە خەڵکێکی نەفام بکەوێتە ژێر کاریگەری ئەوانەوە و تەسلیم بە ئیرادەیان بن. هەرچۆنێ بێ، سیمای ئەم دواییەی ویستی گروپە ئایینییەکان و توانستیان لە وەدەستهێنانی ئامانجە کاولکارییەکانیان، تێگەیشتنێکی باشی لەمەڕ ڕاستییەکانی ئەو گروپانەوە بەدەستەوەدا. بەهۆی ئەوەی کە گروپە ئاینییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی لەسەر بنەمای توندوتیژی ناچارکردن دامەزراون، بۆیان هەیە ڕاهاتبن لەسەر ئەم زنجیرەی بیرە کە زۆر پێویستە لە شێوازەکانی کاری تیرۆریستاندا هەبێ. هەرچەندە گروپە ئایینییەکان زیاتر پراکتیزەی توندوتیژی هۆشیی پیادە دەکەن لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی دەروونی و هێرشی توند بۆ سەر تایبەتمەندێتی کەسێتی، بەڵام جار نا جاریش لە کاری جەستەییدا خراپەکانیان نیشاندەدەن. ترسناکترین جۆری ئەم گروپانە، ئەوانەیانن کە

به بۆچوونی دوایی هاتنی جیهان سەرنجکێشکراون، وەك ڕادیکالەکانی نێو زۆربەی ئایینە زاڵەکان. ئەندامانی ئەم گروپە ئایینییانە بە زۆری بڕوایان وایە کە ئەوان ئامراز و هۆکاری ڕووداونن. سروشتی کەسایەتییە ئەفسانەییەکانی گروپە ئایینییەکان دەکرێ ڕێنیشاندەر بێ لەمەڕ ئاستی مەترسییەکانیان.(٢٤) بە کورتی گروپە ئایینییەکان، بە وردی، شێوەیەکی ترسناکی تیرۆری ئایینین، چونکە دەتوانن بە خێرایی دەربکەون بە بێ هۆشدارکردنەوە و، ئامانجی عەقلانییان نییە و، دەتوانن ببن بە هۆکاری دروستکردنی دڵەڕاوکێ و نائارامی لە ڕێگەی ترساندن و دوژمنایەتیکردن کە بە شێوەیەکی گشتی لە لای کۆمەڵگەوە وادەبینرێن.

ئەو توندوتیژییەی کە بەهۆی تیرۆریستی ئایینییەوە پیادەدەکرێ (چ گروپە ئایینییەکان یان توندڕەوە ئایینییەکان) زۆر مەترسیدارترە بە بەراورد لەگەڵ ئەوەی کە لە ڕێگەی تیرۆری سیاسییەوە لە ساڵەکانی زووتردا هاتووەتە کایەوە. هەروەك هۆفمان تێبینیی کردووە، "بەلای تیرۆریستانی ئایینییەوە، توندوتیژی پابەندبوونێکی خواوەندییە... وەك وەڵامێکی ڕاستەوخۆ بۆ هەندێ فەرمانی خواوەند جێ بەجێ دەکرێت هەروەك لە کتێبی پیرۆزدا ڕێگەی پێدراوە".(٢٥) ئایین نەك هەر بۆی هەیە هێزێکی پاساوهێنانەوە بێ لە ڕێگەدان بە ئەنجامدانی ئەم کارانە، بەڵکو بە بوارێکی فراوان تیرۆریستان بۆ ئەنجامدانی کاری توندوتیژی لەدژی بەرانبەرەکانیان ناچاردەکات.(٢٦) توندوتیژی تیرۆریستان دەکرێ وەك ئامانجێکی ئیلهامبەخش لە خودی خۆیدا ببینرێ. لێکدانەوەیەك کە بۆ شیکردنەوەی توندوتیژی توندڕەویی ئیسلامی پێشکەشکراوە، تیایدا تۆڵە سەندنەوە وەك ئامانجێکی سەرەکی تیرۆریستان دەبینێ.(٢٧) ئەم بیرکردنەوەیە وادەکات لەگەڵ گۆڕانی سیاسی یان ئامانجە سیاسییە کۆنەکان هاوکۆك نەبێ، و بە تەریبی ئەو بۆچوونە هەنگاو بنێ کە وادەبینێ توندوتیژی لە خودی خۆیدا ئامانجیشە نەك تەنها

هەر هۆکار. ئیسلامییە توندڕەوەکان ناتوانن درك بەوە بکەن کە یان لەگەڵ باری سیاسیدا بژین یان سازشی لەسەر بکەن. داواکارانی تیرۆی پیرۆز وای دەبینن ئیسلام یان دەبێ زاڵ بێ یان دەبێ ژێردەستەبێ.(٢٨) لێکۆڵینەوەیەکی نوێ کە بەدواداچوونی بۆ ڕێچکەی خواوەند لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گرتە ئەستۆ، تێبینی ئەوەی کرد: ئەو پێشکەوتنە فەلسەفییانەی کە زۆربوونی خواستی نانەوەی قوربانی بەکۆمەڵ بە تیرۆری ئایینییەوە گرێدەدا لەلایەن پشتیوانانی ئیسلامەوە سەرچاوەی گرتووە.(٢٩)

ئەو توێژینەوە نوێیەی لەسەر فەتواکەی ئوسامە بن لادن بڵاوکرایەوە لە گۆڤاری (*لێکۆڵینەوەکانی ململانێ و تیرۆر*) وایدەبینێ کە ناوەرۆکی فەتواکە نە شۆڕشگێڕانەیە نە شتێکی بێ هاوتاشە وەك ئەوەی هەڵوێستێکی گرنگی لە جیهانی ئیسلامیدا تێدا دەربڕیبێ، بە تایبەتی ئەو بەشەی کە ڕایگەیاند ئیسلام لەدژی بێگانە عیلمانییەکان و بە مۆدێرنبوون دەجەنگێ.(٣٠) هەرچۆنێ بێ هەندێ لە ناوەرۆکی فەتواکە ڕاستەخۆ چووە نێو تەرازووی تیرۆری ئایینی هەنووکەیی. ئەمە چەند بەشێکییەتی:

"سوپاس بۆ خوا، کە کتێبی ئاشکراکرد و، دەستی بەسەر هەوزەکاندا دەڕوات و، هەموو پارتەکانی تێکشکاند و، لە کتێبەکەیدا دەڵێ: کاتێك کە مانگە قەدەغەکراوەکان تێپەڕین، ئەوکاتە لە هەرکوێیەکدا موشریکەکانتان بینی لەگەڵیان بجەنگێن و بیانکوژن.

لەسەر ئەم بنەمایە و بە پێی پابەندبوون بە فرمانەکانی خودا، ئێمە ئەو فەتوایانە بۆ هەموو موسوڵمانان دەردەکەین:

فەرمانی کوشتنی ئەمەریکییەکان و هاوپەیمانەکانی ـ مەدەنی و سەربازی، ئەرکی هەر تاکێکی موسڵمانە کە لە توانایدا بێ بە ئەنجامی بگەیەنێ لە هەر وڵاتێکدا کە بۆی بکرێ."[٣١]

لە وتارێکدا کە کەمێك دوای ڕووداوی ١١ی سێپتێمبەر بڵاوکردایەوە، (ستیڤن سیمسۆن و دێیڤید بنیامین) تێبینی ئەوەیان کرد کە گەلێ لە هێرشەکانی ئەلقاعیدە بە هێرشەکەی ١١ی سێپتێمبەریشەوە لە کاتێکی زۆر گونجاو و باش لە بەرژەوەندی فەلەستینییەکان لە پرۆسەی ئاشتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ڕوودەدات، بەڵام نەگۆڕانی هیچ هەڵوێستێك لە سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی ئەمەریکا بۆی هەیە ڕادیکاڵییەتی ئوسامە بن لادنی لەسەر ئەم کارەی سارد کردبێتەوە.[٣٢] لە کاتێکدا کە تیرۆریستە توندڕەوەکانی ئیسلامی ناوزڕاوترین توندڕەوی پیادەکردنی توندوتیژی ڕۆژگاری ئەمڕۆن، هەروەها هەندێکی دیکە وەك باڵی ڕاستی توندڕەوە مەسیحییەکان گەلێ خەسڵەت و جیاکەرەوەی تیرۆری نوێ نیشان دەدەن. (مارك جێرجینسمیر) لە پەرتووکەکەیدا (*لە بیری خوداوەندەوە، بەرزبوونەوەی توندوتیژی ئایینی*)، سێ ئاکاری دیاریکردووە کە ئیسلامییە توندڕەوەو و مەسیحی ڕادیکاڵی وتیرۆریستە ئایینییەکانی دیکە لێی هاوبەشن: یەکەمیان، ئەوانە بە شێوەیەك لە ئامانجەکانیان دەڕوانن یان تێیگەیشتوون کە پارێزگاری لە بوون و سەربلندی و شکۆمەندییان دەکات. دووەم، لەدەستدان یان دۆڕاندنی ململانێکەیان کارێکی مەحاڵە. سێیەمیش، ململانێ و تێکۆشانەکەیان لە ژێرکەوتندایە یان ناتوانێت سەربکەوێ لە کاتی ڕاستەقینەدا یاخود بەزاراوەیەکی ڕاستەقینە.[٣٣]

لە ڕابردوودا تیرۆریستەکانی باڵی ڕاستی مەسیحی هاندراو بەهۆی ڕەگەز یان ئایینەوە، بە شێوەیەکی هەرەمەکی لە دژی قوربانییە هەڵبژێردراوەکانیان چالاکی توندوتیژییان ئەنجامدەدا و، ڕووبەڕووبوونەوەش لەگەڵ حکومەتدا سنووردار بوو تا

چەند قۆناغێك کە حکوومەت ڕووبەڕووی بەرنامەی سیاسی و ئایینی گروپە تیرۆریستییەکان بووەوە.[٣٤] بەڵام ئیمڕۆ هەندێك لەو گروپانە دوژمنی ڕاستەوخۆی حکوومەتی ئەمەریکان، کە پشتیوانەکانیان بڕوایان وایە پیلانگێڕییەکی بەرفراوان لە ئارادایە و مەترسی لەسەر بوونی (شێوازی ژیانی مەسیحییە سپییەکان) هەیە.[٣٥] نوێترین ستراتیژییەتی هەڵسەنگاندنی (FBI) بۆ تواناکانی تیرۆری نێوخۆیی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا تیشکۆی خستووەتە سەر ئەو گروپانەی وەك (کیانی مەسیحی و، بزووتنەوە خۆپارێزە لەڕادەبەدەرەکان کە بە مەسیحییە ئوسولییەکانەوە پەیوەندییان هەیە). توندڕەوترینی ئەمانە، ئەوانەن کە پێگەی (نا مرۆڤ) یان (مرۆڤی پلەدوو) لەسەر بنەمای ڕەنگ بۆ خەڵك دیاری دەکەن، سەرەڕای ئەوەش بە کۆیلەیان دادەنێن و وایان دەبینن کە لە جەنگێکی بێ کۆتایی لەگەڵ هێزی شەڕ دان (هەر وەك لە ڕاگەیاندراوی ڕەگەزە نا سپییەکان و حکوومەتی بەهێز و شەڕخوازدا هاتووە). ئەم مەسیحییانە بە ئەرکی خۆیان دەزانن کە پەلە بکەن لە درککردن بە پلانەکانی خواوەند، کە ڕێگەیان دەدا و هانیشیان دەدا بۆ ئەنجامدانی توندوتیژی لە ئاستی باڵاتر.

بەڵام بۆ ماوەی چەند دەیەیەك توندوتیژی ئەو مەسیحییانە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا بە بێ جیاوازی لە دژی کەمینە ڕەگەزییەکان و ئامانجی نا مرۆڤانە بە ڕێوەدەبرا، تا لە دوابییەکانیدا بە ڕادەی ئەوە فراوانبوو کە هەوڵی تەقاندنەوە و ژەهراوی کردنی سەرچاوەکانی دابینکردنی ئاویان دا.[٣٦] ئەم هێرشە هەڕەمەکییانە ویست و ئارەزووی ئەم گروپانە لە هەوڵدان و کۆششکردن بۆ گەیاندنی زیان بە ئاستێکی بەرزتر و هێنانە ئارای قوربانی بە کۆمەڵ دەردەخا. تەقاندنەوەی باڵەخانەی فیدراڵی لە شاری ئۆکلاهۆما نموونەیەکی بەرچاوی ئەم خواستانەیە، هەرچەندە هەندێك بڕوایان وایە کە لێپرسراوێتی هێرشەکە دەکەوێتە

ئەستۆی هەندێ میلیشیای خۆپارێزی دیکە یان تیرۆریستی مەسیحی دیکە.[٣٧]
یاسای سەپاندنی نێوخۆیی کاریگەر لە وڵاتە یەکگرتووەکاندا بە ڕادەیەکی زۆر ئەم گروپانەی قەدەغەکرد لە ئەنجامدانی توندوتیژی بەرفراوان لە ئاستی ئەوەی شاری ئۆکلاهۆما، بە شێوەیەك وایکردووە کە ئەم ڕووداوە بارێکی هەڵاوێژراوی تراژیدی بێت لە ژمارەیەکی یەکجار گەورەتر لە پلانی سەرنەکەوتووی دیکە.

لە کاتێکدا کە بە دڵنیاییەوە هیچ هاوکاری و پەیوەندییەك لە نێوان ئیسلامییە بێگانەکان و مەسیحییە توندڕەوەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا نییە، بەڵام وێکچوونێکی نیگەرانکەر لە دیدەکانیاندا بە دیدەکرێ. (ئۆگەست کریس) کە سەربە گروپێکی نیمچە سەربازیی (پۆسی کۆمیتاتەس) بەم شێوەیە و بە دەنگێکی شێواو وەڵامی ڕووخانی بنکەی بازرگانی نێودەوڵەتی دایەوە: (**هالالۆیا یاوێە = سوپاس بۆ خوا (یاوێە)، لەوانەیە شەڕ دەستی پێکردبێ، مردن بۆ دوژمنەکانی ئەو! بۆی هەیە بنکەی بازرگانی جیهانی بکەوێتە خوارەوە!**).[٣٨] پەرتووکە نوێیەکەی (جێسیکا ستێرن) بە ناوی (*تیرۆر بە ناوی خودا: بۆچی میلیشیای ئاینی کوشتار دەکەن*) کە تیایدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ تیرۆریستە نێودەوڵەتییەکاندا بۆ ماوەی پێنج ساڵ کۆکردووەتەوە، وەنەبێ بە نموونەیەك لە گوانتانامۆ یان شەقامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەستپێبکات،[٣٩] بەڵکو لە پێشەکییەکەیدا تیرۆریستە مەسیحییەکانی پێشوو لە پارکی ترێڵەکان لە ویلایەتی تەکساس بە نموونە دەهێنێتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە تیرۆری ئیسلامییەکان دیارترین هەڕەشەن بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان، بەڵام تاکە مەترسیش نییە کە بەهۆی خواستی نوێی کەلتووری توندڕەو و توندوتیژی ئایینییەوە سەپێنراوە.

کەڵەکەبوونی کۆمەڵێك دیاردەی کەلتووری لە نێو گروپی تیرۆریستی جیهانیدا ئاستێکی بەرزی هەڕەشە دیاری دەکات، ئەم سیما و خەسڵەتانەش ئەمانە

دەگرێتەوە: بۆچوونی کوشتن بە مەبەستی چاککردن، پێویستیی ڕووخاندنی تەواوی کۆمەڵگە وەك بەشێك لە پرۆسەی پالاوتن، سەرقاڵ بوون بە چەکی بەکۆمەڵکوژ و، لە نێو گروپدا سەرکردەی بالادەست بەشێوەیەك کەسایەتی خۆی بسەپێنێ کە شوێنکەوتووانی وێنەیەکی وەك ئەویان لێ بێتە بەرهەم.[٤٠] ئەم تایبەتمەندێتییانە بەیەکەوە دابڕانێکی بەرچاو دەنوێنن بە بەراورد لەگەڵ کەلتووری گروپە تیرۆریستییەکانی پێشووتر. ئەو ڕێکخراوانەی کە بەم خاسیەتانە جیادەکرێنەوە هەڕەشەیەکی توندیان بۆ جیهانی شارستانی لە هەگبەدایە.

هۆکارە سیاسی و ڕێکخراوەییەکان

ئەو بارە گونجاوەی کە بۆ تیرۆری ئیمڕۆ خولقاوە، بەهۆی گەلێ پێشکەوتنەوە بووە لەسەر ئاستی ڕووداوە جیهانییەکاندا. جیاوازی گەورە لە سەرچاوە و پێوانە ئابوورییەکان بۆ ژیان لە نێوان بەشە جیاکانی ئەم جیهانە، هۆکاری میللین و دەبنە مایەی پێدانی خوێنگەرمی و دڕاندایەتی تیرۆریستان،[٤١] ئەو لێکدانەوەیەی کە دەڵێ هەرەسی حکومی لە وڵاتە ڕووخاوەکاندا زەمینەیەکی بە پیتی بۆ پەروەردەکردنی تیرۆریستانی ئێستا خولقاندووە، بۆچوونێکە لە بارەی ئەم لۆجیکەوە ناکۆکی لەسەرە.[٤٢] بە هەر حاڵ تا ئێستا نە لێکدانەوەیەکی شمولی هەیە کە چۆن هەژاری تیرۆر دەخولقێنێ، نە ڕاگەیاندراوێکیش لە نێوان هەردووکیاندا بەدی دەکرێت.[٤٣] بەلام هاتنی بەهاو دەزگا ڕۆژئاواییەکان بۆ ناو جیهانی ئیسلامی لە ڕێگەی پرۆسەی جیهانگەرایی بازاڕی ئازادەوە، لێکدانەوەیەکی ترە بۆ چۆنیەتی نەشونماکردنی تیرۆر، لەم بارەدا پارت و لایەنە بێهێزەکان تەنها تۆڵەسەندنەوەیان بۆ دەمێنێتەوە کە هەڵیبژێرن.[٤٤] جیهانگەرایی کە بریتیە لە کەمکردنەوەی سنووری تەکنەلۆژی، سیاسی، ئابووری و، کەلتووری

نێوان وڵاتان لە سەرانسەری جیهاندا، کەچی ئەم بارە لە کەلتووری کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا بەرژەوەندی خۆیی و، گەندەڵی و خراپەکاری بازاڕی لێ کەوتووەتەوە. لە هەمانکاتدا جیهانگەرایی تیرۆری ورووژاندووە و ڕێگاکانی ئەنجامدانیشی ئاسانتر کردووە.

یەکێك لە گەورەترین ئاکامەکانی جیهانگەرایی بریتی بووە لە بەرەو خراپ چوونی دەسەڵاتی دەوڵەت و، فراوانبوونی چەندجارەی (توانی) ڕێکخراوە ناحکومییەکان. هەروەها هاوپەیمانی هەرێمایەتی و، ڕێکخراوە جیهانییەکانیش ئەم خواستەی قایمتر کردووە. هەرچەندە بە دڵنیاییەوە مەبەست لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ڕێکخراوە جیهانی و مرۆڤایەتییە کۆنەکان نییە وەك ڕێکخراوی خاچی سوور یان ڕێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور. ئەلقاعیدە لەنێو سەرکەوتووترین ڕێکخراوە ناحکومییەکاندا خۆی جودا کردووەتەوە بە بەردەوامبوون و بەدواکەوتنی بەرنامە جیهانییە تایبەتییەکەی لە دابینکردنی دراو. خواستی دوورکەوتنەوەی تیرۆریستان لە بوونی پەیوەندی ڕاستەوخۆ بە وڵاتانی پاڵپشتیکەری تیرۆر، چەندین قازانج و سوودی هەبووە لە بوێرانە ئەنجامدانی توندوتیژی. بۆی هەیە گروپە تیرۆریستییەکان زیاتر هەوڵی وەدەستهێنانی پاڵپشتی جەماوەری نادیار بدەن، بۆیە ڕێگا و شێوازە توندوتیژەکان زیاتر پەسەندکراو دەبن، چونکە بەهۆی ئەم ڕێگایانەوە دەتوانرێ بە بێ دڵەڕاوکێ و ترس لە دوورخستنەوەی پاڵپشتی سیاسی پیادە بکرێن.[٤٦] (هارڤێی کوشنێر) ئەم پێشکەوتنەی بە گەشەی گروپی هەوادار وەسف کردو، کاتێك هاتە کایەوە کە یارمەتی وڵاتانی پشتیوان کەمتر بووەوە.[٤٧] (لۆورێنز فرێدمان) ئاماژە بەوەدەکات کە بەڕێوەبردنی ئەفغانستان لەلایەن تالیبانەوە تا ئەو ڕادەیە تیرۆری پاڵپشتیکراو لەلایەن دەوڵەتەوە نەبوو بەقەد ئەوەی تیرۆرێك بوو پاڵپشتی دەوڵەتی دەکرد.[٤٨]

بــه هــەرحاڵ، تیرۆرســتان بــەردەوام دەبــن بــۆ کــەڵکوەرگرتن لــە یارمــەتی ناڕاستەوخۆی وڵاتانی پشتیوانی تیرۆر. هەرچەندە بواری ئەو وڵاتانە لە چاودێری و پاڵپشتی تیرۆر کەمبووەتەوە لە ئەنجامی جەنگی دژە تیرۆری حکوومەتی ئەمەریکا کە لە دوای ١١ ی سێپتێمبەرەوە دەستی پێکردووە، کەچی ئەم وڵاتانە بە بەربڵاوی لە شێوەی خۆیاندا دەمێننەوە. لە ڕاستیدا پەرەسـەندن لـە ئەنجامـدانی کـردە دژە تیرۆرییـەکان بـۆی هەیـە هەنـدی خواسـتی ترسـناك لـە تـیرۆری هاوچـەرخدا بێنێتەکایەوە. کاتێك کە تیرۆریـستان نـاتوانن ڕاسـتەخۆ پاڵپـشتی لـە وڵاتانـەوە وەربگرن، کەمتر دەتوانرێ دەستنیشان بکرێن و بەدواکەوتنیان سەختتر دەبێ. دەبێ وڵاتان خۆیان لە تێوەگلانی ئاشکرای تیرۆریستان بەدوور بگرن بە کەمتر واڵاکردنـی دەرگا بۆیان و دواتریش کەمتر ڕێکخراوە تیرۆریستییە توندڕەوەکان لەباوەشـبگرن. گەلێك وڵات چوونە نێو ئەو لیستەی کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمـەریکا بـەناوی وڵاتانی چاودێریکەری تیرۆر بۆ ماوەی زیاتر لە دەیەیەك بڵاوی کـردەوە، لەوانـەش: کوبا، ئێران، عیراق، کۆریـای بـاکوور، لیبیـاو سـوریا، بـەم دواییـەش سـودان و ئەفغانستان هاتنە نێو ئەم لیستە. هەندێ وڵاتی پشتیوان بۆ تیرۆریستان بەیەکـەوە هاوکاری دەکەن بۆ پەرەپێدانی توندوتیژی تیرۆریستیو، بەشێوەیەك کاردەکـەن کـە چالاکییە تیرۆریستییەکان تەواو لەگەڵ سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێـك لێکپـچڕاو بێ. ئێران یارمەتی دارایی بە کەمپـەکانی مەشـقکردن لەسـودان داوەو، جیهـادی ئیسلامی فەلەستینیش پاڵپشتی لە هەردوو وڵاتی سوریا و ئێران پێگەیشتووە.(٤٩)

ئەوەی زیاتر تەنگژە دەخاتە کێشەکەوە، ڕێگاکانی بەخشینی یارمەتی داراییە، کە زۆرجاران هیچ پێوانەیەك نییە بۆ لێپرسینەوە. پاڵپـشتی ئێـران بـۆ ڕێکخـراوە تیرۆریستییەکان ناتوانێ هیچ ئامانجێکی دیاریکراو بگرێتـە خـۆو، ئەنجامەکەشـی هەندێ جار بە لەدەستچوونی بڕی یارمەتییەکە کۆتایی دێت بەهۆی ئەنجامنـەدانی

هیچ کارێکی تیرۆریستی.[٥٠] ئەم پێچەوانەبوونەوەش لەسەر وڵاتە پاڵپشتیکەرەکان دەکەوێتەوە، بەهۆی جار نا جاری پێدانی پاداشت لە بری وێرانکردن و هەروەها تەمومژاوی بوونی ئەو بەڵگانەی کە تیرۆریستان بە وڵاتەکانەوە گرێ دەدەن، بۆیە ئێران بە ئەنقەست پێکهاتوویێکی فەرمانددەیی لامەرکەزی بۆ ئەم قازانجانە پێکهێناوە.[٥١] وڵاتانی پشتیوان بەرژەوەندی زیاتریان لە هێشتنەوەی دەستڕۆیشتوویی کردەوە توندوتیژەکان بریتییە لە پاراستنی خۆیی، بۆ نموونە، ڕێکخراوی هەواڵگەری حکومەتی سودان بە ئاشکرا چاودێری ئوسامە بن لادنی دەکرد کاتێك کە لەو وڵاتە دەژیا. لە ڕواڵەتدا بۆ ئەوە بوو تا بەرهەڵستکارانی خۆی قەدەغە بکا لە ئەنجامدانی کاری توندوتیژی تەنانەت لەو وڵاتەشدا کە خۆی داهێنەری توندوتیژییە.[٥٢]

لە کاتێکدا کە کردەوەی سەربازی ئەمەریکا لە ئەفغانستان و عیراق لە مەترسی ئەو وڵاتانەی کەمتر کردەوە، هەندێ وڵاتی دیکەی پشتیوان بۆ تیرۆریستان بەهۆی هۆکاری سیاسییەوە ئەم لیستەیان بەڕەسمی جێهێشتووە. (زۆرجار قسەوباس لەوە دەکرێ کە هەر وڵاتێك ناوی بچێتە لیستی وڵاتانی پشتوان بۆ تیرۆریستان، ئەوا ڕەنگدانەوەی لەسەر پەیوەندی نێوان ئەو وڵاتە و وڵاتە یەکگرتووەکان دەبێت)[٥٣] بە گوێرەی ڕاپۆرتەکان هەواڵگەری پاکستانی لە یارمەتیدانی توندوتیژی تیرۆریستی لەهەردوو دۆزی ئەفغانستان و هەرێمی پڕ ململانێی کشمیر تێوەگلابوو. جگە لەمەش، میرنشینی عەرەبی سعودی لە چەقی مشتومڕەکاندا بوو کە وڵاتێکە چاودێری توندوتیژی دەکات و تیرۆریستان بەرهەم دەهێنێ. (لۆورێنت میوراویك)، شرۆڤەکارێکی دەزگای (ڕاند ـ RAND) ە، لە ساڵی ٢٠٠٢ لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سیاسەتی بەرگری، سەرنجی گشتی بەوە بۆ لای خۆی کێشکرد کە ئاماژەی بە مەترسی سعودیای عەرەبی کرد لە

پشتگیریکردنی توندڕەوە ئیسلامییەکان بە شێوەیەکی دیاریکراویش ئوسامە بن لادن. لە کاتێکدا هیچ بڵاوکراوەیەکی ئەم دەزگایە پێشبینی بۆچوونێکی لەم جۆرەی نەوروژاندبوو، زیاتر لەوەش، (میوراویك) تیشکی خستە سەر چەند بەڵگەیەك لە یارمەتی دارایی سعودیا بۆ بەرنامە ئیسلامییەکان لە ڕێگەی ناوچەکانی پەروەردەکردنی ئیسلامی و بەخشینی یارمەتی پێیان.

بۆیە کە جیهانگەرایی یارمەتی لادانی گەلێ سنووری دا کە پێشتر وڵاتە پشتوانەکان سەپاندبوویان، تیرۆریستان دەتوانن بە ئاسانی مامەڵە بە پارەکانیان بکەن و پارێزگاریشی لێبکەن کە دەوڵەتە پشتیوانەکان بۆیان دابین دەکەن. هۆکارێکی دیکەی جیهانگەرایی کە تیرۆریستان سوودیان لێوەرگرتووە بریتییە لە پێکانی ئامانجەکانیان: "لە دونیای جیهانگەری ئەمڕۆدا، تیرۆریستان دەتوانن بە شێوەیەکی ئاسانتر بگەنە ئامانجەکانیان کە لە زۆربەی شوێنەکاندا بەدیدەکرێن و، ئەو هەواڵ و بیرۆکانەی خەڵك دەوروژێنن بۆ پەنابردنە بەر تیرۆر بەشێوەیەکی فراوانتر و خێراتر بڵاودەبێتەوە وەك لە ڕابردوو."[٥٤] لەنێو ئەو هۆکارانەی کە لەم پرۆسەیەدا هاوبەشن، ئاسانکاری هاتووچۆیە بە نێو سنوورەکاندا و، پێشکەوتنی ژێرخانی خولاوەی جیهانییە، کە یارمەتیدەرە بۆ بەئەندامکردن وبەرزکردنەوەی ئاستی دارایی و، گواستنەوەی کەلوپەلەکان و، هەندێ ئەرکی لۆجیستیکی دیکەیە.

سەرەڕای گۆڕانە سیاسییەکان لەسەر ئاستی جیهانیدا، پەرەسەندنی پراکتیزەکردنی ڕێکخراوەییش مەترسی تیرۆریستانی زیاتر کردووە، هەروەك ئەو هاوکارییەی لە نێوان ڕێکخراوە تیرۆریستییەکاندا هاتۆتە ئاراوە. گروپە تیرۆریستییەکان لە پێکهاتەی ڕێکخراوەیی ستوونی پلەدار، بۆ گروپی شێوە ئاسۆیی گەشەیان کردووە کە فەرماندان کەمتر تیایدا باوی هەیە. (جۆن ئەرکویلا،

دێڤید ڕۆنفیچلت و، مایکل زانـینی) تێبینـی ئـەوەیان کـردووە "سـەرکردایەتی تیرۆریستی لە کۆمەڵێك بنەماوە وەرگیراوە کـە دەتوانـێ سـنوور دابنـێ و هێڵـی ڕێنماییەکانی بڕیاروەرگرتن و چالاکییەکان دابین بکا، بۆیـە ئەندامـەکان پێویـست ناکا بگەڕێنەوە سەر شێوەی پلـەدارێتی. ئـەوان دەزانـن کـە دەبـێ چـی بکـەن". نووسەرەکان بە شێوەیەك وەسفی نەخشە ڕێکخراوەییەکان دەکەن کە هەندێ جار بێ سەرن (سەرکردە) و هەندێ جاریش زیاتر لە چەند سـەرێك (وەك هایـدرا) بـەخۆوە دەگرن.[٥٥] (پاول سمیت) تێبنینی کردووە کـە پێکهاتـەی فرەخانـەیی ئەلقاعیـدە، چالاکی و ڕووپۆشی بە ڕێکخراوەکە دەبەخشێ و بووەتـە مایـەی هێزێکـی گـەورە بۆی.[٥٦] ئەم نەرم ونیانیە ڕێگەی بە قاعیدە داوە بۆ دامەزراندنی چەندین بنکە بە بەکارهێنانی کەسایەتی نێوخـۆیی (میللـی) لـە سەرانـسەری جیهانـدا، هـەروەها ڕێکخـراوە ناحکومییـە ئیـسلامییەکانی خـستووەتە نێـو گروپەکـەی بـۆ ئـەوەی کارەکانی تێدا بشارێتەوە.[٥٧] (جێسیکا ستێرن) بەم دواییە لێدوانێکی دا دەربارەی توانای ئەلقاعیدە لە هێشتنەوەی چالاکییەکانی بەشێوەی هێرشی بێ وێنە نووسی:

وەڵامەکە دەکەوێتە سەر سروشتی هەمیـشەگۆڕاوی ڕیکخراوەکـە. بەدرێـژایی ماوەی ژیانی، ئەلقاعیدە بە چەسپاوی گەشەی کردووە و ئامادەیی سەرسوڕهێنەری خۆی لە ئەنجامدانی ئەرکەکانی نیشانداوە. ئەم توانایەی گۆڕان وایکردووە کـە بـە چەسپاوی داوای بۆ بەئەندامکردن و ڕاکیشانی سەرنجی هاوپەیمانی نوێ زیاد بکا و، نیگەرانی و مەترسیشی لە بۆچوونی ڕۆژئاوا ، وایکردووە کە زیاتر هەوڵی پـشکنین بداو سەختتر کاولکاری ئەنجام بدا.[٥٨]

هۆكارە تەكنۆلۆژییەكان

سەرەڕای هاندەرە كەلتووری و ئایینییەكانی تیرۆریستان و، هۆكارە ڕێكخراوەیی و سیاسییەكان كە لە ئەنجامدانی كارەكانیان توانایان پێدەدات، تەكنۆلۆژیا لە گەلێ ڕێگەوە پێشكەوتووە بۆ دابینكردنی هەلومەرجی باشتر بۆ تیرۆریستان بە شێوەیەك كە بەر لەوە هاوتای نەبووە. هەرەسهێنانی یەكێتی سۆڤیەت و ئەگەری زۆربوونی چەكی ناوكی بۆ وڵاتە بەكارنەهێنەرەكانی ئەم چەكە، هۆكاری یەكەمە و بە شێوەیەكی بەرچاو بووەتە مایەی زیادبوونی هەڕەشەی تیرۆری ناوكی.[٥٩] هەرچۆنێك بێ، جگە لە چەكی بە كۆمەڵكوژ و زیانیاری تەكنۆلۆژی، چەكی دیكەش هەلومەرجیان بۆ تیرۆریستان خولقاندووە كە لە گەلێ ڕێگەوە مەترسی فراوانتر لە تیرۆری ڕادیۆلۆجی بێننە كایەوە، چونكە ئەم جێگرەوانە ئەگەری زیاتریان هەیە بۆ ئەنجامدانیان.

هەندێ لە توێژەرەوان پێیانوایە چەكی بە كۆمەڵكوژ ئەو چەكە نییە كە زۆربەی تیرۆریستان لە چالاكییەكانیان هەڵیدەبژێرن تەنانەت لەم جیهانە گۆڕاوەی ئێستاشدا. (ستێرن) دەنووسێت كە: "تیرۆریستان بەردەوام دەبن لەوەی كە لە چەكی بە كۆمەڵكوژ دووربكەونەوە بەهۆی گەلێ هۆكاری جۆراوجۆر و، بۆمب و چەكی سادە بە باشتر دەزانن".[٦٠] (براین جێنكینز) لەگەڵ ئەو بۆچوونە هاوكۆكە كە زۆربەی تیرۆریستان لە ڕووی تەكنۆلۆژییەوە خۆپارێزن، بەڵام تێبینی ئەوەشی كردووە: ئەو كۆت و بەندە ڕەوشتییانەی كە لەسەر خۆیان سەپاندوویانە و زۆرجار دەست بەسەر چالاكییە تیرۆریستییەكان دادەگرێت، بەرەو پووكانەوە دەچێ.[٦١] هەركە خواست و ئارەزووەكان دەگەنە كامڵ بوون، نیازی بەكارهێنانی چەكی بە كۆمەڵكوژ و مەیلی نانەوەی قوربانی بەكۆمەڵ لە تیرۆردا زیاتر دەبێت و بۆی هەیە

تیرۆریستان بگەڕێنەوە سەر ئەم چەکانەکە باشترە بۆ پێکانی ئامانجەکانیان و زیاتر لەگەڵ بنەماکانی ڕەوشتیان دەگونجێ.

(وۆڵتەر لاکویێر) لە (*تیرۆری نوێ*) دا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە فەراهەمبوونی چەکی بەهێزی بەکۆمەڵکوژ وەك هەڕەشەیەکی هەنووکەیی گەورە ڕووبەڕووی جیهانی شارستانی دەبێتەوە.[٦٢] لە نێو جۆرەکانی چەکی بەکۆمەڵکوژدا، چەکی بایۆلۆژی و کیمیایی لەوانی دیکە مەترسی گەورەتر پێکدەهێنن. چەکی بایۆلۆژی دیاریکراوترن، چونکە پێویستی بە مامەڵە و بەرکەوتنی ڕاستەوخۆی مرۆڤ دەبێت بۆ بڵاوکردنەوە و گەیاندنی کاریگەرییەکانی. بەڵام لەگەڵ ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی لەم شێوەیە، ترس و دڵەڕاوکێ و نائارامی، دەتوانێ بە بوارێکی فراوان زیانی ئابووری و سیاسی بنێتەوە، بەبێ ئاماژەکردن بەو ڕادەیەی ئازار کە مرۆڤ دەیچێژێ لەو کەسانەی کە بەر هۆکارە توشکەرەکە دەکەون. چەکی بایۆلۆژی دەتوانرێ بەچەندین ڕێگە لێبدرێت: کە ڕێگەی ڤایرۆسی و بەکتیری و، بەکتریای نەخۆشی مشەخۆر (ریکیتسیا - بەکتریایەکە وەك ڤایرۆس دەتوانێ لەنێو خانەی خانەخوێدا بژیێ) دەگرێتەوە.

مادەی ژەهراوییە کیمیاییەکان جیاوازن لە چەکی بایۆلۆژی لەوەی کە ئەوانە هۆکاری نازیندوون و پێویستییان بە تووشبوون و بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ قوربانییەکاندا هەیە ئەمەش وادەکات کە بڵاوبوونەوەی کاریگەری چەکەکە بەردەوام نەبێت، بەڵام کاریگەری ڕاستەخۆی زیاترە و لەوانەشە زیانی زۆرتر بگەیەنێت. هۆکارە کیمیاییەکان لە چەند جۆرێکدا خۆیان دەنوێنن، وەك: هۆکارە خنکێنەرەکان کە شانەی سییەکان تێکدەدەن، هۆکارەکانی خوێن کە دەبنە مایەی پووکانەوەی ئەندامە چالاکەکان، هۆکارە سوتێنەرەکان (ڤاسیکانت) کە کاریگەری لەسەر پێست دەردەخەن و، زۆربەی هۆکارە کوژەرەکانی دەمار. گەلێ شێوازیش

هەن کە ڕێگە بەو هۆکارانە دەدەن قوربانییەکان بپێکن، لەوانەش: هەناسەدان، مژین لەڕێگەی پێستەوە و، خواردن و چوونیان بۆ ناو جۆگەی هەرس. ورووژاندنی ئەم مەترسییانە خۆی ئەو ڕاستییە دەگەیەنێ کە گەلێك لەو هۆکارە کیمیاییە کوشندانە یان پێکهاتووەکانیان لە ئالوگۆڕی بازرگانیدا دەستدەکەون.

ڕاپۆرتی سالانەی (وەزارەتی دەولەت) لە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ڕووداوەکانی ١١ ی سێپتێمبەری ٢٠٠١ بەلگەی ئەوە دەدەنە دەست کە خواست و توانستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بەرەو ئەوە ڕێچکە دەگرێ کە پلان دابڕێژن بۆ ئەنجامدانی هێرشی بەکۆمەلکوژ. هەروەها ڕاپۆرتەکە ئەوەشی ڕاگەیاند کە ئەم هێرشانەی پێشتر هاوتایان نەبووە، ئەگەری ئەوەی لێ دەکرێ ببنە مایەی برەودان بە بواری تیرۆر لە ڕووی شێوازەکانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆژی و ڕادیۆلۆژی و ناوکی.[٦٣] لەوەش زیاتر ڕاپۆرتەکە هەندێ بەلگەی نیشاندا کە لە هێرشی سەربازی بۆ سەر ئەفغانستان لەنێو هۆکارە تیرۆریستییەکانی ئەوان دەستی بەسەردا گیرابوو. هەروەها بەکارهێنانی ژەهر لەلایەن بزووتنەوەی حەماس بۆ ڕووپۆشکردنی پارچە (ساچمە) لە تەقەمەنییەکاندا و، گرتنی گروپێکی بێ ناو لە ئیتالیا کە چەند نەخشەیەکی بالیۆزخانەی ئەمەریکایان لەو ولاتە لەبەردەستدا بووە و توانای تەواویشیان هەبووە لە بەرهەمهێنانیی گازی سیانیدی هایدرۆجینی کوشندە. هەروەها چالاکی گروپە ئایینییەکانی وەك (ئۆم شیرینکیۆ) و پلانەکانی تیرۆریستە ئەمەریکییەکان بۆ ژەهراویکردنی سەرچاوەی ئاوی شارەوانی، ئەمانە هەمووی بەلگەی زیاتری مەترسی و هەڕەشەی چەکی بە کۆمەلکوژ بەدەستەوە دەدەن.

پەرەسەندنێکی گەورەی دیکە بریتییە لە پێشکەوتنی نوێی پەیوەندیکردن و تەکنۆلۆژیای زانیاری. ئەم تەکنۆلۆژییە هەردوو هۆکاری یارمەتی و هەلومەرجی

ئەنجامدانی ئامانجەکانی بۆ تیرۆریستان دابینکردووە، بەوەی کە کۆمەڵگە زۆر شارستانییەکان تارادەیەکی بەرز پشتیان بە ژێرخانی زانیاری بەستووە. لەوەدەچێ تیرۆریستان لە لێکپچڕاندنی ئەنتەرنێت خۆیان بەدوور بگرن، چونکە ئەمان ئەو تەکنۆلۆژییەیان بۆ مەرامی خۆیان لە پەیوەندیکردن و بڵاوکردنەوەی پرۆپاگەندەکانیان بەکاردەهێنن. بەم پێیە تیرۆریستان زیاتر پچڕاندن و تێکدانی سیستەمەکانیان لەلا مەبەست دەبێت زیاتر لەوەی کە بە یەکجاری تۆڕی زانیاری تێکوپێك بدەن.[٦٤] لە کاتێکدا کە ئەم چەشنە هێرشەی تیرۆریستان بۆ سەر سیستەمەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان یان ژێرخانی زانیاری جیهانی، کارەساتێکی گەورەی دارایی و کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە، بەڵام تیرۆریستان تا ئێستا خواست و توانستی ئەوەیان نیشان نەداوە بۆ هێرشی بەکۆمەڵ لەم بوارەدا و، چەند هێرشێکی دیاریکراو بە درێژایی ئەم هێڵە ئەنجامدراون بەڵام کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبووە. بەگشتی بەکارهێنانی فراوانی تەکنۆلۆژیای زانیاری یارمەتیدەرێکی باشی تیرۆریستان بووە لە بری ئەوەی ئامانجێك بێت لە چالاکییەکانیاندا. ڕاپۆرتێك لە بارەی بەکارهێنانی ئەنتەرنێت و ئیمێڵ لەلایەن قاعیدەوە بۆ هەماهەنگیکردن لە لێدانی بنکەی بازرگانی جیهانی و پنتاگۆن، نموونەیەکی زەقی ئەم جۆرە هاوکاریکردنەیە. هەروەك (پاول پیلەر) تێبینی کرد "گەورەترین کاریگەری تەکنۆلۆژیای زانیاری لەسەر تیرۆریستان، بریتییە لە ڕێکخستنی کاری ڕۆژانە و پەیوەندیکردنیان، زیاتر لەوەی کە ڕێگەیەکیان بێ بۆ هێرشکردن".[٦٥]

هەروەها تەکنۆلۆژیا توانای تیرۆریستانی لە بەڕێوەبردنی هێرشی بەکۆمەڵکوژ زیاتر کردووە، وەك پێشتر تێبینیکرا، خراپترین هێرشی تیرۆریستی بەتەنیا بەر لە ٩/١١، ٣٨٠ کەسی کردە قوربانی. بەڵام بەرهەمی چەکی هەنووکەیی ڕادیۆلۆژی و کیمیای و بایۆلۆژی و ناوکی دەتوانێ ئەم ژمارەیە یەکجار بچووکتر بکاتەوە و

ئامانجە تیرۆریستییەکانی ئەمڕۆ بەدەستبهێنێت هەروەك نموونەی هێرشی سەر بنکەی بازرگانی و پنتاگۆن و، تەقاندنەوەی باڵەخانەی ئۆکلاهۆما و، گازی سارین لە تۆنێلی تۆکیۆ و،هێرشەکانی دیکەی ئەم دەیەی ڕابردوو. پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژی و فەراهەمبوونیان و بڵاوبونەوەیان لەلایەن ئابووری بازاڕی جیهانگەرایی، بێ گومان مەترسی تیرۆریستی فراوانی دەبێ لەسەدەی نوێدا بەشێوەیەك کە نەتوانرێ لێی دووربکەوینەوە.

ئەنجام

پراکتیزەکردنی تیرۆر لەم ساڵانەی دواییدا بە گۆڕانکاری بەرچاو تێپەڕیوە. توندڕەویی ڕەها کە ڕواڵەتی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانە لە ڕێگەی شەبەنگی سیستەمی بڕواکان بەشێکی گەورەی ئەم گۆڕانە لە ئامێزدەگرێ. لە ڕابردوودا، شیمانەی ئەوە دەکرا کە تیرۆریستان بکەونە ژێرەوە بەهۆی ڕەچاوکردنەکانی پراکتیکییانەی گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان، یان ڕای گشتی، یان هەندێ هۆکاری لەو بابەتە. ئیمڕۆ، دیاردەیەك کە دەگمەنبوونێکی وردە لە ڕابردوو، تیرۆریستان خواستەکانیان لە مردن و تێکدان خەستکردووەتەوە لە پێناوی خۆیاندا. سەرەڕای ئەمەش قەبەیی ئەمڕۆی تیرۆریستان سنوورە یەکلاکەرەوەکان لادەدا کە جاران توندڕەوترینی تیرۆریستانی دەپشکنی یان قەدەغەی دەکردن لە گەیشتن بە بەرزترین ئاست لە ڕێکخراوەکانیاندا. تیرۆریستان تا ئێستاش دەتوانن کار بە دراوەکان بکەن و پارێزگاریشی لێبکەن کە تەنها دارایی نەتەوەیی دەتونێ لاییدات، بەڵام بە تەنیا لە پلەیەکی گەورەتر و ژمارەیەکی زیاتر دان وەك لە ڕابردوو. لە ڕووی ڕێکخراوەییشەوە، تیرۆریستان سیستەم و پێکهاتنی پلەکانی دەسەڵات بەکارناهێنن کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بەدیارکەوتووە. لە کۆتاییدا، بوونی

توانای تەکنۆلۆژی چەکی بە کۆمەڵکوژی کیمیایی و بایۆلۆژی و ناوکی و ڕادیۆیی، بۆچوونێکمان پێ دەبەخشێ، ئەویش ئەوەیە، ئەم خواستانە دەکرێ کارەساتێك بقەومێنن کە پێشتر وێنەی نەبووە.

لە چاو ساڵانی پێشوو، تیرۆر لە هەردوو بواری چەندێتی و چۆنێتی گۆڕانی بەخۆیەوە بینیوە. تیرۆری ئێستا ماوەیەکی بەرچاوی جێهێشتووە تەنانەت وەك لە ماوەی شەڕی ساردیشدا. ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانی، تیرۆری لەشێوەی دەربڕینێکی لەیادنەچوو دەربڕیوە (**کورتبڕی لە توندوتیژی و تەکنۆلۆژیادا**) کە وەك مەترسیی ئاسایشی لە دوای جەنگی سارددا وەسفی دەکات. کاریگەریی کاولکارییانەی ٩/١١ لەسەر وشیاری ستراتیژیەتی ئەمەریکا و ژینگەی ئاسایشی جیهانی زیادڕەوی تیادا نەکراوە، ئەم هێرشانە لە یەکگرتنی هۆکارە تەکنۆلۆژی و سیاسی و کەلتوورییەکاندا هاتە بەرهەم و ڕاگەیاندنێك بوو بۆ جیهان لە سەرهەڵدانی تیرۆری نوێ.

پەراوێزەکان

١ـ وەزارەتی دەوڵەتی ئەمەریکا، *شێوازەکانی تیرۆری جیهانی*، ٢٠٠١ (واشینتۆن: GPO ئایاری ٢٠٠٢) و ل١٧١. پێداچوونەوە ئامارییەکانی ڕاپۆرتی وەزارەتی دەوڵەت هەموو قوربانییەکان ناگرێتەخۆ، تەنها ئەوانەی ئەمریکییەکانە و، ئەو قوربانییانەی کە لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە هاوڕێك لەگەڵ ژمارەی هێرشەکاندا نییە، ژمارەی قوربانییان لە ڕووداوە تیرۆریستییەکان بۆ پێنج ساڵی پێشووتر وەرگیراوە بەرانبەر بە ٢٠ ساڵی ڕابردوو.

٢ـ نادین گوڕ و بنیامین کۆل، *سیمای نوێی تیرۆر: مەترسی چەکی بەکۆمەڵ کوژ*، (نیویۆرك: .I.B تاوریس، ٢٠٠٢).

٣ـ دێیڤید ك. ڕاپۆپۆرت، شەپۆلی چوارەم: *١١ی سێپتێمبەر و مێژووی تیرۆر، "مێژووی ئێستا"* دیسێمبەری ٢٠٠١، ل٤١٩ ـ ٤٢٤.

٤ـ کۆمسیۆنی نیشتمانی تیرۆریزم، *بەرەنگاربوونەوەی مەترسی نێودەوڵەتی تیرۆر:* ڕاپۆرتی کۆمسیۆنی نێودەوڵەتی بۆ تیرۆر، (واشنتۆن GPO، ٢٠٠٠).

٥ـ وۆڵتەر لاکوێر، *"ڕووی نوێی تیرۆر"* گۆڤاری هارڤارد ئینتەرناشنال ریڤیو، ژمارە ٢٠(پایزی ١٩٩٨)، ل٤٨ـ٥١.

٦ـ ریچارد أ. فولکنراس و، رۆبێرت د. نیومان، وبرادلی أ. سایەر، *پاژنەی ئەخیلی ئەمریکی: تیرۆری ناوەکی، بایۆلۆجی، کیمایی و هێرشی نهێنی*، (کمبریج، چاپی ١٩٩٨): فیلیب ب. هیمان، *تیرۆر و ئەمەریکا: ستراتیژیەتی کۆمۆنسێنس بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتی* (کمبریج، ١٩٩٨): بروس هۆفمان، *لەنێو تیرۆردا* (نیویۆرك: زانکۆی کۆلۆمبیا، ١٩٩٨): براد رۆبێرتس، *تیرۆریسزم بە چەکی کیمیای و بایۆلۆژی: پێوانەکردنی مەترسی و کاردانەوەکان*

(ئەسکەندریە ١٩٩٧): جێسیکا ستێرن، *دوایین تیرۆریستان* (کامبریج، زانکۆی هارڤارد، ١٩٩٩).

٧ـ ئاشتۆن کارتر و، جۆن داج و، فیلیپ زیلیکۆ، "*تیرۆری کاولکار*" گۆڤاری فۆرێن ئەففێیر، ژمارە ٧٧، نۆڤێمبەر ـ دیسێمبەر ١٩٩٨) ل٨٠ـ٩٤.

٨ـ س. ك. مالیك، *بۆچوونە قورئانییەکان لەمەڕ تیرۆر* (لاهور، هیندستان: وەجیدالیس، ١٩٧٩) لە یوسف بۆدانیسکی وەرگیراوە، بن لادن (ڕووسڤێلت، کالیفۆرنیا: بڵاوکردنەوەی پریما ١٩٩٩) پێشەکی لXV.

٩ـ کۆمسیۆنی نێونەتەوەیی بۆ تیرۆر، *بەرەنگاربوونەوەی مەترسی گۆڕاو*، ل٢.

١٠ـ کریس کویلن، "*شیکردنەوەیەکی مێژوویی بۆمبی بەکۆمەڵ کوژ*"، گۆڤاری ستەدیس ئین کۆنفلیکت ئاند تیرۆریزم، ژمارە ٢٥، (سێپتێمبەر ـ ئۆکتۆبەری ٢٠٠٢)، ل٢٧٩ ـ ٢٩٢.

١١ـ وۆلتەر لاکویر، *جەنگ کۆتایی نییە: تیرۆر لە سەدەی بیست و یەکەمدا* (نیویۆرك: زنجیرە، ٢٠٠٣).

١٢ـ بروس هۆفمان، لە نێو تیرۆردا (نیویۆرك: زانکۆی کۆلۆمبیا، ١٩٩٨).

١٣ـ ریچارد فۆلکنراس، "*بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری ناوەکی، بایۆلۆژی و، کیمیایی*" گۆڤاری سیرڤایڤەل، ژمارە ٤٠ (پایزی ١٩٩٨)، ل٥٢.

١٤ـ پاول بیمان، *تیرۆر و لیبرالیزم* (نیویۆرك: W.W. Norton, 2003).

١٥ـ پاول ویلکینسۆن، *تاکتیك و ئامانجەکانی تیۆر: مەترسی نوێ بۆ سیستەمی جیهان*، گۆڤاری کۆنفلیکت ستەدی، ژمارە ٢٣٦ (واشنتۆن: دەزگای لێکۆڵینەوەی ململانێی و تیرۆریزم، دیسێمبەری ١٩٩٠)، ل٧.

١٦ـ هۆفمان، *لە نێو تیرۆردا*.

١٧ـ دێیڤید ك. ڕاپۆپۆرت، "*ترسو دڵەڕاوکێ: تیرۆر لە نەریتی سێ ئاییندا*"، گۆڤاری ئەمەریکان پۆلیتیکەل ساینس ڕیڤیو، ژمارە ٧٨ (سێپتێمبەر ١٩٨٤) ل٦٦٨ـ٦٧٢.

١٨ـ بروس هۆفمان، "*تیرۆری پیرۆز: ئەنجامدانی تیرۆری هاندراو بە پابەندبوونی ئایینییەوە*"، گۆڤاری کۆنفلیکت ستەدی، ژمارە ٧٨ (ئۆکتۆبەر ـ دیسێمبەر ١٩٩٥)، ل٢٧١ـ٢٨٤.

١٩ـ برێین م. جێکینز، *هاوشێوەی تیرۆری ناوەکی*، (سانتا مۆنیکا، کالیفۆرنیا، ڕاند، تەمووزی ١٩٨٥).

٢٠ـ هۆفمان، تیرۆری پیرۆز، ل٢٧٣.

٢١ـ مارك جویرگینزمیر، "*تیرۆری ڕێگەدراو لەلایەن خواوەند*"، گۆڤاری تیرۆریزم ئاند پۆلیتیکەل ڤایۆلێنس، ژمارە ٩ (هاوینی ١٩٩٧)، ل١٦ـ٢٣.

٢٢ـ D. W. Brackett، *تیرۆری پیرۆز: جەنگی یەکلاکەرەوە لە تۆکیۆ* (نیۆیۆرك: ویزەرهیل، ١٩٩٦) ل٥ـ٧.

٢٣ـ دێیڤید کاپلان و، ئەندریۆ مارشاڵ، *گروپی ئایینی لەکۆتایی جیهاندا* (نیویۆرك: کراون پۆبلیشەر، ١٩٩٦) ل٧٤.

٢٤ـ ستێرن، *دوایین تیرۆریستان*، ل٧٢.

٢٥ـ هۆفمان، *لە نێو تیرۆردا*، ل٢٠.

٢٦ـ هۆفمان، *تیرۆری پیرۆز*، ل٢٨٠.

٢٧ـ گێیڤین کایرۆن، *تیرۆری ناوەکی* (باسینگستۆك، ئینکلیزی: ماکمیلان، ١٩٩٩)، ل١٣٩.

٢٨ـ ئەمیر تاهیری، *تیرۆری پیرۆز: چیرۆکی ناوەوەی تیرۆری ئیسلامی* (لندن: هاچینسۆن، ١٩٨٧)، ل١٩٢.

٢٩ـ دانییێل بنیامین و، ستیڤن سیمسۆن، *چەرخی تیرۆری پیرۆز* (نیۆیۆرك: راندۆم هاوس، ٢٠٠٢).

٣٠ـ ماگنەس ڕانستۆرپ، گۆڤاری *ستەدیس ئین کۆنفلیکت ئاند تیرۆریزم*، ژمارە ٢١ (ئۆکتۆبەر ـ دیسێمبەری ١٩٩٨)، ل٣١ـ٣٢.

٣١ـ شێخ ئوسامە بن موحەمەد بن لادن و، ئەیمەن لزەواهیری و، ئەبو یاسر رافیعی ئەبرود تەها و، شیخ میر هەمزە و، فەزلول رەحمان، "*بەیانی بەرەی ئیسلامی جیهانی بۆ هاندانی جیهاد لەدژی خاچپەرست و جوولەکەکان*"، لندن، گۆڤاری القدس العربی، ژمارە ٢٣، شوباتی ١٩٩٨.

٣٢ـ ستیڤن سمسۆن و، دانییێل بنیامین، "*تیرۆر*"، گۆڤاری سیرڤایڤەڵ، ژمارە ٤٣ (زستانی ٢٠٠١)، ل١٢.

٣٣ـ مارك جویرگینزمیر، *تیرۆر لە بۆچوونی خوداوەند: بەرزبوونەوەی توندوتیژی ئاینی جیهانی* (بیرکیلی: زانکۆی کالیفۆرنیا، ٢٠٠٠).

٣٤ـ گۆڕ و کۆل، ڕووی نوێی تیرۆر، ل١٤٤.

٣٥ـ نوسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی، *پرۆژەی مێگیدۆ* (واشنتۆن: GPO، ژمارە ٢٠، ئۆکتۆبەری ١٩٩٩).
http://permanent.access.gpo.gov/lps3578/www.fbi.gov/library/megiddo/megiddo.pdf.

٣٦ـ گۆڕ و کۆل، *ڕووی نوێی تیرۆر*.

٣٧ـ سەیری (گۆڕ ڤیدال، *جەنگی هەمیشەیی لەپێناو ئاشتی هەمیشەیی: چۆن وامان لێهات کە وەها رقیان لێمان بێتەوە*)، (نیۆیۆرك: ٢٠٠٢) بۆ بینینی ئەو بۆچوونەی کە وادەبینی باڵەخانەی فیدراڵی موراه لە ئۆکلاهۆما بۆی هەیە بەبێ پاڵپشتییەکی گەورە نەتوانرێ بتەقێنرێتەوە.

٣٨ـ دانییڵ لیڤیتاس، *تیرۆریستانی دەرگاکەی دیکە: بزووتنەوە میلیشیاکان و ڕاسترەوە توندەکان* (نیویۆرك: تۆماس دیون بوکس ٢٠٠٢).
٣٩ـ جێسیکا ستێرن، تیرۆر بەناوی خوداوە،: *بۆچی میلیشیای ئاینی کوشتار دەکەن* (نیویۆرك: هارپورکۆلینس، ٢٠٠٣).
٤٠ـ ڕۆبێرت ج. لیفتۆن، *وێرانکردنی جیهان لەپێناو ڕزگارکردنی: ئۆم شیرینکیۆ، توندوتیژی وێرانکەر و،تیرۆری نوێی جیهانی* (نیویۆرك: میترۆپۆلیتان بوکس، ١٩٩٩).
٤١ـ جێمس د. وێلفینسۆن، "*کردنی جیهان بە شوێنێکی باشتر و ئارامتر: کاتی کارکردن ئێستایە*"، گۆڤاری پۆلیتیکس، ژمارە ٢٢ (ئایاری ٢٠٠٢)، ل ١١٨ـ١٢٣/ ئەندریۆ س. فیێربەر، "*ئاو مەخۆرەوە...*"گۆڤاری بریتش میدیکەل جێرنال، ژمارە ٣٢٦ (٢٢ی ئازاری ٢٠٠٣)، ل٦٦٧/ جان نێدرڤین پیتیرس، "*ئایەکسانی جیهانی*، گۆڤاری تێرد وێلد کوارتەرلی، ژمارە ٢٣ (دیسێمبەر ٢٠٠٢)، ل١٠٢٣ـ١٠٤٦.
٤٢ـ کارین ڤۆن هیپل، "*ڕیشەکانی تیرۆر: لێکۆڵینەوەی ئەفسانەکان*"، گۆڤاری پۆلیتیکەل کوارتەرلی، ژمارە ٧٣ (ئابی ٢٠٠٢) ل٢٥ـ٣٩.
٤٣ـ میکایل مۆسیو، *بازاڕی شارستانیەت و بەریەککەوتنی لەگەڵ تیرۆر*"، گۆڤاری انترناشنال سیکیوریتی، ژمارە ٢٧ (زستانی ٢٠٠٣)، ل٦.
٤٤ـ مۆسیۆ، "*بازاڕی شارستانیەت*/ ئودرێی کۆرت کرۆنین، "*لە دوای چەماوە: جیهانگەرایی و تیرۆری نێودەوڵەتی*"، : گۆڤاری انترناشنال سیکیوریتی، ژمارە ٢٧، (زستانی ٢٠٠٣)، ل٣٠ـ٥٨.

٤٥ـ كارلس و. كيگلی، جر. و، جۆرجی أ. ڕایمۆند، *پاككردنەوەی تارمایی وێستفالیا: بنیاتنانی سیستەمی جیهان لە هەزارەی نوێدا*، (ئەپەر سادل ریڤەر، ن. ج. پرێنتس هۆل، ٢٠٠٢).

٤٦ـ ستێرن، دوایین تیرۆریستان.

٤٧ـ هارڤی و. كوشنێر، *داهاتووی تیرۆریزم: توندوتیژی لە هەزارەی نوێدا*، (تاوزەندس ئۆوكس، كالیفۆرنیا: ساگ پۆبلیكەیشن، ١٩٩٨).

٤٨ـ لۆورێنز فیدمان، "*جەنگی جیهانی سێیەم*؟" گۆڤاری سێرڤایڤەل، ژمارە ٤٣، (زستانی ٢٠٠١)، ل٦١ـ٨٨.

٤٩ـ جیمس ئادامس، *سیخوڕە نوێكان* (لندن: هاچینسۆن، ١٩٩٤) ل١٨٠، ١٨٤

٥٠ـ ئاییبد، ل١٨٠.

٥١ـ تاهیری، تیرۆری پیرۆز، ل١٠٠ـ١٠١.

٥٢ـ فرانك سیت، "*ململانێی كەلتور، بن لادن، خەرتووم و، جەنگ لەدژی ڕۆژئاوا*"، جێینز انتیلیجێنس ریڤیو، ئۆكتۆبەری ١٩٩٨، ل٢٢.

٥٣ـ ئەدریان گویلك، *چەرخی تیرۆریزم*، (لندن .I. B تاوریس، ١٩٩٨) ل١٤٨.

٥٤ـ پاول ر. پیلەر، "*تیرۆر بە جیهانی دەبێ: گروپە توندڕەوەكان خۆیان دەگەیەنن بە سەرانسەری جیهان*"، گۆڤاری بوكینگس ریڤیو، ژمارە ١٩ (پاییزی ٢٠٠١)، ل٣٤ـ٣٧.

٥٥ـ جۆن ئاركویلا، دێیڤید ڕۆنفێلدت، میكایل زانینی، "*تۆڕەكان، جەنگی تۆڕ و، تیرۆری چەرخی زانیاری*" *لە بەرەنگاربوونەوەی تیرۆری نوێدا*، یان ۆ. لێسەر، هەندێكی دیكە، MR-989-AF (سانتا مۆنیكا، كالیفۆرنیا: ڕاند، ١٩٩٩)، ل٥١.

٥٦ـ پاول ج. سمیت، "*تیرۆری نێونەتەوەیی و شێوازی ئەلقاعیدە: بەرەنگاربوونەوەی واقیعە نوێکان*"، گۆڤاری پارامیتەر، ژمارە ٣٢، (هاوینی ٢٠٠٢)، ل٣٧.
٥٧ـ ئاییید، ل٣٧.
٥٨ـ جێسیکا ستێرن، "*دژمنی گۆڕاو*" گۆڤاری فۆڕین ئەففێیر، ژمارە ٨٢، (تەمووز ـ ئاب ٢٠٠٣).
٥٩ـ برێین م. جێکینز، "*ئایا تیرۆریستان چەکی ناوەکی بەدەست دێنن؟*" پێداچوونەوە، لە کوشنێر، *داهاتووی تیرۆریزم*، ل٢٢٥ـ٢٤٩.
٦٠ـ ستێرن، *دواین تیرۆریستان*، ل٧٠.
٦١ـ جینکینز، "*ئایا تیرۆریستان چەکی ناوەکی بەدەست دەهێنن؟*".
٦٢ـ وۆلتەر لاکوێر، *تیرۆری نوێ: توندڕەوەی و چەکی بەکۆمەڵ کوژ*. (نیویۆرک: ئۆکسفۆرد پرێس، ٢٠٠٠).
٦٣ـ وەزارەتی دەوڵەتی ئەمەریکا، *شێوازەکانی تیرۆری جیهانی*، ل٦٦.
٦٤ـ ئارکویلا، رۆونفێلدت و، زانینی، "*تۆڕەکان، جەنگی تۆڕ و، تیرۆری چەرخی زانیاری*".
٦٥ـ پیلەر، *تیرۆر بەجیهانی دەبێ*.

The origins of New Terrorism

Matthew J. Morgan

Parametters, Spring 2004

ڕەنگدانەوەکان بۆ سەر تیرۆری هاوچەرخ

ن: جیراڵد هۆڵتۆن

و: مەڕوان کاکل

ئەو پەرەسەندنانەی کە جیهانی تیرۆری گرتووەتەوە، گۆڕانێکی مێژوویی بەسەردا هێناوە و بە قۆناغێکی گوێزرانەوەدا گوزەراندوویەتی، بە جۆرێك کە ئێستا تیرۆر لە چەشنی یەکەم و دووەمیدا یەکیان گرتووە و ئاوێتەی یەکتری بوون. چەشنی یەکەمی تیرۆر ئەو چالاکییانە دەگرێتەوە کە تاك یان گروپی بچووك ئەنجامی دەدەن و تیایدا ئامانجیان سەپاندنی تیرۆرە بەسەر تاك یان گروپی دیکە و، دواتریش لە ڕێگەی ئەوانەوە مەبەستیانە حکوومەت ملکەچ پێبکەن. بەڵام تیرۆر لە چەشنی دووەمیدا سەپاندنی حکومی لەخۆ دەگرێت کە هاوڵاتیانی نێوخۆیی یان بێگانە تیایدا دەبنە ئامانج. کە چی جۆری هاوچەرخ لە تیرۆردا کە جۆری سێیەمیەتی، بە هۆی گروپی گەورەتر پیادە دەکرێ، کە ڕاستەخۆ جەماوەری نێودەوڵەتی لە کردەکانیاندا دەکەنە نیشان. ئەم جۆرەی دواییان هەموو ئامراز و پێکهاتووەکانی سەرکەوتنیان بۆ فەراهەم بووە و لەبەردەستیاندایە. ئەم وتارە لە تیرۆری نوێ دەدوێ و مەبەستییەتی ڕوونی بکاتەوە کە چۆن بەهۆی توانایەکی

جەستەیی کەمی ئەنجامدەرانی، دەتوانن یادەوەری تاکەکەسی و مێژوویی بشێوێنن لە ڕێگەی ئەنجامدانی کارەساتی ماوەفراوان کە بۆ ئەم مەبەستە نەخشەی بۆ کێشراوە. لە ڕاستیدا چەشنی سێیەمی تیرۆر لەوانی دی ساناتر ئەنجام دەدرێت ئەویش بەهۆی فەراهەمبوونی ئاستی بالای تەکنەلۆژیا. بەلام نەتەوە بەئامانجکراوەکان بەشێوەیەکی تەقلیدی ڕووبەڕوویان نابنەوە، پێویستیان بەوە هەیە کە دژەکرداری بەرگریکارانەی هاوچەرخ، وەك وەلامێك ئەم چەشنە هاوچەرخەی تیرۆر دابهێنن.

بەلای منەوە زۆربەی مشتومڕەکانی سەدەی بیست لە خالێکدا لاوازی پێوە دیارە، یان ڕوونتر بلێین ئەم خالەی تێدا ونبووە، ئەویش نەبوونی یاسایەکی چاوەڕواننەکراوە لەگەلّ ویستی نێونەتەوەیی، چونکە ئێمە بە گۆڕانکارییەکی مێژوویی تێپەڕیوین کە گەڕانەوەی بۆ نییە.

تیرۆریزم هۆکارێکە بە مەبەستی ملکەچپێکردنی خەلك یان سەرکردەکانیان یان هەردووکیان پیادە دەکرێت ئەویش لە ڕێگەی بلاوکردنەوەی ترس یان گەیاندنی ئازار و خولقاندنی چەرمەسەری. هەمیشە لەم کارانەیاندا ئەوەی کە سەرنجی ئێمە کێش دەکا، ئەو کردارانەیە کە هەولدەدەن لە ڕێگەیەوە تیرۆر و تۆقاندن بە هۆی کەسێکەوە یان گروپێکەوە بەسەر کەسێکی دیکە یان گروپێکی دیکە بسەپێنن، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە حکوومەتی بگەیەنن. من ئەمە بە تیرۆری چەشنی یەکەم ناودەبەم. تۆمارەکانی تیرۆر ئەوە دەردەخەن کە لە هەر بارێك یان هەر ڕووداوێکی ئەم جۆرە کردارانەدا هەر لە تەقاندنەوەی بالەخانە تا دەگاتە ڕفاندنی ئاسمانی، سێ خەسلەتیان لەخۆ گرتووە:

١ـ ئەم چالاکییانە بە ڕێگەیەکی تەقلیدی ئەنجامدراون واتە لە ڕێگەی هۆکارە تەقلیدییەکانەوە.

٢ـ دەبن بە بەشێك لە زنجیرەیەكی درێژی ئەم جۆرە كردارە هەستپێكراوانە یان لەبیركراوانە، (ڕاپۆرتێك دەریخستووە كە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣ ـ ١٩٩٨، نزیكەی ٢٤٠٠ هێرشی تیرۆریستی بۆسەر وڵاتە یەكگرتووەكان لەلایەن تیرۆریستانی دەرەوە و ناوەوە، لەم چەشنەی تیرۆر ئەنجامدراوە).

٣ـ لە سەرووی هەموو ئەمانەدا، لە كاتێكدا ئەوان ئامانجی سەرەكی خۆیان بەدەستدێنن لە ڕاكێشانی سەرنجی جیهان بۆ لای خۆیان بۆ ماوەیەكی دیاریكراو، یان بۆی هەیە سەركەوتنێك تۆمار بكەن لە پێشبڕكێیان لەگەڵ گروپەكانی دیكەدا، یاخود تامەزرۆیان بۆ ڕژانی خوێنی خەڵكی بێ تاوان تێربكەن ئەویش بە مەترسییەكی تاڕاددەیەك كەم لەسەر ئاستی حكومیدا دەكەوێتەوە، بە لام لە زۆربەی بارەكاندا سەركەوتوو نابن، سەرنەكەوتن بە لێكدانەوەی وەدەستهێنانی ئامانجە بوار فراوانەكانیان كە بریتییە لە ملكەچپێكردنی سیاسەتی حكوومەت بە قازانجی ئەوان. لێرەدا ئەو تێبینییە ڕەتكەرەوەیەم دێتەوە یاد كە لە نامەیەكدا لە سێپتێمبەری ١٨٧٠ لە (ف. ئەنگێلزەوە بۆ ك. ماركس) نووسراوە دەڵێ: (تیرۆر لە هەموو كردەوە دڕندانە بێ سوودەكان كە لە لایەن خەڵكی ترساو ئەنجامدراوە، بۆ ئەوە بووە تا لەخۆیان دڵنیابن).

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر تیرۆر لە چەشنی دووەمیدا، حاڵەتەكە تەواو پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی چەشنی یەكەم، كە بەم شێوەیە پێناسەمانكردووە: سەپاندنی تیرۆر لە لایەن دەوڵەتانەوە بەسەر كەسانێك یان چەند گروپێكی نێوخۆیی یان خەڵكی دەرەوە. هەرچەندە ئەم جۆرە لە تیرۆری جۆری یەكەم كەمترە، بەڵام ئەو كردەوانەی كە لەسەدەی بیستەمدا لەو ڕێگەیەوە ئەنجامدران، ژمارەیەكی یەكجار گەورەتری خەڵكیان كردووەتە قوربانی. سەرەڕای ئەمەش توانیویانە لە ئامانجە ڕاگەیاندراوەكانیاندا سەركەوتن بەدەستبهێنن، هەر لە بۆمبارانكردنی مۆسۆلینی

حەبەشییەکان و، کوشتنی هەموو پیاوەکانی شارۆچکەی لیدز لە تۆڵەی یەك پیاو، تا دەگاتە تەقینەوەکەی سەری ساڵ لە هانۆی ساڵی ١٩٧٢. لەگەڵ ئەوەشدا چەند حاڵەتێکی کەم هەیە کە تیرۆری چەشنی دووەم تێیدا سەرکەوتوو نەبوو بێ، بۆ نموونە هێرشی بلیتزی ئەڵمانی بۆ سەر ئینگلترا و، کارە زۆرەملێکانی سوپای فەرەنسی لە جەزائیر.

من وای بۆ دەچم کە هەر یەك لە تیرۆری چەشنی یەکەم و هی دووەم لە سەردەمی ئێستاماندا بەرەوە توانەوە دەچن و، ئاوێتەبوونێکی هاوچەرخ لە نێوان ئەم دوو چەشنەدا دێتە ئارا کە بە پاڵشتی و هاوکاری حکوومەتەکانەوە دەست پێدەکات لە بەئەندامکردن و پڕچەککردنی گروپە تیرۆریستییەکان و بەکارهێنانیان لەمەرامە نێونەتەوەییەکانی وەك: پاساو هێنانەوە و بەیاسایی کردنی تیرۆریزم وەك بەشێك لە پرۆسەکانی ئازادکردنی نەتەوەیی، هەروەها مەشقپێدان و چەکدارکردن و پاڵپشتی دارایی بۆ تۆڕە تیرۆریستییە نێودەوڵەتییەکان لەلایەن وڵاتانی جۆراوجۆرەوە. ئەوەی دواییان ئاژانسی تیرۆریستی ڕوون بۆ دووانەکەی پێشووتر دابین دەکات، وڵاتانێك کە خاوەن توانای بەهێزی تیرۆرن و گروپی سەربەخۆی دیکەی خاوەن توانستێکی دیاریکراو، هاوکاری دەکەن و یەکدەگرن، لە شێوەیەکی نوێتردا دەردەکەون و کاردەکەن چی بە نهێنی یان بە هاوکارییەکی ئاشکرای کەم یان زۆر، لە سەر وێرانکردن ڕێکدەکەون، کە ئەویش جۆری سێیەمی تیرۆرە.

بۆ ئەوەی لە هێز و توانای ئەم جۆرە ئاشنابین، دەبێ ڕەچاوی ئەگەری بەکارهێنانی هۆکارە تەکنیکییەکان بکەین. چونکە هۆکارە تەکنۆلۆژییەکان لە قسەوباسی ئێستادا وەك چەکی ناوەکی و هۆکارە فیزیاییە وێرانکەر و سەرسوڕهێنەرەکانی دیکە، یان چەکی بایۆلۆژی و کیمیایی، تەنها بەشێکی ئەم قسەو باسانە پێکدێنن، تەکنیکی نوێ لە چەکدا و بەکارهێنانی دەتوانێ ماوەی

زەرەر و زیانەکان فراوانتر بکات، هەروەها لە ڕێگەی تەلەفیزیۆن و میدیاکانی دیکەشدا دەتوانێ بە بەردەوامی و بە دووبارەکردنەوەی هەواڵەکان و گەورەکردنی کردارەکان ئەمە بەدی بهێنێت، بۆیە ئەوان پێویستیان بەوە نییە کە خەڵکێکی دیاریکراو بخەنە ژێر فشارەوە، بێ گومان ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی کە بە هاوبەشی لەگەڵ ئەوانی دیکە ڕوڵ دەبینێ لە سەرکەوتنی تیرۆر.

هەر ڕووداوێك یان کردەیەکی تیرۆریستی، چ لە لایەن کەسانێك یان گروپێك یان وڵاتێك یان هاوپەیمانییەك پیادە بکرێ، ئەوا لە قۆناغێکدا، چ سەرکەوتوو بێ یان نا، چوار پێکهاتووی هەیە هەریەك لەوانە بابەتێکە بۆ بەرفراوانکردنی بوارێك یان هەلێك لە ڕۆژگاری ئیمرۆماندا.

١ـ فەراهەمبوونی توانا تەکنۆلۆژییەکان بۆ گروپە تیرۆریستییەکان.

٢ـ شێوازی ئێستای ژیانی ئاسایی (ڕێك و پێك) کە لەلایەن گروپی بە ئامانجکراو دەگوزەرێت.

٣ـ یادەوەری مێژوویی (فۆلکلۆر و ئەفسانەی دیکەی کۆمەڵایەتی) ی گروپە نیشانکراوەکە.

٤ـ باری سیاسی نێودەوڵەتی کە تیرۆرکاران و قوربانیان خۆیان تێدا دەبیننەوە.

یادەوەری مێژوویی

بۆئەوەی بە ڕوونی لەو خاڵە تێبگەین، دەبێ درك بەوە بکەین کە ئەو شێوازانەی تیرۆر لە جۆری دووەمدا لە کاتە زووەکانی مێژوودا تا ئێستا گرتوونیەتە بەر، قوربانی بێ ئەندازەی ناوەتەوە. جگە لەوە سەرکەوتووش بووە لە هێنانە ئارای گۆڕانکارییەکی بەهێز کە سروشت و بیری نەریتی کۆمەڵگەی بەو گۆڕانکارییەدا گوزەراندووە، بە چەشنێك کە ژیانی ئادەمیزاد توانای بیرکردنەوەی هەبوو, بەڵام لە ڕێگەی ئەو گۆڕانە کاریگەرەوە قوربانییەکان دەشێوێندرێن و لە بێگەردی

دادەماڵرێن و بە شێوەیەکی یاری پێکراو دادەتاشرێن. ئەمەیان گـەورەترین وانەیـە لە یەکەم نموونەی ئـازار و ئەشـکەنجەدان. لـە پـەرتووکی (کۆچـکردن) دا، بەشـی یازدەهەم هاتووە: "تا هاتنی پەتای دەیەم، یەکێك لـەو هۆکارانـەی کـە شـێوازی ئاسایی ژیانی خێزانەکان و پێکهاتەی کۆمەڵگەی میسرییە کۆنەکانی شلەژاندبوو، بریتیبوو لە ئاستی تیرۆر بەڕادەیەکی بەرز کە توانیبووی ملکەچی بـە بڕیارەکـانی فیرعەونەکان بکا".

بۆی هەیە تیرۆری نوێ بە باشی بۆ ئـەوە هەوڵبـدات کاریگـەرترین شـوێن کـە یـادەوەری تاکـە کەسـی و مێـژوویی قوربانییـە ویـستراوەکانی تیـا بەدیـدەکرێ دیاریبکات و لە وێـوە گـورزی خـۆی بوەشـێنێ. بـە پێـچەوانەوە، گروپێـك یـان سەرکردەکەی کە لە قوربانیدان دەترسێ بە هۆی هێرشی تیرۆریستانەوە، بـۆی هـەر دوو بارەکە تاقیبکاتەوە، یەکیان ناوچە لاوازەکـانی کۆمەڵگەکەیـەتی کـە بـەلای کەمی بەشێکی پارێزراوتر بێت، هەروەها ئەو هۆکارانەی دەبنە هۆی دروسـتبوونی رق و کینـە لـە تێڕوانینـی جیهـانی هێـزی تیرۆرکـاران و سـکالاکانیان، بتـوانرێ باشتربکرێت.

دەقاودەق چونکە ئەو بابەتە لە گفتوگۆیەکی وەهـادا بەدەگمـەن ڕەچـاودەکرێ، بۆیە لادان لێی باشـترە وەك لـەوەی درێـژەی پێبـدرێ. بـەڵام جیـاوازی لـە نێـوان یادەوەری تاکەکەسی و مێژووییدا، ئەوەی یەکەمیان لە ڕووکەشـەوە بـە پاشمـاوەی خۆشی و ناخۆشی دیاریکراوی کەسەکە جیادەکرێتەوە، لە ئاسـتێکی قـووڵتردا کـە ڕەگە باریك و درێژەکانی لە خاکەوە دەردەچن، سیمای بە جیهانیبوونی دەبـێ، کـە لە توێژینەوە دەروونییە هاوچەرخەکاندا بابەتێك بۆ بەدوادا گەڕانی دڵسۆزی دێنێتە کایەوە.

بەڵام یادەوەری مێژوویی بەشێکی ڕووداوی ڕاستەقینە و بەشێکی ئەفسانەییە، دەکرێ بە بەشێکی بچووکتر لە یادەوەری قووڵی کەسێتی دابنرێ. بەشێکی گرنگ لە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە ئەگەری ڕووداوی کۆچکردن و هۆشدارکردنەوەی ڕەشبینانە و ڕووداوی پێشبینیکراو و ئامۆ و ڕووداوە سیحراوییەکان کە لە ئەفسانە بنیاتنەر و ڕوخێنەرەکاندا هاتووەتە دەربڕین، هەروەها لەو چیرۆکانەدا کە ڕووداوە کەسییە هاوبەشەکان دەگوازێتەوە، وەك لە دایکبوون، ترسناکی، ڕاکردن و مردن، جگە لەوەش جیهانی چیرۆکخوان لە مەڕ ڕووداوەکان لەسەردەمی میرنشینە کۆنەکاندا و، جەربەزەیی و چاونەترسی سوپا و سەرکردەکانیان، یان کارەساتە سروشتییە گەورەکان (وەك بوومەلەرزەکەی سەدەی هەژدە کە لیشبۆنەی وێرانکرد، بۆیە یارمەتی گەشبینی ڕۆژئاوی دا لەو سەدەیە) لەخۆ دەگرێت. لە هەمانکاتدا بۆی هەیە ئەم چیرۆکانە چڕبوونەوەی ڕەگەزی لە خەلکێکی دیاریکراوەوە پێوە دیاربێ، بەم شێوەیە لە (مۆتیڤ ـ ئیندێکس ی وێژەی خەڵك) دا کە ستیس سۆمپسۆن نووسیویەتی، تیایدا پۆلینکردنی سەرەتاکانی (باس ـ وتار) لە ڕێگەی بوارێکی فراوانی کەلتوور و کات دەوروژێنرێ. بەڵام گرنگییەکەی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کە هەردوو دژیەکەکە (کارەساتی جیهانی) و (دامەزراندنی سیستەمی سروشتی) لە نێو میتۆلۆجیای هاندانە هەرە زووەکاندا لیستکراون.

توانای بەکارهێنانی ئەو بنچینە سایکۆلۆژییە وەك بەشێکی قۆناغێك بۆ کردەی سیاسی ماوەییێکە ناسراوە، هەروەك لە پەرتووکی (ڕەنگدانەوەکانی سەر توندوتیژی ـ ١٩٠٨) کە ڕێبەرێکی خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لە بزووتنەوە تیرۆریستییەکاندا، (جۆرج سیرۆڵ) ئامۆژگاری شۆڕشگێڕەکانی سەردەمی خۆی دەکات کە کەڵك لەو ئەفسانە کۆمەڵایەتییانە وەربگرن کە ناوی هێناون، تیایدا دەڵێ:

"لەوانەیە چوارچێوەدانان بۆ داهاتوو زۆر کاریگەر بێت... ئەمە کاتێك ڕوودەدات کە پێشبینییەکان شێوەی ئەم ئەفسانانە وەردەگرن، کە لەگەڵ خۆیاندا هەموو خواستە بەهێزەکانی خەڵك و کۆمەڵ و چینەکان دادەخەن، ئەو خواستانەی کە لە هۆشەوە سەرچاوە دەگرن لەگەڵ مکوڕبوونی غەریزەکان لە هەموو هەڵێکی ژیاندا، کە ڕوخساری واقیعێکی تەواو بۆ هیوای کردارە ڕاستەوخۆکان دەبەخشن، لێرەوە زۆر ساناترە وەك لە هەر ڕێگەیەکی دیکە بۆ مرۆڤ کە بتوانێ چاکسازی لە خواست و مەیێنەتی و چالاکییەکانی میێشکیدا بکات".

نووسەر لێرەدا لەوە دەدوێ کە هیچ مانایەکی نییە ئەگەر ئێمە بە تێروتەسەلی گفتوگۆ لەسەر ئەوە بکەین کە بۆ ماوەی چەند دەتوانین وەها ئەفسانەیەك بە شێوەیەکی ئەدەبیانە وەك داهاتووی مێژوو وەربگرین. "ئەوە ئەفسانەیەکە لە کۆی خۆیدا کە بەتەنیا گرنگە، بەشەکانی تەنیا لە دوورەوە گرنگن کە دەتوانن بیری سەرەکی بە دیار بخەن". هەروەها بەردەوام دەبێ بۆ ئەوەی پیشانی بدات کە ئەم بۆچوونە دەکرێ لە هەردوو باری سلبی و ئیجابی کەلکی لێوەربگیرێ، بەو مانایەی نەك تەنها ئەفسانەیەکی کۆمەڵایەتی سیستەمێکی کۆمەڵایەتی جێگیر بکات، بەڵکو تێکشکاندن و جێگۆڕکێکردنی بە ئەفسانەیەکی دیکە، دەکرێ یان بڵێن پێویستە ببێ بە دۆخێك بۆ گۆڕانی ڕیشەیی لە کۆمەڵگەدا. ئەمە لە گۆشەنیگای ئەوەوە ئەرکی (توندوتیژی پرۆلیتاری) (سادەترین شێوەی دڕندایەتی) بوو. ئامانجی ئەو توندوتیژییەش بریتیبوو لە دروستکردنی دژە ئەفسانە لە دۆخێکی دیاریکراودا کە لە بەرژەوەندی ئەوبوو. ئەفسانەی (مانگرتنی گشتی.... ئەو ئەفسانەیەی کە سۆشیالیزم بە تەواوی لێیپێکهاتووە) تەواوی ناوەرۆکەکەی دوور لە داوای بۆ توندوتیژی لە پێناوخۆیدا، ئامانجێکی گەورەی هەبوو بۆ بەرەنگاربوونەوەی مرۆڤ لەگەڵ کارەساتدا کە ئاماژە بۆ شۆڕشی ڕەها دەکات. لە هەمانکاتدا بۆی هەیە گومان ببرێت بە درێژدادڕی

بۆچوونەکانی (سیرۆڵ) کە دەڵێ: (ڕێگاکانی گۆڕان بەهۆی کارەساتی گەورەدا دێتە ئاراوە کە بۆ ئەم مەبەستە ڕێکدەخرێت) بەڵام ئەم بۆچوونە لە چەرخی تەکنەلۆژیای زۆر پێشکەوتووی ئەمڕۆماندا تەنانەت بۆچوونێکی زۆر بەهێزترە لەو چەرخەی کە سیرۆڵی تیادا بوو.

بەڵگەیەکی دیکەی بەناوبانگ لە بەکارهێنانی تیرۆر بە شێوەیەکی فراوان لە خزمەتی ئایدۆلۆژیادا، کتێبەکەی (لیۆن ترۆتسکی - تیرۆریزم و کۆمۆنیزم)ە سالی ١٩٦١، کە لە ماوەی دوو ساڵدا لە سەردەمی سەرکەوتنی شۆڕی بۆلشڤیك لە شۆڕشی ڕووسیادا نووسراوە، لە بەشێکیدا لە ژێر ناوی (تیرۆریزم) بە بڕوا بەخۆبوونەوە لە پەڕەگرافێکدا نووسیویەتی: گرفتی شۆڕش هەروەکو هی جەنگ پێکدێت لە تێکشکاندنی ویستی دوژمن و ناچارکردنی بۆ خۆبەدەستەوەدان و ڕازیبوون بە مەرجەکانی داگیرکاران...ل٥٦.

دۆزەکانی سەدەی بیست

بۆ ئەوەی ڕۆڵی سەرەکی سەرکەوتنی کردەوەکانی تیرۆری جۆری دووەم لامان ڕوون و ئاشکرابێت، دەبێ تیشك بخەینە سەر بەشێکی تایبەت لە یادەوەری مێژوویی هاوچەرخ کە ئاماژە بە ئازار و مەینەتی ڕاستەقینەی ڕووداوەکان دەکات و هەر لەو ڕێیەوە ژینگە و باروذۆخی ژیانی ئاسایی مرۆڤ شێوێنرابوو. گەورەترین نموونەی ئەو مەینەتی و کارەساتانەش، بێگومان هەرگیز لە بیر و هۆشمان ساتێك دوور ناکەوێتەوە، کە هەڵدانی ڕۆژێکی دەستکرد بەسەر ئاسمانی هیرۆشیما و ناکازاکی بوو، کە شەپۆلی گەرمی یەکجار بەرز و تۆزی تیشکە ڕادیۆییەکان و تیشکی ترسناکی (گاما)ی بەسەر ئەو دوو شارەدا باراند، ڕاستییەکەی ئەمە خستنەسەرێکی نوێی تەنێکی بۆشایی کاریگەر بوو بۆ ژینگەی ئەزموونی مرۆڤ.. سکرتێری جەنگی ئەوسای وڵاتە

یەکرگرتووەکان، (ستیمسۆن) بەوردی چاودێری ئەندامەکانی دەستەی زانستی خۆی دەکرد و ئامۆژگاری یە بەکارهێنانی بۆمبەکە دەکرد لە ١٩٤٥/٥/٣١، کە بەر لەوە تاقیکردنەوەیەکی دیکە بەسەر ئاسمانی (ئەلامۆرگۆ)دا ئەنجامدرابوو، بە چەشنێك کە نابێ بۆمبی ئەتۆمی تەنها حیسابی ئەوەی بۆ بکرێت کە بۆمبێکی نوێیە، بەڵکو خولقێنەری گۆڕانێکی شۆڕشگێڕانەیە لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و جیهاندا. وا پێدەچوو کە لە نێو ئەو زانایانەی ئامادەبوون، تەنها ستیمسۆن زوو درکی بەوە کردبێت کە چەکەکە بەدەر لە چوارچێوەیەکی ئاساییدا قوربانی دەنێتەوە، نەك تەنها قوربانیانی بە ئامانجکراو- بەڵکو بۆ خودی سەرکەوتووانیش.

بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی لەلایەن تیرۆری جۆری دووەم، بە دۆخێکی تەقلیدی سەرکەوتووی ئازار و مەینەتی دەژمێردرێت. بەڵام یادەوەری مێژوویی نموونەی دیکە لەخۆ دەگرێ کە هاوبەشە لە هەمان ئەو کاریگەرییانە، هەرچەندە ئەگەر هەمان بواری فراوانی کاریگەریشی نەبێ، هەروەك لە هەندێ داتیشکەدا، کاریگەری هەڵدانی مانگی دەستکردی نوێ (سپیوتنیك) لە ئۆکتۆبەری ١٩٥٧ لە وڵاتێك کە بیر لەوە دەکرایەوە هەڕەشەیەك بێت، وەك هێستریاییێك بۆ خەڵکەکە وابوو، کە ئەم پرۆژەیە بە نهێنی کاری لەسەر دەکرا. حاڵەتێکی دیکە کە پەیوەندی پتەوی بە بابەتەکەوە هەیە، جێگۆڕکێکردنی هەوای ئاسایی بە گازی کوشندە کە لە جەنگی یەکەمی جیهان لە لایەن ئەڵمانیاوە بەرهەمهێنرا. سەرەتا هاوپەیمانان هەستیان بە مەترسی کرد، بەڵام دواتر هەر زوو خستیانە نێو پلانەکانی جەنگیان، هەروەك (گیلبێرت ف. ویتیمۆر) لە ئازاری ١٩١٨ تێبینی ئەوەی کرد کە گروپی توێژنەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە پەرەپێدانی پرۆسەیەکی سانا و کاریگەردا بۆ بەرهەمهێنانی دابینکەری گازی (موستارد - خەردەل) کە گازێکی کوشندەیە، لە لایەن هێزی سەربازی ئەمریکی لە سێپتێمبەری ١٩١٧ دا فەرمانی پێدرا. لە کاتی وەستانی جەنگدا توانرا لە هەر

ڕۆژێکدا ۳۰ تەن لە گازی خەردەل لە ڕووەکی (Edgewood) بەرهەمبهێنرێت. دواتر کیمیاگەران بە شانازییەوە ئاماژەیان بە دەستکەوتەکە دا و ئەوەیان ڕاگەیاند کـە ئەمـە هەڵەی ئەوان نییە کە ئەو بڕە یەکجار گەورەیەی گازەکـە لـە چـەکی ئەمریکییەکانـدا بەکارنەهاتووە، بەڵکو گازەکە ئامادەیە و چـاوەڕێیە، بـەڵام سـوپا نـەیتوانیوە دەزگـای پێویست دابین بکا بۆ بەکارهێنانی لە چەکە جۆراوجۆرەکاندا.

هۆشیاری مێژوویی ئێستامان جگە لەمانە، حاڵەتی دیکەش لەخۆ دەگرێ کە بۆی هەیە مێژوونووسانی داهاتوو بیخەنە سـەر لیـستی ئـەو پێـشکەوتنانەی کـە بەتـەنیا سەدەی بیستەم جیادەکاتەوە. دەمەوێ ئامـاژە بەدۆزینـەوەی کەمپـە جینۆسـایدەکانی نازی بکەم لە کۆتایی جەنگی دووەمی جیهاندا، یان ڕێکتر بڵـێین بەڵگەیـەکی کۆتاییـە کە ئەو ڕاستییانە دەسەلمێنێ بۆ ئەوانەی دەیانەوێ گرنگی پێبدەن یان بیزانن. پرۆسـەکە بە هۆی ئەو کەمپانە بە شێوەیەکی ڕێکوپێـك بەڕێوەدەچـوو لـە کوشـتن و لـەناوبردنی گروپی دیاریکراوی خەڵك لە ژێر دەسەڵاتداری ئەڵمانی. ئەم کەمپانە بـۆ مەبەسـتێکی سێ لایەنە ڕێکخرابوون. تەنها بۆ ئەوە دانەمەزرابوون کە خـەڵك دووربخەنـەوە وەك لـە باری ئاساییدا مەبەستە. بەڵکو کارگەیەکیش بوون بۆ دووریـنەوەی ئـەو خەڵکـەی کـە تیایدا بوون بە شێوەی بەرنامەیەکی داڕێـژراو و بـە خێرایـی و بـە ڕادەیـەکی یـەکجار گەورە. نیازێکی دیکە لە دانانی ئەو کەمپانـە ئـەوە بـوو کـە وەك کارایـەکی تـیرۆر و تۆقاندن کاربکات. بەدڵنیاییەوە، ئەگەر کەسێك لەم جیهانـەدا ئاگـای لـە بـوونی ئـەو خەڵك نەبووبێ، بەلایەنی کەمـەوە خەڵکەکـە خۆیـان لـە بـوونی خۆیـان دڵنیـابوون و دەیانزانی کە هەن، بەڵام دواتر لە ڕێگەی ئازار و ئەشکەنجەی جۆراوجۆر ملیۆنـەها لـەو خەڵکانە لەناو بران.

بە کارهێنانی تیرۆری دەوڵەت بە شـێوەیەکی ڕێکوپێـك و بەرنامـە بـۆ دانـراو لـە یەکێتی سۆڤیەتدا بە شێوەیەکی زۆر فەرمی لە لایەن (ریچارد پایـپ) لـە کتێبەکەیـدا

(شۆڕشی ڕووسیا) (الفرید أ. نۆیف، ١٩٠٨) باسکراوە. لە بەشی هەژدەهەمدا (تیرۆری سوور) کاریگەری زووی خۆی بۆ نووسینەکانی لینین جێ دەهێڵێ کە لە وتارەکەیدا ساڵی ١٩٠٨، یەکەمجار بیرۆکەی لەناوبردنی چینەکانی دوژمنی هێنایە کایەوە. کاتێک کە دکتاتۆر بۆلشڤیک لەسەر حوکم بوو، تیرۆری کردە سیاسەتی دەوڵەت، کۆمیسەری لینین بۆ دادپەروەری لە ساڵی ١٩٢٠دا نووسیویەتی: " تیرۆریزم سیستەمێکە.... پلانێکی یاسای ڕژێمە بۆ مەبەستی تۆقاندنی بەکۆمەڵ و ناچارکردنی بەکۆمەڵ و لە ناوبردنی بەکۆمەڵ". هەموو ئەمانە لەدژی دانیشتوانی خۆیان پیادەکراون.

بەم شێوەیە سیاسەتی ئاسایشی سۆڤیەت دەستی واڵاکردبوو بۆ لەناوبردنی ژیانی ملیۆنەها هاوڵاتیان کە بەدوژمن لە قەڵەمی دەدان. بنکەکانی دەستگیرکردن... وەها ناوێک بۆ ئەم مەبەستە داهێنرابوو، یەکەمجار لەسەردەمی ترۆتسکی و لینین دامەزرا لە ئابی ١٩١٨ کە بەشێک بوو لە تیرۆری سوور، لە ساڵی ١٩٢٣ ژمارەی ئەم کەمپانە بووە ٣١٥. لەسەردەمی ستالینیشدا کەمپەکان هەم لەڕووی قەبارە و هەم لەڕووی ژمارەوە زیادبوونی گەورەیان بەخۆوەبینی.

لەڕاستیدا نامەوێ لەم وتارەدا بە دوای پاشماوەی دیاریکراوی ئەو سەدە تراژیدییە بکەوین لە مێژووی جیهاندا، بەڵام نەبوونی هەر ڕێکەوتنێک، هاندەرێک، یان هەر هێزێک کە خواستی ساردکردنەوەی ئەو پێشقەچوونانە پەرەپێبدات و، سەرەڕای ئەوەش بەکارهێنانی تیرۆر لە هەردوو جۆردا، بێگومان هەر ئەوە ئاکامی دەبێ کە بوو. بۆیە دەبێ ئێمە چاومان لە قەدەغەکردنێکی جەوهەری بێت لە بەکارهێنانی شێواز و چەکەکانی ئەم جۆرە دیاریکراوەی تیرۆر بۆ ئەوەی بتوانرێت بەسەری زاڵبین. هەڵمەتەکانی پاکتاوکردنی نەژادی بۆ نموونە لە سیبریا و ڕواندا نموونەی زەقی ئەم چەشنەن لە ساڵەکانی دواییدا.

سەرکەوتنی تیرۆر

من لەوە دوام کە ڕووداوە وێرانکەرەکان و گۆڕانکارییە کاریگەرەکانی دیکە لە ژیانی مرۆڤدا، یادەوەری تاکەکەسی و مێژوویی بۆ ئەودیوی سنووری دانیشتوان درێژدەکەنەوە، بە وێنەی ئەوەی کە لاستیێك مەودای ئاساییەکەی ببڕێت و گۆڕان لە سروشتی پلاستیکەکە بەدیبهێنێت، هەروەها گیان بەشێوەیەکی شێواوی جیاواز جێ دەهێڵن و ئامادەن کە ئەزموونەکان لە دەوری برینەکاندا بەکریستاڵ بکەن. کاتێك دەپرسین ئەو وانانە چین کە یادەوەری مێژوویی ئێستامان لەو ڕووداوانە وەریگرتووە، بەدڵنیاییەوە دیارترین وەڵام ئەوەیە کە (پاراستنی خودە لە ئاستی هۆشیاری). بۆمبی ئەتۆمی و مەنجەنیقەکانی ئاگری جەنگ هەرگیز نەبوونەتە بەشێك لە پرۆگرامی پەروەردەیی، بە پێچەوانەوە بۆ هاوڵاتیان ئامرازی سەرەکی پێشکەشکردنی حاڵەتەکانی تیرۆر بوونەتە شتێکی ئاسایی و هۆکارێکی قۆستنەوەی ئەم هەلە. بۆ نموونە ئەو فیلم و بەرهەمانەی تەلەفزیۆن کە لە تیرۆر و حاڵەتە ترسناکەکانی دەدوێن وەك (هیرۆشیما، مۆن ئامۆر و چەندانی دیکە) هەروەها دوایین ڤیدیۆ گێمەکان پشتیوانەکانی نازی بە شێوەیەکی ڕێك پێشکەشدەکات.

وانەی دووەم لە کارەساتی بەکارهێنانی چەکی تیرۆر لە جۆری دووەمیدا کە لە یادەوەری مێژوویی جێیهێشتووە، ئەوەیە کە بە تێکڕا ئەوان سەرکەوتوو بوون و، جگە لەوەش بەکارهێنانی چەکەکە نەبووە هۆی دروستبوونی دژە هاوسەنگ بوون و کەوتنەوەی زیانی گیانی گەورە بۆ بەکارهێنەرانی. بۆیە هیچ هۆکارێك لە ئارادا نییە کە چیدیکە جەربەزەیی داهاتووی ئەنجامدەرانی بە درێژایی ئەو هێڵە هەنگاو بنێ.

لە کاتی دروستکردنی یەکەم بۆمبی ئەتۆمی ژمارەیەك لە زانایان لەسەر نەخشەسازی و بەرهەمهێنانی بۆمبەکە کاریان دەکرد کە بریتیبوون لە (جیمس فرانك، یۆگن ڕۆبنویچ، گلین ت. سیبۆرگ، لیۆ سلیزارد و، هەندێکی دیکە) لە حوزەیرانی

١٩٤٥ له ڕاپۆرتێکیاندا بۆ سکرتێری جەنگ تکای ئـەوەیان کـرد کـە بۆمبەکـە تابـێ یەکەمجار هاوڵاتیانی مەدەنی بکاتە ئامانج. یەکێك لە مشتومڕە سەرەکییەکانیان ئـەوە بوو کە: بەرژەوەندی سەربازی و ڕزگـارکردنی ژیـانی ئەمریکییـەکان بـە بـەکارهێنانی کتوپڕی بۆمبی ئەتۆمی لە دژی یابان بۆی هەیە قەبارەیەکی زیاد لە خـۆی وەربگـرێ و ببێتە هۆی لەدەستدانی باوەڕ و، دروستبوونی شەپۆلی تـرس و تۆقانـدن و بـە هـەموو جیهاندا بلاّوببێتـەوە و، بۆشـی هەیـە ڕای گـشتی لـە ولاّتـدا بخاتـە ململانێـوە". بـە دڵنیاییەوە ئامۆژگارییەکەیان گوێی بۆ نەگیرا و تەقینـەوەکان کاریگـەری ئازاربەخـشی ویـستراویان لەسـەر سـەرکردە یابانییـەکان دەرخـست. بـەلاّم وەك پێـشبینی دەکـرا (لەدەستدانی متمانە) و (شەپۆلی ترس و ڕق و کینە لە جیهاندا بلاّو دەبێتەوە) نەهاتـە دی، تەنانەت بۆ ماوەیەکیش نەبوو.

تەواو پێچەوانەی بۆچوونی زاناکان، نیویۆرك تـایمز لـە سـەروتاری ١٩٤٥/٨/٧ دا دەستخۆشی لە بۆمبەکەی هیرۆشیما کرد و وەك کلیلێکی سیحراوی سەرکەوتن وەسـفی کرد کە ئەمەریکا دۆزییەوە.... بۆمبـە نوێیەکـە بەڵگەیـەکی تاجینـەی تـەکنیکی و پێشکەوتووی زانستی و ماددی هاوپەیمانانە بەسەر دوژمناندا.

لە نۆڤێمبەری ١٩٤٥ لە دەنگدانێکدا ئەوە ڕوون بووەوە کە تـەنها ٥٪ ڕای گـشتی ئەمەریکی دژی جەنگی بەکارهێنانی بۆمبی ئەتۆمی بوون. (هاری ترومان) کە بڕیـاری بەکارهێنانی بۆمبەکەی دا، لەو بارەیەوە هاوبەشـی بۆچـوونەکانی دەنگـدەرانی کـرد و گوتی ئەو بۆمبە بۆمبێکی یاسـاییە، هـەروەك ترومـان لـەدوای کارەسـاتی ناکـازاگی نووسیویەتی:

" هـیچ کەسـێك وەکـو مـن حـاڵی پەشـۆکاو نـەبوو لـە بـەکارهێنانی بۆمبـە ئەتۆمییەکان، بەڵام من زۆر لەوە پەشۆکاوتربووم بەرانبەر بە هێرشە ناڕاستەکەی یابـان بۆ سەر بەندەری (پیرل) و کوژرانی گیراوەکانمان لە جەنگـدا. بۆیـە تـەنها زمانێـك کـە

ئەوان لێی حاڵی دەبوون، هەر ئەوەبوو بە بەکارهێنانی بۆمب لـە گەڵیانـدا. ئەگـەر تـۆ بتەوێ مامەڵە لەگەڵ دڕندە بکەی، دەبێ دڕندانە لەگەڵی بجولێیتەوە".

ئەنجام

لەوەتەی ئەو نارەزاییانە ڕووبەڕووی جـۆری یەکـەم و دووەمـی تـیرۆر دەبنـەوە، تـا ئێستا هیچ کاریگەرییەکیان نەبووە و، هیچ هۆکارێکیش لـە ئـارادا نییـە کـە تـیرۆری جۆری یەکەم، بەردەوامبن لە دیاریکراوکردنی خۆیان بەو هۆکارە تەقلیدییانەی هەیانـە و چیدیکە کردەوە و پـەلاماری سـەرنەکەوتوو ئاکامیـان بـێ. بـە پێـچەوانەوە، هـەمان بەردەوامی بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیاوە دۆخی ئەو تیرۆرەی بەهێزتر کـردووە، کـە یەکبگرێ بۆ کارکردن لە نێو تیرۆری تاك و گروپدا لە شـێوەی تـیرۆری جـۆری سـێیەم. بۆیە ئەم بارە بۆی هەیە سێ پێشهاتەچوون بەخۆیەوە ببینێ: یەکەمیان، هەوڵ و تەقـەلای وڵاتێك یان کۆمەڵێ لە وڵاتان بـۆ چـاندنی تـۆوی تـیرۆری تـەکنۆلۆژی و کـەلتووری و ئامادەکردنی زەمینە بۆیان، نەك بە شـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ، بـەڵکو لەڕێگـەی گروپـی بەکرێگیراو، بە مانایەکی تر بـۆ دڵنیـابوون لـە تێکـەڵاو بـوونی تـەکنۆلۆژیای نـوێ و نیازەکانیان لـە بـەکارهێنانی ئـەو تەکنۆلۆژیایـە لـە ئـازاردان و نانـەوەی کارەسـاتی کاولکاری. دووەمیان، گرنگ نییە گروپـەکان بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا بـە وڵاتێکـەوە بەندبن، بەڵکو بە ئایدۆلۆژیاییێکی ڕادیکاڵەوە پەیوەند دەبن کە هـەمان تێکـەڵاوبوون و خراپەکاری لەنێو خۆیاندا ئەنجامـدەدەن. سـێیەمیان، کاتێـك کـە نەتەوەیـەك دەبێتـە ئامانج بۆ شێوەیەکی نوێی تیرۆر، بێ گومان وەڵامی تەقلیدیان نادەنەوە و، دەبێ کـردار و ئەنجامدانی نوێ دابهێنن بۆ هەردوو حاڵەتی: قەبوڵنەکردنی کردە تیرۆریستییەکان بـە هەر نرخێك بێت و، داهێنانی سیاسەتێك بۆ ئەوەی ئەو حاڵەتانە لـەکار بخـا کـە هێـزە تیرۆریستییەکان دەخاتە جووڵەوە.

لێرەدا خاڵی کۆتایی ماوە بڵێین کاتێك کە تیرۆر لە جۆری سێیەمیدا بەرەو سەرەوەی ئاستی چالاکییەکانی هەڵدەکشێ، هەندێك تیرۆریستی دیکە دووچاری تێکشکان دەبنەوە بە تایبەتی لە یەکەم هەڵمەتەکانیاندا، چونکە هەر تەقەلایەك بۆ خولقاندنی زیان بە ڕادەیەکی گەورە، پێویستی بە کەرەستە و توانای تەکنەلۆژی دیاریکراو هەیە کە لەوانەیە سانا نەبێ بۆ ئەوانەی پێشتر تەنها خۆیان لە جۆری یەکەمی تیرۆردا دەبینییەوە، بتوانن ئەنجامی بدەن. ماوەکە لە پێشبڕکێدایە لە نێوان داهێنەرانی چەکی نوێ لە لایەك و بەکارهێنەرانی لە لایەکی دیکەوە، بۆی هەیە گەلێ فراوان بێ.. تەنانەت لە حاڵەتی ئەوەشدا کە ئەو چەکانە لە وڵاتێکی پێشکەوتووشدا بەکاردەهێنرێن لە جەنگدا. بە هەر حاڵ، هەرچەندە چەکی بایۆلۆژی، ناوکی و، کیمیایی لە دەستی جۆری دووەمی تیرۆر سەرنەکەوت، بەڵام تیرۆی جۆری سێیەم دەتوانێ بەدەستیبهێنێ و لە ڕێگەی گەلێ هۆکاری ئازاربەخش ژیان لە گەلێ ناوچەی نەویستراودا وێرانبکات. دەقاودەق ئەم کارەساتەی سەرنەکەوتنە بۆی هەیە چاك بێت و بتوانێت خزمەت بکات ئەویش بە تێبینی کردنی ئەوەی بەردەوام بوون لە مێژووی جیهاندا تا سەرنابێت.

Reflections on Modern Terrorism

Gerald Holton

http://www.edge.org

تەنگژەکانی تیرۆریزم

ن: پاتریك هۆڵیز
و: هێمن غەنی

لەم چەند ساڵە کەمەی دواییدا ولاٌتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە هۆی چەند کردارێکی تیرۆرستیەوە کەوتە بەر هێرش و پەلامار، بەلاٌم لە هەموویان کوشندەتر و کاریگەرتر هێرشەکانی ڕۆژی یانزەی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ بوون کە بە دواییدا ناردن و بلاٌوکردنەوەی ماددەی ژەهراوی ناسراو بە ئەنسراکس لە سیمتی پۆستەی حکومیدا ئەوەندەی تر ئەم هێرشانەی سامناکتر و ئالۆزتر کرد.

هەر چۆنێك بێت، نابێت ئەو زنجیرە هێرشانە لە بیر بکەین کە لە بەراییدا کرایە سەر هێز و بارەگاکانمان، یەکەم هێرش لە دژی مەلبەندی بازرگانی جیهانی ئەنجام درا، باڵەخانەی فیدراڵی لە ئۆکلاهۆما سیتی بۆمبڕێژکرا، هێرش کرایە سەر باڵۆیزخانەکانمان لە تەنزانیا و کینیا، لەگەڵ هێرشکردنە سەر تێکشکێنەری ٧٢٢ کۆڵ لە کەنداوی عەدەن لە یەمەن. چەندین هێرشی نەخشە بۆ داڕێژراوی دیکە توانرا پوچەڵ بکرێنەوە، شکستیان پێ بهێنرێت، لە ڕێگەی ئاگادارکردنەوە و هۆشدارکردنەوەی هاولاٌتیانەوە لە ڕێگەی کاری ڕێکوپێکی هێزەکانی پۆلیس و بەدەستهێنانی زانیاری ورد و ڕاست و درووستی هەواڵگرییەوە.

زیادبوونی ئاست و مەودای شەپۆلی چالاکییە تیرۆرستییەکان بە شێوەیەکی بەرچاو و هەستپێکراو دژی ولاٌتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا جێی سەرنج و نیەگەرانییە. ئەگەر

بەهۆی سەرنجدان لە ڕووداوەکانی ڕابـردوو بتـوانین پێـشبینی پێـشهات و ئەگـەرەکانی داهاتوو بکەین، ئەوا لە ماوەی مانگ و ساڵانی داهاتوودا بەدەست ژمارەیەکی زیـاتری هێرشــە تیرۆرســتیەکانەوە گرفتــار دەبــین. مەبەســتی دیــار و ئاشــکرای تیرۆرســتان بەدەستهێنانی دەسەڵات و دەسترۆیشتوویی زیاترە لــە داهــاتوودا. ئامــانجی تیرۆرســتان ئـەو کـەس و دامودەزگـا ئەمریکیانـە دەبـن کـە هۆشـدارییان پـێ ڕانەگەیـەنراوە و نەپارێزراون.

چەند مەسـەلەیەکی ڕوون و ئاشـکرا لـە ئـەنجامی ئـەو گفتوگـۆ و مـشتومڕانەوە بەرجەستە بـوون کـە دەربـارەی شکـستی هـەوڵ و تەقـەلاکانی پوچـەڵکردنەوەی ئـەو هێرشانەی لە پێشەوە باسمان کردن کرا.

ئایا ئەوەی پێشتر خرایەڕوو و باس کرا دەکرێت ببێتە ئاماژەیەك کە بـەم نزیکانـە ڕووبەڕووی هێرشێك دەبینەوە؟ دەبێت بە چ جۆرێـك هەڵـسوکەوت بکـەین کـە پێـشتر نەمان کردوو، بۆ چی؟ دەتوانین چی بکەین بۆ ئەوەی ئاسـتی سـەرکەوتنی تیرۆرسـتێك دابەزێنین بۆ خاڵی سفر؟ دەبێـت چـۆن و بـە چ شـێوەیەك ئـەو سەرچـاوە و ڕێگاچـارە کەمانەی لەبەر دەستمان دایە بەکاربهێنین؟

بۆ ئەوەی بە تەواوەتی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینـەوە و بەرچـاوی هاوڵاتیـان ڕوون بکەینەوە ئەوا پێویستمان بەو زانیارییانە دەبێت کە نهێنین و یارمەتیدەرمان دەبـن لـە چۆنیەتی بەرەنگاربوونەوەی هێرشە تیرۆرستیەکاندا.

بۆ ئەوەی ئەم زانیاریانەش سوودمان پێ بگەیەنن و بە ئاسـانی بـە کاریـان بهێـنین ئەوا دەبێت پۆلێنیـان بکـەین و بڵاوبوونـەوەیان سـنووردار بکـەین ئـەویش لـە پێنـاو سەرکەوتنی پرۆسە ئەمنی و هەواڵگرییەکاندا، بـە تایبـەتی دەبێـت ئـەو ڕاسـتییەمان لەبەر چاو بێت کە تیرۆرستان سوود لەو زانیاریانە وەردەگرن کە بڵاودەبنەوە بە تایبـەتی ئەو زانیارییانەی کە هەمانە دەربارەی جموجووڵەکانیان.

سـەرکەوتنی ئـەو لایەنـەی هێـرش دەکاتـە سـەرمان دەوەسـتێتە سـەر بـەنهێنی بەڕێوەچوونی کار و کردەوەکانی، بەشێوەیەکی گشتی هۆی ڕاستەقینە و سـەرەکی هـەر شکستێکی تیرۆرستان ئاشکرابوونی ئەو کار و چالاکییانەیە کە هەوڵـدەدەن بـە نهێنـی

بیبەن بەڕێوە و ئاشکرا نەبێت، کە لەم کاتەدا چالاکییەکانیان دەستنیشان دەکرێت و ڕێ و شوێنی پێویست دژیان دەگیرێتە بەر.

سەرکەوتنی هەر تیرۆرستێك دەگەڕێتەوە بۆ سەرکەوتنی لە پاراستنی نهێنیدا و نوشستهێنانی ئەو دەزگاو دامەزراوانەی کاریان بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزمە لەوەی دژە کردارێك دژی ئەو تیرۆرستە بگرنەبەر و یاخود نوشستهێنانیان لەوەی بایەخ بە وەرگرتنی ئەو دژەکردارە بدەن.

سیمای ئەم گرفتە – واتە نهێنی بوون لە هەموو لایەك، نەك تەنها کردارەکانی دژی تیرۆرستان ئالۆز کردووە، بەڵکو هۆشدارکردنەوەی هاوڵاتیانیشی دەربارەی هەر هێرشێکی تیرۆرستی نزیك ئالۆز کردووە. وەڵامدانەوەی ئەم مەسەلە گرفتارئامێزە ئاسان نییە.

نهێنیبوون ڕەگەزێکی پێویستە بۆ بەرەنگاربوونەوە و شەڕکردن لە دژی ئەو کەس و لایەنانەی کە ئامادەسازی و خۆ ئامادەکردنیان بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆرستی دەوەستێتە سەر نهێنی بوون، چارەسەریش لەوەدا خۆی نابینێتەوە کە هەرچی زانیارییەکمان دەربارەی تیرۆرستان هەیە ئاشکرا بکەین.

لەم کەشوهەوایەدا کە نهێنیبوون و نهێنیپارێزی تیایدا باڵادەستە، ئەوا هاوڵاتیەکی پڕچەك بە زانیاری و چاوکراوە باشترین پارێزگارییە لە بەرانبەر هەر هەلومەرجێکدا کە هەڵگری مەترسی بێت، بە تایبەتی ئەو مەترسیانەی پەیوەندییان بە تیرۆرستانەوە هەیە.

تەنگژەکە ئەوەیە (هاوڵاتی هۆشداریکراو) بە شێوەیەکی بنچینەیی جڵەونەکراوە و لەوانەیە بە شێوەیەکی زیادڕەوانە ڕەفتار بکات یاخود خەمسارد بێت ئەمەش دەگۆڕێت بەپێی گۆڕانی بارودۆخ و ڕوودانی گۆڕانکارییەکان وەك بەرپاکردنی هەڵمەتی چەواشەکاری و کاریگەری خستنەسەر هەست و هەڵوێستی هاوڵاتیان.

ئەوەی ئەوەندەی تر کێشەکەی ئالۆزکردووە ڕوونەدانی ئەو هێرشە تیرۆرستیەیە کە هاوڵاتیان ئاگاداردەکەینەوە دەربارەی ڕوودانی کە دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی

بێمتمانەیی لە نێوان هاوڵاتیاندا بەرانبەر هەوڵەکانی ئـەو دەزگایانـەی بـۆ پاراسـتنیان کاردەکەن، تیرۆرستانیش دەستیان کردووە بە سوود لێ وەرگرتنی ئەم تەنگژەیە.

بە بۆچوونی، ئێستا کات بە دەستی ئەوانەوەیە (تیرۆرسـتان) و دیـاریکردنی وادەی ئەنجامدانی کرداری داهاتوویان و ئامادەسازییەکان بۆی بـە نهێنـی دەمێنێتـەوە، واتـە بڕیار لە دەستی ئەواندایە. تەنگژەیەکی دیکە کە دەبێت لەبەرچاوی بگـرین بارودۆخـە، لە گۆڕەپانی جەنگدا، یـاخود لەکەشـوهەوای دوژمنـداری و دژایـەتی دا، نادڵنیـایی و دڵەڕاوکێ شتێکی بەردەوامـە، دوژمنـان ناسـراون و ئەگـەری دەرکـەوتنیان هەیـە لـە هەرساتێکدا، ئاستی ئاگاداری و ئامادەسـازییەکان بـەرزە و هەڵسوکەوتکردن لەگـەڵ پێشبینییەکاندا پێویستیەکی بە پەلەیە.

بەلام لەم هەلومەرجە نوێیەدا کە ئێستا تیایدا دەژین و ئەزموونی دەکەین ئێمە لـە جیهانێکدا کار دەکەین و بە جیهانێکدا گەشت دەکەین کە نائارامی و نادڵنیایی تێدایە بەڵام پێمانوایە بە شێوەیەك لە شێوەکان ئاسایش و سـەلامەتی هەیـە. هەڵدەسـتین بـە کەمکردنـەوەی خوسـازدان و ئامادەکاریـیـەکانمان بـۆ ڕووبەڕووبونـەوەی هەڕەشـە و مەترسییەکان، پێشبینی و چاوەڕوانی دۆخێکی ئارام دەکـەین کـە تیایـدا بەربەسـت و بەرتەسککردنەوە نەبێت بۆ جموجوڵ و ئازادیمان، هەروەها هەسـتێکی پێویـستمان نییـە دەربـارەی ناسـکی و ناسـەقامگیری بارودۆخەکـە، یـاخود بەپێـچەوانەوە ماڵـەکانمان جێناهێڵین لەبەرئەوەی هەستی نائارامی و دڵەڕاوکێ بە سەرماندا زاڵە.

بەلام ئەوەی روونە خەڵکی ڕێگە نادەن هەڕەشەی سەرچاوە گرتوو لـە تیرۆرسـتانەوە مافی کۆڕ و کۆبوونەوەمان لێ زەوت بکات، ئەگەرچی ئـەم کۆبوونـەوە و گردبوونەوانـە ئامانجی لەباری تیرۆرستانیش بن.

لە ((گۆڕەپانی جەنگ))دا لە ولاتـە یـەکگرتووەکان ئـەم تەنگـژەی بارودۆخـە زۆر ئاڵۆزترە. ئێمە نامانـەوێت پێـشبینی نائـارامی و ناسـەقامگیری بکـەین، بـەڵکو بـە پێچەوانەوە، ئەگەرچی نموونەی ڕوون و ئاشکرامان لەبەر دەستدا بێت کە پاسـاو بـن بـۆ ئەوەی وریا و هۆشیار بـین دەربـارەی ئەگـەری کـردارە تیرۆرسـتیەکان. ئێمـە هەسـتی

دەستوبردکردن و کەوتنە خۆی بە پەلەمان نییە. ڕەنگە دوای ٩/١١ کردبێتمان، بەڵام ئێستا بە هەمان ئاست و ئەندازە نییە.

هەر کاتێك هەستمان بە جموجوڵێك کرد کە ئەگەری مەترسی هەڵگرتووە ئەوا کاردانەوەمان تەنها بە ئاوات خواستن دەبێت کە کارێکی لەو چەشنە ڕوو نەدات. کاردانەوەکانمان جۆراوجۆرن، هەندێکیان بە شێوەیەکی زیادەڕەوانە دژە کردار لە بەرانبەر هەڕەشەی تیرۆرستیدا ئەنوێنن، هەڵدەستن بە خۆسازدان بۆ ڕوودانی کارەسات و دەست دەکەن بە تۆمارکردنی هەموو شتێك کە دەیبینێت وا دەیبیستێت کە لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەواندا ناکۆکە. هەندێکی تر باوەڕیان وایە کە ناکرێت خۆمان لە ڕووداوی تیرۆرستی لابدەین لە داهاتوودا و کاردانەوەیان تەنها هیوا خواستنە بەوەی لە کاتی ڕوودانی کارە تیرۆرستیەکاندا ئەوان ئامادە نەبن لەو شوێنەدا.

دەسەڵاتداران، بەرپرسە حکومییەکان، پۆلیس، هەواڵگری و دەزگاکانی ئاسایش، هەموویان کاردانەوەی جۆراوجۆر و جیاوازیان هەیە لە پێناو ڕاگرتنی هاوسەنگییەکەدا، ئەوان بەردەوام لە هەوڵی خۆئامادەکردندان بۆ ڕوودانی هەر ڕووداوێك کە خوازیارن هەرگیز ڕوونەدات، بەڵام سەرەڕای ئەمەش هەر پێشبینی ڕوودانی دەکەن. ئەوان بارێکی دەروونی ئارامیان هەیە لە کەشێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و نادڵنیاییدا.

چەند کەسێکی کەم هەن کە لە پێگە و بارێکدان زانیاری جۆراوجۆر و تەواویان دەخرێتە بەردەست و، هێز و دەسەڵاتیان بەدەستە بۆ کارکردن، هەروەها بەرپرسیارێتی دانانی نەخشەی تێروتەسەل و گشتگیرییان لە ئەستۆدایە لەگەڵ ئەنجامدانی چالاکی هێرشبەرانە بۆ پوچەڵکردنەوەی کرداری تیرۆرستی.

بە شێوەکی گشتی ئێمە نازانین و، ناتوانین بزانین، ئەو کەسانە چی دەکەن و تەنانەت نازانین کێن، لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی کارەکانیان پشت بە پاراستنی نهێنی و چالاکی ئەمنی کاریگەر دەبەستێت. بەم شێوەیە پارێزگاری کردن لە ژیان و ئاسایش و ئازادی ئێمە خراوەتە ئەستۆی ئەو کەسانەی کە ئەرکیان پاراستنمانە بەبێ ئەوەی ئاگاداری چۆنیەتی کارکردنیان بین، هەلومەرجێك کە گوزارشت لە نادڵنیایی دەکات و خەیاڵمان

بۆ تەنگژەیەکی تر دەبات کە تیرۆرستان بۆیان خولقاندوین — ئەویش ئەگەری پێشێلکردنی مافە دەستوورییەکانمانە لەم باردۆخە ئەمنییەدا.

گوێگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری لە پەیوەندییە شەخسییەکانەوە زیاتر سروشتی ئەم کێشەیەمان بۆ شیدەکاتەوە، کە دەبێتە هۆی ئەگەری پێشێلکردنی مافی ژیان بەسەربردن بێ چاودێری و دەستێوەردان، ئەم چالاکییانە تەکنەلۆجیای پێشکەوتوو بەکار دەهێنن بۆ گەیشتن بە زانیاری پتەو و باوەڕ پێکراو.

ئەم تەنگژەی بەدەستهێنانی زانیارییە تەنها چالاکییەك نییە کە دەبێتە هۆی داماڵینی ئازادی تاکەکەسیمان. پەرژین و بەربەستی چواردەوری باڵەخانەکان، ئامادەیی هێزی چەکدار لە شوێنە گشتییەکاندا، داواکاری و داخوازی بەردەوامی سەلماندنی ناسنامەکەت، سروشتی ئەو کۆبوونەوەی لەگەڵ کەسانی دیکەدا ئەنجامی دەدەین، لەگەڵ زۆرێکی تر لەو سیما و خەسڵەتانەی ژیانی (ئاسایی نوێ)مان هەموویان بوونەتە بەشێك لە هەوڵەکانی پاراستنی هاوڵاتیان لە ڕێگەی بەدەستهێنانی زانیاری زیاتر لەبارەیانەوە.

ئەم بارودۆخە پڕە لە نیگەرانی و دڵەڕاوکێی ئاشکرا، بەڵام ئەو بۆچوونەی پاساو بۆ ئەم بارودۆخە دەهێنێتەوەو بەڵگە و بیانوی نوێی بەهێزی هەیە، ئەوساتەی مەترسی چالاکییەکی تیرۆرستی لە ئارادایە بەبەکارهێنانی جەنگی ناوەکی و بایەلۆجی و کیمیایی، ئەوا ڕوون و ئاشکرایە کە بەرگەی ئەم چەشنە زەبر و پەلامارانە ناگرین. دەبێت هەرچی پێویستە بیخەینە گەڕ بۆ بەرپێگرتن و پوچەڵ کردنەوەی.

بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم دەبێت خەم و بایەخی یەکەمی هەموو هاوڵاتیان بێت، ئەگەر هیچ هۆیەکی دیکەش لەبەرچاو نەگرین تەنها ئەو کۆت و بەند و بەرتەسك کردنەوە ئەمنیانە نەبێت کە دەخرێتەسەر ئازادییە تاکەکەسیەکانمان.

پێدەچێت چارەسەر لە دانان و گرتنەبەری چەندین ئاستەنگ و بەربەستدا بێت کە کار بکەنە سەر ژیان و ئازادیمان، بەڵام دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە هەڕەشەکە ڕاستەقینەیە. تەنگژەیەکی دیکە گرفتارمان دەکات ئەوەیە چی بکەین بۆ

ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان و هەڵسوکەوتکردن بە پێی ئەو زانیارییانەی جێی مەترسی و نیگەرانین؟

گرفتی کۆکردنەوە و شیکردنەوە و بڕیاردان لەسەر بڵاوکردنەوە و هەڵسوکەوتکردن بەپێی ئەو زانیارییانەی دەربارەی تیرۆریزم هەمانە بە پێی هەلومەرجە ئەمنی و هەوالگرییەکە دەگۆڕێت؛ لەبەر ئەوەی بەدەگمەن زانیارییەکان ڕوون و دیاریکراون.

وای دانێ کە هەندێ زانیاری دەگاتە دەستی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان لە لایەن سەرچاوەیەکی پۆلێنکراوی باڵاوە، ئەو سەرچاوەیەی پشت بە نهێنی هەمیشەیی دەبەستێت بۆ ئەوەی جێی باوەڕ و دڵنیایی بێت. لەوانەیە زانیارییەکە سەدلەرسەد ڕاست و دروست نەبێت، بەڵام شایستەی سەرنجدان و سوود لێوەرگرتنە.

ئەم زانیارییە ئاماژە بە ئەگەری ڕوودانی هێرشێکی تیرۆریستی دەکات لە ئێستادا یاخود لە ئایندەیەکی نزیکدا کە بۆی هەیە ببێتە هۆی پوچەڵکردنەوەی. ئەگەرچی، وردەکاری گرنگ و پێویست بزرە، وەك کات و شوێن و سروشتی ڕووداوەکە، بەڵام زانیاری تەواو لەبەردەستدان کە وامان لێبکات ئاگاداری بدەینە هاوڵاتیان.

ئالۆزی ئەم گرفتە لێرەدا ئەوەیە گەر هاتوو لەکاتی هۆشدارکردنەوەی هاوڵاتیاندا ئەو زانیاریانەمان ئاشکرا کرد کە لە سەرچاوەکەوە وەرمانگرتووە، ئەوا دەبێتە هۆی ئاشکراکردن و پەردە هەڵماڵین لەسەر سەرچاوەکە، ئەگەر واشمان نەکرد ئەوا ڕووبەڕووی دەرئەنجامی نەویستراو دەبینەوە.

هەندێك بە باوەڕی پتەوەوە لە ئاگادارکردنەوەکە تێدەگەن و پەسەندیشی دەکەن. هەندێکیش متمانەیان بە ئاگادارکردنەوەکە نییە و ڕەخنەی لێدەگرێت. کەسانی دیکەش هەن باوەڕیان بە سیستەمی کۆکردنەوەی زانیارییەکان نییە. دەستەواژەی ((ئاسمانی دەروخێت)) وردە وردە کاریگەری بەجێ دەهێڵێت.

دەستنیشانکردنی ئاسەوارەکانی ئاگادارکردنەوەکە زەحمەت دەبێت کاتێك کە هیچ شتێك ڕوو نادات. ئاگادارکردنەوە کارێکی پێویستە بەڵام دەرئەنجامەکەی جێی ناڕەزاییە. وای دابنێ کە ئاگادارکردنەوەکە گشتی بووە، ئەگەرچی هەندێ جار واش نەبووە، تیرۆریستانیش بە هەمان شێوە ئاگایان لەم بارودۆخە بووە و، کات و ساتی

ڕووداوەکە بە دەستی ئەوانە، دەتوانن بیوەستێنن و بەپێی هەڵسەنگاندنیان بۆ بارودۆخە ئەمنییەکە و تێگەیشتنیان لەو هەلەی بۆیان ڕەخساوە چالاکییەکەیان ئەنجامبدەن.

ئەگەرچی لەوانەیە ئەوەی باسمان کرد بەو سانایییە نەبێت، بەڵام کەشوهەوای ئاگادارکردنەوە لە شوێنە گشتییەکاندا پێدەچێت لە بەرژەوەندی تیرۆریستەکان بێت کاتێك بارەکە خۆگونجاندن و خۆگۆڕین دەخوازێت.

لە نموونەیەکی دیکەدا، زانیاری پچڕ پچڕ دەکاتە ئاژانس و ڕێکخراوە جیاوازەکان، لەم بارودۆخەدا زانیاری پچڕپچڕ بەس نییە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان ئاگادار بکەینەوە لە مەترسی ڕوودانی ڕووداوێك، بەڵام کاتێك زانیارییەکان پێکەوە کۆدەکرێنەوە ئەوا مانا و شێوەی زانیارییە کۆکراوەکان دەردەکەون.

ئەمەش لە کاتێکدا ڕاست و دروستە کە شیکەرەوەی زیرەك و بە ئەزموون هەستێت بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەم زانیارییانە و بیانخاتە چوارچێوەی ڕاستەقینەی خۆیانەوە. دەرئەنجامەکان لێرەدا بەسن بۆ ئەوەی هاوڵاتیان ئاگادار بکرێنەوە، بەڵام ڕوونکردنەوەی سروشت و وردەکارییەکانی ئەم ئاگادارکردنەوەیە زۆر زەحمەتە بەبێ ئەوەی ئەو سیستەمە لەناو بەرین کە بەرهەمی هێناوە.

ئێمە بە هۆی شیکەرەوەکان و بیر و بۆچوونەکانیانەوە ئاگادار دەکرێنەوە بەبێ ئەوەی ڕاستی و وردەکارییەکانمان پێبدرێت. بە داخەوە ئێمە دوای لێکۆڵینەوە ڕووبەڕووی ئەو ڕاستییە دەبینەوە کە زانیارییەکان بە شێوەیەکی پچڕ پچڕ لەبەر دەستدا بوونە بەڵام لێکنەدراون و کۆنەکراونەتەوە تا بە هۆیەوە ئاگادارکردنەوە بدرێت بە هاوڵاتیان، بەهۆی نەبوونی میکانیزمێکەوە بۆ ئەو پرۆسەی لە سەرەوە باسمان کرد.

لە هەندێ حاڵەتدا زانیارییەکان شیکراونەتەوە و هەوڵدراوە بۆ ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان بەڵام بەبێ ئەنجام، بەهۆی تێکچوونی زنجیرەی دەسەڵات و بەرپرسیارێتییەوە. لە هەندێ حاڵەتدا ئەم کەموکورتییە دەستنیشان کراوە، بەڵام کاری پێویست نەگیراوەتە بەر بۆ چارەسەر کردن و بنەبڕکردنی.

بیرۆکراتیەت و بیرکردنەوە و شیکردنەوە لەسەر ئاستی ناوچەیی ئەو کۆسپ و ئاستەنگانەن کە ڕێ لە لێکدان و کۆکردنەوەی زانیارییەکان دەگرن لەگەڵ نەبوونی شیکەرەوەی شارەزا بۆ ئەو زانیارییانە.

ئەو وردەکارییانەی لەبەر دەستدان ئەوەندە ڕوون نین بتوانین بیر لەوە بکەینەوە ئاگادارکردنەوە دەربارەی ڕووداوێکی نزیك و چاوەڕوانکراو ڕابگەیەنین. بەڵام، بەبێ گرتنەبەری ڕێ و شوێنی پێویست بۆ پاراستنی سەرچاوەکان، چاودێرەکان، شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری و خودی زانیارییەکان، لەگەڵ نەبوونی میکانیزمی پەسەندکراو و باوەڕپێکراو بۆ هۆشدارکردنەوە و ئاگادارکردنەوەی هاوڵاتیان، ئەوا دەبێت بە بەردەوامی وەڵامی بارودۆخە پڕ لە دڵە ڕاوکێیەکان بە کرداری نا پتەو و ناجێگیر بدەینەوە.

هەوڵ و کۆششێکی زۆر دراوە بۆ تێگەیشتن لەو شێواز و زمانە جیاوازەی وەك ئامرازێك لەلایەن تیرۆریزمەوە بەکاردەهێنرێت. گرنگە سەرنجی ئەوە بدەین کە تیرۆریزم بە سروشتی خۆی ئەو چەمکە کۆن و مۆدێرنە لەخۆدەگرێت، واتە بەکارهێنانی شێواز و ڕێگای کتوپڕ و چاوەڕوان نەکراو و هێز و توانای ناتەقلیدی بۆ بەدەستهێنانی سەرکەوتن.

هەروەها دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە ئەنجامدانی هەر کردار و چالاکییەك لە کاتێکی چاوەڕوان نەکراو بە خێراییەکی چاوەڕوان نەکراو ڕەگەزێکی بنەڕەتیی و گرنگە بۆ سەرکەوتن. هەر ئەمەشە توانایەکی بەهێز بە تیرۆریزم دەبەخشێت بۆ چاندنی ترس و دڵەڕاوکێ دەبێت بایەخ بە هونەری پێشبینی کردنی ڕووداوی تیرۆریستی داهاتوو بدەین، ئاگاداری پێویست لە بارەیەوە ڕابگەیەنین.

دانان و بڵاوکردنەوەی دامەزراوە و چاودێری هەواڵگری پێدەچێت کردارێکی گونجاو و لەبار بێت کە تیایدا بە سەرکەوتوو دەردەکەوین، بەپێی ئەو توانست و تیماکانیەتانەی لەبەردەستدان، پێویستمان بە هەندێ لە باشترین شێوازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری هەواڵگری هەیە، بەتایبەتی لە بواری هەواڵگری مرۆییدا. هەرچەندە ئەرکێکی پڕ لە سەختیە، بەڵام هەم پێویست و هەم شایستەی ئەو باجەیە کە لە پێناویدا دەیبەخشین.

ئێستا ئێمە سەرقاڵی ئەنجامدانی ئەم ئەرکەین کە ئومێدەوارین دەستە هەڵبژێراوەکان، مەشق کردنەکان، پاڵپشتەکان، سیاسەت و ئیجرائاتەکان لە ئاستی ئەم ئەرکەدا بن. کەواتە ئێمە بەرەنگاری ئەم تەنگەژانەو تەنگژەی دیکەشە دەبینەوە کە سەرچاوەی مەترسی روون و ئاشکران لە سەر ئازادی هاوڵاتیان.

هەر چۆنێك بێت پێویستە جەخت لەسەر بەدەستهێنانی سیستمێکی پەسەندکراوی پاراستن و بەرپێگرتن و پووچەلکردنەوە و کاردانەوە بەرانبەر گرفت و تەنگژەی تیرۆریزم بکەینەوە بەبێ دەست هەلگرتن لەو بیر و باوەڕ و بنەمایانەی بە هۆیانەوە رێگای سەختیان بەرەوە دوارۆژمانی پێ دەربڕین.

ئەم ئەرکەش بە کۆمیتە و چالاکییە سەربەخۆکان یاخود بەو ئاژانس و رێکخراوانەی لەسەر ئاستی ناوچەیی کار دەکەن ئەنجام نادرێت. لە بری ئەوە دەبێت شێوازی کرداری و هەندێ شێوازی مەرکەزی لە لایەن سەرکردە پەیوەندیدار و شایستەکانەوە بگیرێتەبەر و پەیڕەو بکرێت. لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا دەبێت سەرۆك یان سەرکردایەتی ئەم ئەرکە بگرێتە ئەستۆ.

ئایا داهاتوو چی لە هەگبەیدا هەلگرتووە؟ لە باشترین حاڵەتدا دڵەڕاوکێ و نیگەرانی.

ئەگەرەکان جێی مەترسی و نیگەرانین و لەوە ناچێت چارەسەرەکان باش و یەکلاکەرەوە بن بۆ هۆکارەکانی تیرۆریزم کە خستمانە ڕوو. ئێمە بێ دوودڵی پێویستمان بە پوچەلکردنەوەی هێرشە تیرۆریستەکانە.

تەنگژەی ئێمە ئەوەیە چۆن ئەم ئەرکی پوچەلکردنەوەیە ئەنجام بدەین بەبێ ئەوەی سازش لە سەر ئەو ئازادی و بەهایانە بکەین کە شێوەی ژیانمانی دیاری کردووە.

The Dilemmas of Terrorism

Patriek M. Haphes

http://www.mrfa.org